# کۆچیرۆکەکانی
# دڵشاد مەریوانی

# کۆچیرۆکەکانی
# دڵشاد مەریوانی

**سەرپەرشتی:**

**د . ئازاد حەمە شەریف**

**هەولێر - ٢٠١٣**

**خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە**

● **کۆچیرۆکەکانی دڵشاد مەریوانی**

● سەرپەرشتی: د. ئازاد حەمە شەریف

● نەخشەسازی ناوەوە: گۆران جەمال رواندزی

● بەرگ: جێگر عەبدولجەبار

● نرخ: (٢٥٠٠) دینار

● چاپی یەکەم : ٢٠١٣

● تیراژ: ١٠٠٠ دانە

● چاپخانە: چاپخانەی موکریانی (هەولێر)

● لە بەڕێوبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٧٤)ساڵی (٢٠١٢)ی پێی دراوە.

**زنجیرەی کتێب (٦٢٣)**

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com

## ناوەرۆك


**کۆمەڵە چیرۆکی یەکەم: بە پەنجەکانم دەتبینم** ........ ١١

١- بنوون ........ ١٢

٢- ئارام.. ئارام ........ ١٤

٣- بووکە خان ........ ١٦

٤- تاڤگەی تیزاب ........ ٢٣

٥- تەرمی عەول ........ ٢٥

٦- جووجە ........ ٢٩

٧- خوێنی سپی ........ ٣٣

٨- دانهێڵ و شتی تریش ........ ٤٤

٩- سوور+ ڕەش= سەوز ........ ٥٠

١٠- قالۆنچە ........ ٥١

١١- لەودیو دەروازەوە ........ ٥٣

١٢- محازەرەیەك لە بارەی کورتە چیرۆك و سۆ وەت؟ ........ ٥٥

١٣- نە ئەم ئەو نەئەو ئەم ........ ٥٩

١٤- ماسی.. تەور.. فیووز ........ ٦١

١٥- بەرمدەن خنکام ........ ٦٥

١٦- ناسکە قسە ........ ٦٧

١٧- مامۆستا شەماڵ ........ ٦٩

**کۆمەڵە چیرۆکی دووەم: دێریاسین** ........................ ٧٧
١. بڕۆ هەر یاخی ببە ........................ ٧٧
٢. وتارێك لەبارەی مشك ........................ ٨٠
٣. سەد فلسییەك ........................ ٨١
٤. کوا باوکم ........................ ٨٣
٥. پارەی میوەکەی ئەمشەو ........................ ٨٥
٦. دێر یاسین ........................ ٨٧
٧. ئەشکەوت ........................ ٨٩

**کۆمەڵە چیرۆکی سێیەم: دڵدارانی شۆڕش** ........................ ٩٧
١- دڵدارانی شۆڕش ........................ ٩٧
٢- مامۆستا ........................ ١٠٤
٣- پیرۆت و خەرامان ........................ ١٠٧
٤- فیشەکێك ........................ ١٠٩
٥- گەوهەری کچێنی ........................ ١١٣
٦- کلۆری دارێك ........................ ١١٦
٧- مەکینە ........................ ١١٨

**کۆمەڵە چیرۆکی چوارەم: یەکەم هەنگاو** ........................ ١٢١
١- ئەی جوان ........................ ١٢٢
٢- من کوێرم ........................ ١٢٤
٣- شەو ........................ ١٢٥
٤- وتی ........................ ١٢٦
٥- چۆن بێدەنگ بم؟ ........................ ١٢٧

٦- دوا دیمەن ........................ ١٢٨
٧- یەکەم نامە ........................ ١٢٩
٨- نامەیەکی پاش مەرگ بۆ دایکێك ........................ ١٣١
٩- من دەژیم؟ ........................ ١٣٢
١٠- خەو ........................ ١٣٣
١١- جاران ........................ ١٣٤
١٢- مراخانی ........................ ١٣٥
١٣- ئەی دڵ ........................ ١٣٦
١٤- دڵۆپە ........................ ١٣٧
١٥- شەرم مەکە ........................ ١٣٨
١٦- نازدارێك و شەو ........................ ١٣٩
١٧- یەکەم ئێوارەی پیاوەتی ........................ ١٤٠
١٨- ماتەمی شارێکی خنجیلە ........................ ١٤١
١٩- خەڵکی وتیان ........................ ١٤٣
٢٠- خوای دڵداران ........................ ١٤٤
٢١- هەر ئەویشە ........................ ١٤٦
٢٢- جەژن ........................ ١٤٧
٢٣- ئاسمان.. هەتاو........................ ١٤٨
٢٤- مێشك و دڵ ........................ ١٥٠
٢٥- لە رۆژێکی ........................ ١٥١
٢٦- ژیان چییە؟ ........................ ١٥٢
٢٧- مۆتەکە-ی خەوێك ........................ ١٥٣
٢٨- دوو تابلۆی شەو ........................ ١٥٥
٢٩- سایکۆلۆجی ........................ ١٥٦

بۆ بەڕێز دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریان

سڵاو ..

بە ناوی خۆم و کچەکانمەوە (سیڤا، ڕۆزا، لۆنا) بەڕێز دکتۆر ئازاد حەمە شەریف ڕادەسپێرین بۆ ئەوەی سەرپەرشتی لە چاپدانی کتێبەکەی شەهید دڵشاد مەریوانی، کۆبەرهەمی چیرۆکەکانی بکات کە دەزگا بەڕێزەکەتان چاپ و بڵاو دەکاتەوە .

سوپاس و ڕێزمان بۆ ئەرک و ماندوو بوونی دکتۆر ئازاد و دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریان .

شیرین. ک

خێزانی شەهید دڵشاد مەریوانی

١٠ / ١٢ / ٢٠١١

# پێشەکی

دڵشاد مەریوانی مرۆڤێکی پڕ بەهرە بوو، لای ئەو سنوورێك نەبوو لە نێوان ژانرە ئەدەبییەکاندا، شیعر ماڵ و لانەی هەمیشەیی ئەو بوو، بەڵام بەردەوام سەردانی باخچەکانی چیرۆك و رۆمانیشی دەکرد و لە رێگاشدا بەرەو ئەوێ شانۆنامەی بەسەردەکردەوە و زۆرجاریش لە پەنجەرەکانی ماڵی شیعرەوە پەیامی بۆ رەخنە و لێکۆڵینەوە دەنارد.

کەسێکی فرە بەهرە بوو، ئەمە پیاهەڵدان نییە، ئەو بەرهەمانەی لە ژیانی خۆیدا بڵاوی کردونەتەوە و ئەوەی لە پاش خۆی جێی هێشتوون شایەتی بۆ ئەم راستییە ئەدەن، هەرچەندە هێشتا هەموو ئەوەی جێی هێشتوون چاپ و بڵاونەکراونەتەوە. ئەم دەقانەی لەم کتێبەشدان کۆکراوەی کۆمەڵێك چیرۆك و پەخشانی ئەدەبین کە کاتی خۆی لە میانەی چوار کتێبدا چاپکراون بەدرێژایی چەندین ساڵ کە لە ساڵانی شەستەکانەوەوە دەستپێدەکات تا دوا چیرۆك کە لە هەشتاکاندا نووسراوە، هەروەها چەندین شانۆنامە و درامای تەلەفزیۆنی نوسیووە کە نوسخەی لای من نییە، ئەگینا دەکرا ئەوانەش بەجیا، یان لەگەڵ ئەم چیرۆکانەدا چاپ وبڵاو بکرانایەتەوە.

نە ئەم کۆبەرهەمە چیرۆکە و نە کۆبەرهەمە شیعرییەکەشی ئەو دەقانەی تیادا نییە کە دڵشاد لە زمانی عەرەبییەوە وەریگێڕاون بۆ کوردی، چونکە دڵشاد چەندین دەقی چیرۆك و شانۆنامە و شیعری ئەدیبە عەرەب و بیانییەکانی وەرگێڕاوە بۆ زمانی کوردی، بەڵام ئەوانە بە پەرش و بڵاوی لە رۆژنامە و گۆڤارەکاندان یان وەکو دەستنووس هەبوون و کاتی خۆی بزربوون. تەنانەت کۆمەڵە شیعرێکی خۆی بەناوی (سەمفۆنیای وەنەوشە) وەریگێڕاوە بۆ عەرەبی و قەتیش چاپ نەکراوە.

ئەو خوێنەرەی کەمێك بە دیقەت بەرهەمەکانی (شیعر، چیرۆك، شانۆنامە وهتد..) خوێندبێتەوە هەستدەکات بەلای ئەوەوە ئەدەب بە هەموو لقەکانییەوە

ئامرازێك بووه بۆ بەرگریکردن لە مرۆڤ بەگشتی و ئینجا گەل و مرۆڤی کورد. ئەو کوڕی نەوەیەکە ئەدەبی کردبووە چەکێك بۆ بەرگری لە پێناو سەلماندنی شوناس و مانەوەدا، لەبەرئەوەیە هەندێکجار دەقەکان بارگاوی بوون بە دروشم و شێوازێکی راپۆرتئاسا، بۆیە ناکرێت خوێنەر بە پێوانەکانی ئەمڕۆ لەم کتێبە بڕوانێت و هەڵی سەنگێنێت و حوکمی بەسەردا بدات، هەرچەندە دڵشاد بۆ نەوەکەی خۆی گەلێکجار نوێخواز و تازەگەر بووە لە شیعر و چیرۆکیشدا، بەهەرحاڵ هەرچەندە دڵشاد زیاتر وەکو شاعیر ناسراوە، بەڵام ئەم چیرۆکانەی بەشێکن لە مێژووی بەرەو پێشەوەچوونی چیرۆکی کوردی و چاپکردنی لەدوو توێی کتێبێکدا کارێکی باش و پێویستە. لێرەدا پێم خۆشە پڕ بە دڵ سوپاسی (د. ئازاد حەمە شەریف) بکەم بۆ پێشنیاز و پێداگری بەردەوامی ئەو بۆ کۆکردنەوە و لە چاپدانی کۆبەرهەمی چیرۆکی دڵشاد مەریوانی شەهید و سوپاسیش بۆ دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی بۆ چاپکردنی ئەم چیرۆکانە و بە هیوام لە ئایندەدا هەموو بەرهەمەکانی تریشی بە رێکوپێکی چاپ بکرێن.

٢٥ ی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠١١

شیرین. ك

# كۆمەڵە چیرۆكی یەكەم

## بە پەنجەكانم دەتبینم

**پێشكەشە بە: هونەرمەندانی سەمای (بالێ) لە هەر شوێنێكی ئەم گێتییەدا هەن و دەبن.**

**وتەیەك:**

ئەم كۆمەڵە كورتە چیرۆكە (٢٠) كورتە چیرۆك بوو، ساڵی **١٩٧٣** درا بە بەڕێوەبەرێتی رۆشنبیری كوردی، حەڤدەی لێ هەڵبژێردرا بۆ چاپكردن بەناوی (لافاوی بیرەوەرییەكان)، كاتی خۆی هەواڵی ئامادەكردنی بۆ چاپ لە بڵاوكراوەی (رۆشنبیری نوێ)دا بڵاوكرایەوە، بەڵام هەر هەواڵ بوو هیچی تر، چونكە لە ئەیلولی **١٩٧٧**دا دایانەوە دەستم و وتیان بمانبەخشە لە چاپی نادەین.

دیارە جیاوازی ساڵی **١٩٧٣** تا **١٩٧٧** زۆرە بۆیە هەندێ كەموكورتیانم چاك كرد، دەمتوانی زۆر شت لە چیرۆكە كۆنەكان بگۆڕم، ئەمەم نەكرد، تا ئاوێتەی پلەی ئەو سەردەمەم بن (لە ڕووی هەڵبژاردنی باس و جۆری چاركردنییەوە) بەڵام لە ڕووی فۆرمەوە بەتایبەتی كورتكردنەوەی باس، هەندێكیانم گۆڕی، گۆڕینێكی شكڵی وا كە كار نەكاتە سەر ناوەڕۆك و دژوار نەبێ. هیوادارم خوێندەوارانیش ئەوە رەچاو بكەن كە ئەم كۆمەڵە كورتە چیرۆكە هی میانەی ١٤ساڵ نووسینمە لە **١٩٦٣** تا **١٩٧٧** و بەگوێرەی ساڵی نووسینیان معامەلەیەكی مەوزوعیانەی رەخنەیی لەگەڵ بكەن تا سوود لە تێبینیەكانیان وەربگرم.

**دڵشاد محەمەد ئەمین**

سلێمانی / سانەوی سەرچنار

مارت-١٩٧٨

# بنوون

دۆجێك بە پێنج نەفەر و شۆفێرەکەیەوە بەرەو بەغدا کەوتەڕێ، دوای یەکەم نوختەی پشکنین، هەموو خامۆش بوون، زۆری نەبرد هەریەکەیان خەیاڵێ هەڵێگرت بۆ لایەك کە خۆی مەبەستێتی و لەدیوی ناوەوە.

شۆفێرەکە (سەعات هەشتە، سەر سەلامەت بێ سەعات یەك دەگەڕێمەوە، دوو مانگی تر لە دەست ئەم دوو قیستەش رزگار دەبم، دەبێ بەهی خۆم، دوای ئەوە بە یەك سەفەری حەج فوول دەبم گەر خوا بە نسیبــی بکا)

نەفەری یەکەم (لە بنی لۆریەکەدا و لەژێر پاکەتە بەغداکانەوە دایدەنێم ئەم سەفەرەش بۆم دەرچێ و بگاتەجێ.. دەی بەڵکو خوا بەزەییەکی پێمدا بێتەوە دەنا لۆریەکەشی پێوە مسادەرە.. خوانەخواستە با نوقلانەی خراپ لێنەدەم.. ئای باش نییە)

نەفەری دووەم (... بەو پارچە قووماش و کیسە خەنەیەی بۆی دەبەم... دڵی دەبێ بە مێو و ڕۆن، جاری پێشوو خەتای خۆم بوو، ئەمجارە هەر دیاریەکانم ببینێ لەبن عەرزیشدا بێ نەجات خانم بۆ پەیدا دەکا.. خۆی.. نازانم خۆی کوێڕا پەکی کەوت.. بە شەرەفم کە لە سلێمانی بوو برای خۆی حەیرانی دەبوو کوێراییم دایە بۆ ئەو زەمانەیە، ئێستاش پرچی سپی دەهۆنێتەوە)

نەفەری سێیەم (.. خودا بیکردایە و بێ قەزا و قەدەر زیارەتێکی پیاوانەییم بکردایە، دەستنوێژی عەسریشم هەر لە خزمەتیدا دەکرد بەڵکو ئەم نەخۆشیەم چار بکا، خوا کەریمە.. غەوس کەم نییە، زیارەتی غەوس نیوەی حەجە، ئەم سەگبابە زۆر خێرا لێدەخوڕێ نەماندا بەقەڵبەیەکدا.. باشە..)

نەفەری چوارەم (.. قابیلە نەیگرێ؟! ئەی بۆ خەوم پێوەدی؟! خەوی من خۆڕایی نییە، بە قەبری ئەو پێغەمبەرە چیم پێیە لەسەر دایدەنێم، دەهێنێ ئەو غەزەبە ئەسپ نیە.. رەشەبایە هەموو رایسزچییەکان شێتی بوون..)

نەفەری پێنجەم (.. گرنگ نییە هۆشیار بکرێنەوە، واز لەو هەیت و هوتانە بهێنن، کەرێکم دا بەکەرێ سندان لە بندەستی دەرێ، گەر لە بنەڕەتەوە نەبێ.. ئەمانە هەمووی فشەیە.. سەگی رەش دەڕوا هی سپی دێ..)

کابرای شۆفێر رادیۆکەی کردەوە گۆمە خامۆشەکەی شلّەقاند و هەموو کەوتنەوە دیوی دەرەوەیان، نەفەری پێنجەم نەبێ کە لاوێکی بیست و پێنج سالاّن دەبوو، بەلاّم ئەوانی تر

چوارەم: ئەرێ ئەوە بۆ موسەجیلێکی تێ ناکەی؟

شۆفێر: جارێ ئیمکان نابێ، دوو قیستم لەسەر ماوە، خوا یار بێ باوکی موسەجیلیشی تێدەکەم.

سێیەم: ئەشهەد و مابیلا وایە، پیاو ئەو پیاوەیە چاوەڕوانی دەستی عەبد نەبێ.

یەکەم: وایە.. دنیا هیچە، بستێ زەوی و گەزێ جاو.

دووەم: کوڕە کێ دەلّێ ئەوەشمان بە نسیب دەبێ، پیاو هەل لە کیس نەدا.

سێیەم: بە ئیمانەوە، خوا گەورەیە، خوایە بە ڕەحمی خۆتمان لەگەلّ بکەی، ئەوەی لە خۆفی خافلّە.. موتلّەق کافرە.

چوارەم روانییە پێنجەم و پێی وت:

- ئەرێ کاکە ئەوە تۆ چیتە! هەر لەبەر خۆتەوە بۆلّە بۆلّت دێ؟!

- برای باش بۆلّەی چیم دێ؟ پاش ئەوە تۆ چیتە بەسەرمەوە؟

- (بەتووڕەییەوە) چۆن حەقم چییە؟! نەئەوەیە قسە بکەی - نەئەوەیە بە تەواوی بێدەنگ بی، ئاخر هیلاکین خەومان دێ.

- باشە چاوەکەم.. بنوون.. بنوون.. بنوون.*

* رۆشنبیری نوێ، ژمارە ٤٣-٤٤ سالّی ١٩٧٥- ناونیشانێکی تری هەیە.

## ئارام.. ئارام

گریا.. یەکەم جاری بوو لە ژیانیدا بۆ کوڕێکی چاوگەشی ئەسمەر بگری، نمە بارانی فرمێسکی چاوە سەوزەکانی لە ڕوومەت و گەردن و سنگ و مەمکەکانی دەپژاند، دوای گریانە شیرینەکەی دوو کۆتری سپی گیپن و نازدار چوونە چاوە سەوزەکانییەوە و نووستن، لەشی کفتی ئارام بۆوە، راکشا، حەزی لە گەشتی ئاسمان دەکرد، حەزەکەی بوو بە خولیا، دەستی کردە ملی شنەبای فێنك و لە شەقەی باڵیدا، ئارام ئارام فڕی، پاسارییە جرپنەکان خۆیان لە شلکەی قژی خاو و گەردنی ناسکی هەڵسوو ویس ویس.. پێیان وت:

- ئەم عەترە بۆنخۆشە چییە.. لە خۆت داوە!! کلووی هەورە سپیەکانیش هەر وایان پێ وت، ئەستێرە ساوا و لاسارەکانیش هەروایان وت، خۆی دەیزانی ئەو عەترە بۆنخۆشە هی چاوە سەوزەکانیەتی، بۆیە حەزی دەکرد، زووتر گەنجێکی چاوگەشی ئەسمەری خۆش بویستایە و بۆی بگریایە. جاران پاساری و هەور و ئەستێرەی نەدەناسی و نەیاندەناسی، شنەبای فێنك دۆستی نەبوو، بۆیە نەیدەتوانی بفڕێ، خەمی بۆ ئەو رۆژانە دەخوارد کە بێمانا و بێهوودە پێدەکەنی و هێشتا فێری ئەوە نەببوو بۆ کوڕێکی گەنجی چاوگەشی ئەسمەر بگری، گەیشتە کەنار دەریایەك، شەپۆلەکانی شیعری دڵداریان لەسەر کەنار دەنووسی و دەیانکرد بەگۆرانی بۆ ماسییەکان، بینی وا چاوگەشە ئەسمەرەکەی دەستگیرانی لەوێ دانیشتووە چاوی بەشیعری کەنار دەریاکە دەڕێژێ، ئەمیش وەکو ئەو لە شیعری دەریا زیاتر هیچی تری شك نەدەبینی تا چاوەکانی پێ بڕێژێ، هاتە لای و دانیشت، شنەبا بە هەڵمی عەتری دەریا شێدار بوو، روومەتە قوڵپەکانی زیاتر گەشەدار بوون، وەك بێچووە پشیلەیەکی تیسکنی نەرم و نۆڵی چاو سەوز لە باوەشی چاوگەشە ئەسمەرەکەدا خەپەتۆرەی کرد، ئەویش پەنجەکانی ببوون بەدە پەڕی نیان و پشە پشیان بۆ پشتمل و گەردن و نەرمەی قۆڵەکانی دەکرد،

ئارام ئارام بۆنی عەتری قژ و رووی دەکرد، ئەمیش ئارامتر خۆی لە باوەشە گەرمەکەی هەڵدەسوو، بۆنی پێستە ئەسمەرەکەی دەکرد:

- چاوگەشی ئەسمەر ئەم عەترە بۆنخۆشە چییە لە خۆت داوە؟!

- چاوسەوز گیان لەو عەترەیە کە تۆش لە خۆت داوە.

- باشە.. تۆ پاسارییە جریوەکان و کلووی هەورە سپییەکان و ئەستێرە لاسارەکان پێیان وتی....؟

- بەڵێ.. وتیان بە چاو سەوزیشمان وتووە.

- بۆچی وامان پێدەڵێن؟

- چونکە سەرمایەی جیهانی پاساری و کلووی هەور و ئەستێرە، عەتر و رووناکی و خۆشەویستین.

- خۆشم دەوێی.

-خۆشم دەوێی.

ئارامەکەیان قووڵتر دەبوو، گەرمتر لەیەکەوە ئالآن، وەك دوو پاساری دڵدار ویسە ویسیان بوو لەگەڵ یەکتر، لەپڕ گێژەڵووکەیەکی تەڵخی ئێسك گران هات و پڕی کرد بە ویسە ویسەکەیاندا و .. قسەی پاساری و کلووی هەور و ئەستێرەکانی لێ هەڵپڕوچقانن و لە جانتایەکی بۆری ئاخنین و بردی لەگەڵ خۆی.

دوو کۆترە سپی و گیپن و نازدارەکانی چاویان داچڵەکین و چاوەکانیان بەجێهێشتن، وەکو ئەوانی تر دانیان تیژ و نینۆکیان ئەستوور و تووکیان رەق و پێستیان وەك مشەمای لێدەهات گەر خێرا خۆیان رووت نەکردایەتەوە و دەستلەملان وەك دوو بووکە شووشەی شەکر خۆیان نەخستایە دەریاکەوە.

ماسییە نەرم و شلە پەڕ نەخشینەکان هاتن بە پیریانەوە، لەخۆشیدا ئەمەندەیان ماچ کردن هەتا توانەوە، کە توانەوە خەمێکی زۆر هەموو ماسی ئۆقیانووسەکانی داگرت، گریان، گریان، هەموو ماسی ئۆقیانووسەکان پێکەوە گریان ئەمەندە گریان تا.. ئارام ئارام ئاوی هەموو دەریا و ئۆقیانووسەکانیان سوێر کرد.

١٩٧٥

# بووکە خان

بووکەشووشەیەکی چاوشینی پرچ زەردی بەدەستەوە بوو، بەدەستە نەرمیلە و پەنجە وردە جوانەکانی بەرگی بووکەکەی ڕێکدەخست. جار جاریش ماچێکی کولمە سوورەکانی دەکرد و دەم و لێوە نوقلێیەکەکانی بووکەکەشی دەنا بە ڕوومەتە گەشەکانی خۆیەوە.. وەك بیەوێ ئەویش ماچی ئەم بکا.

- بووکە خانی خۆم ئاقڵە، ماچم دەکا و منی خۆشدەوێ، منیش بووکە خانم خۆشدەوێ، ئافەرم بووکە خان ئاوا ئاقڵ بە. ئینجا ئێوارە لەگەڵ دایکمدا دەچین بۆ ماڵی (سارا) بووکە جوانەکەی ئەویش دەبینین، ئێ؟ من و (سارا) پێکەوە یاری دەکەین، تۆ و بووکەکەی ئەویش پێکەوە یاری بکەن و قسەی خۆش بکەن.. نا.. نا پاڵت ناخەم با چاوەکانت دانەخەیت و نەنوویت.

لەم راز و نیازە ساکار و شیرینانەدا بوو لە ژوورەکەی ئەودیو دەنگی دایکی هات:

- شنۆ وەرە بەساقە ئەو دەرگایە بۆ دایکت بکەوە.

شنۆ بووکەکەی خستە لاوە بەدەم هەڵسانەوە پێی وت:

- بووکە خان ئاقڵ دانیشە، دایە بانگم دەکا، هەر ئێستا دێمەوە.

لەکاتی هەڵسانەکەیدا پەنجەی بووکەکەی لە کراسە پەمەییەکەی گیرا، بووکەکەی کەوت، شنۆ خێسەیەکی لێکرد و بە بێئەوەی راستی بکاتەوە چووە دەرێ، کە هاتەوە ناوەڕاستی دەرگاکەی لێگرت و هەردوو دەستە سپی و سۆڵەکانی خستە سەر کەمەری خۆی و بە گلەییەکی مناڵانەی ناسکەوە وتی:

- بووکە خان خۆ بەتەمانیت نەچم بەدەنگ دایکمەوە و هەر بەدیار تۆوە بم؟! بۆ پەنجە لە کراسەکەم گیر دەکەی؟ ئینجا خۆ دڕاندت، ئەی من نەموت ئاقڵ بە؟ تەماشا تەماشا هەردوو چاوی خۆی نووقاندووە دەڵێی هەر لەگەڵ ئەویشم نییە!! دە بەو خوایە ئێستا هەردوو دەستت لێدەستێنم تا زۆر باش ئاقڵ نەبی ناتدەمەوە...

بەگورجی چووە پێشەوە، هەردوو دەستی بووکەکەی دەرهێنا، تەماشایەکی ئەملا و ئەولای خۆی کرد بە دوو هەنگاوی خۆ تووڕە کردنەوە دەستەکانی خستە سەر مێزێك.

لەم کاتەدا دایکی هاتە ژوورێ تەماشای بووکەشووشە بێدەستەکەی کرد و زەردەخەنەیەکی ساکار گرتی.

دایکی هاتە ژوورێ:

- شنۆ دیسان بووکە خان چی کردووە وا هەردوو دەستت لێسەندووە؟

- ئاخر هەزار جار پێی دەڵێم ئاقڵ بە کەچی هەر واز ناهێنێ، کە هاتم دەرگاکە بۆ تۆ بکەمەوە دەستی گیر کرد لە کراسەکەم و دڕاندی.

بەدەم قسەکانیشیەوە پەنجە وردەکانی دەگێڕا بە دامێنی کراسەکەیدا، دایکی بووکەکەی هەڵگرتەوە و هەردوو دەستی سەر مێزەکەشی هەڵگرت بە دەم چاککردنیەوە:

-ئەمجارە لەبەر خاتری من دەستەکانی دەدەینەوە، ئیتر لەمەودوا هاروهاجی ناکا.

-دە باشە.. بووکە خان ئەوە لەبەر خاتری دایە ئەها.. ئەوە دەستەکانمان دایتەوە.

-دڵی بووکە خان زووير مەکە با خەفەت نەخوا، بووکە خانی خۆمان جوان و ئاقڵە.

* * *

ئەو رۆژە باوکی شنۆ تاقمێ قەنەفەی نوێی کڕی بوو، ئەویش لەگەڵ بووکە خان بەشادییەکی زۆرەوە لەسەریان هەڵدەقونیەوە، جارجار لەپی دەستە نەرمۆڵەکانی دەهێنا بە بەرگی قەنەفەکەدا.

- بووکە خان تۆ حەز لەم رەنگە دەکەی؟ ئەگەر سوور بووایە یان پرتەقاڵی جوانتر بوو، زەردیش بووایە هەر باشتر بوو لەم رەنگەی ئێستای، ئەمە چییە دەڵێی خۆڵەمێشە، بە بابە دەڵێین بیگۆڕێ، بەڵام کوا.. بابە قەت گوێ لە ئێمە ناگرێ هەر دەڵێ ئێوە منالن و هیچ نازانن.. ها.... هە.. بیرم کەوتەوە، تا کۆن نەبێ یان وەکو

کراس نەدڕێ ئەم ڕەنگە خۆڵەمێشیەمان بۆ ناگۆڕێ، بووکە خان دەزانی ئێمەش چی دەکەین؟ بە پێڵاوەوە لەسەر هەڵدەپەڕین تاوەکو بابە دێتەوە کۆن کۆن دەبێ، ئینجا کە چاوی پێکەوت دەڵێ کۆن بووە با بیگۆڕین، دەی...

بەجووتە پێوە خۆی هەڵدایە سەر قەنەفەکان و دەستیکرد بەهەڵبەز و دابەز تاوەکو باش ماندوو بوو، پاشان بەدەم هەنسکەوە دابەزی.

- با بزانین.

چاوێکی خشاند بە بەرگی قەنەفەکەدا، بە ساردیەکەوە بووکە خانی گرتە باوەش.

- هێشتا وەکو خۆیەتی.

کەمێکی برد وەك شتێکی بیر کەوتبێتەوە ئمێکی بۆ کرد و بووکەکەی لەسەر کەناری قەنەفەکە دانا، خۆی بە ئەژنۆوە لەبەردەمی قەنەفەکەدا چۆکی دادا و بەئەسپایی چرپاندی:

- بووکە خان فێڵێکی باشم دۆزیەوە، بۆچی نەیدڕێنین؟ وا نەبێ نایگۆڕن، دانیشە هەر ئێستا دێمەوە، گەرماوەکەمان گوێزانی زۆری لێیە.

بەهەنگاوە بچووکەکانی.. گورج رایکردە دەرێ، لەسەرەوە هاتەوە لەتێ گوێزان بە پەنجە وردەکانیەوە بریسکەی دەهات، لەبەرخۆیەوە بە هێواشی:

- بووکە خان، فێڵەکەی خۆمان، هەر ئێستا، فێڵی چاکە هەریەکەی خەتێکی تێ ئەکەین، بۆ ئەوەی هەمووی بگۆڕن .. بە وردی کەوتە گوێزان هێنان بە بەرگی یەکێك لە قەنەفەکاندا و چەند جارێك پیایدا هاتەوە تا دڕا.. کە دڕا شتێك لەژێرەوە سەرنجی شنۆی راکێشا، چاوەکانی گەش بۆوە لەژێر ئەو بەرگەی کە دڕاندی بەرگێکی سووری زبر دەرکەوت کە بەرگی دووەمی قەنەفەکە بوو، گەشەیەکی سەرکەوتن چووە رووی و بەسەرسوڕمانێکەوە:

- ئەڵڵا بووکە خان، بەمەیان نەزانیووە، ئەها چەن سوورو جوانە! بەدایە دەڵێم ئەم بەرگە ناشرینەی سەرەوەی لێبکاتەوە، بەڵام جارێ با بزانین ئەوانی تریش هەر وانە یان نا؟ نەوەکو بڵێن درۆزنن.

به پەلە کەوتە پارچەکانی تری تاقمەکە، هەر یەکی خەتێکی تێکردن، تا بەرگی دووەمیان دەرکەوت، هێشتا بە تەواوی کاری خۆی نەهێنابووە جێ، گوێی لە دەنگی قەبەی باوکی بوو:

- دایکی شنۆ، ئەرێ تاقمەکەیان هێنایەوە؟ چۆن بوو بەدڵت بوو؟

شنۆ کوڵمەکانی گەش و لێوەکانی خەنداوی.. بەبێ ئەوەی لە شادی زیاتر هەست بە هیچ شتێکی تر بکا، دەستی دایە بووکە خان و لە ژوورەکە رایکردە دەرێ، بەدەم چوونە دەرەوەیەوە گوێی لە باوکی بوو بە دایکی وت:

- خێری پێوە بێ، بابی هەشتا دینارە، سی دیناری پێشەکی دەوێ (بە شنۆ گەیشت) ها.. شنۆ ئەوە بووکە خان بۆ کوێ دەبەی؟ قەنەفەکانت نیشاندا؟

بە بێئەوەی چاوەڕوانی وەڵامی شنۆ بێ لەگەڵ دایکی شنۆدا چوونە ژوورێ، کە کەمێك چوونە پێشەوە خەتەکانیان بینی، خوێن شاڵاوی بردە سەریانەوە، باوکی شنۆ پەلاماری جێگا دڕاویەکانی دا بەدوو دەستی لەرزۆکەوە پەنجەکانی دەهێنا بەشوێن دڕاویەکاندا وەك بیانهێنێ بە برینی دەم کراوەی دڵیدا، بە قوڕگێکی پڕ و گیانێکی زەبوون و شێتەوە هاواری کرد:

- یەك دانە ساڵی رەبەقە جگەرەم تەرك کردووە، نادی ناچم، دەمی خۆم گوشیووە تا شتێ بۆ ماڵەکە بکڕم و رووڕەشی میوانێ نەبم کە هات لەسەر زەویەکە دانەنیشێ، تۆ لەکوێ بووی؟ کچێ بۆ ئاگات لەم ماڵە نییە؟ بۆ هێشتت ئەم چەتیوە سەگبابە وا بکا؟! بۆ؟

دایکی شنۆ دەمی گۆی نەدەکرد، باوکەش خۆی پێ نەگیرا و داخی ناخی خۆی تەقاند بەوەی تا توانای هەیە نەڕاندی:

- شنۆ.. شنۆ وەرە سەگبابی حیزباب، وەرە بزانم بۆ ماڵت کاول کردم!! وەرە بزانم بۆ وات لێکرد بۆ؟!

شنۆ لەم دەنگە دەنگە هاتبووە نزیکی دەرگاکەوە، کە باوکی هاواری لێکرد رەنگی بزڕکا، ئەو چاوەڕوانی شتێکی تر بوو نەك ئەم هەرایە، لە ترسی باوکی

هەنگاوەکانی قورس ببوون چاوەکانی بچووك ببوونەوە و پڕشە پڕشیان دەهات، لێوەکانی لە ترسدا دەلەرزین، قوڕگی و چاوی پێکەوە چاوەڕوانی گریانێکی نەناسراویان دەکرد، بە دەستە بچووکەکانیشی توند بووکەکەی گوشی بوو بە سنگییەوە.

باوکی خۆی پێنەگیرا داخی دڵی خۆی بە لێدانێکی توندوتیژ رشت، بەدەمیشیەوە جنێوی دەدا، لەو گەرمی تووڕەییەدا دەستێکی لەرزۆکی برد بۆ یەخەی چاکەتەکەی، دەرزیەکی سەرخڕی لێکردەوە کەوتە دەرزی ئاژنکردنی دەستە بچووك و نەرمۆڵەکانی.

- قەحپە باب، تا جارێکی تر عاری ئەوە بنێی ماڵم کاول نەکەی، خەتای دایکتە، داویەتی بەدەمتەوە.

گریان و هاوارو (توخوا بابە گیان)ی شنۆ دەرگا و پەنجەرەکانی خستبووە لەرزە، هەرکاتێ دایکی دەیویست باوکی بگرێ بە پاڵێکی بێ بەزەییانە دەیخستە لاوە و دەینەڕاند:

- تەماشاکە، دەستی چیم دەگری؟ بڕوانە تاقمی هەشتا دیناری، هێشتا هەشتا فلسیم نەداوە، لێمگەڕێ با بیکوژم.

لەم کاتانەدا بووکەکە لەژێر پێیدا ورد و خاش بوو.

❋ ❋ ❋

- دەستی شنۆ زۆر ئاوساوە، با نیشانی پزیشکێکی بدەین.

- کچێ من بەتەما بووم دوای دوو سێ رۆژ بنیشێتەوە، کەچی تا دێ خراپتر دەبێ.

- بێ قەزا بی چۆن وا لە منالێ دەدریێ؟! تۆ دەتوت شێتی.

- کچێ چی بکەم..! کە ئەو قەنەفانەم وا بینی.. هۆش و ئەقڵم ون بوو، قابیلە خۆت نامناسی من چەند شێتۆکەم لە شتی وادا؟! باش بوو هەر نەمکوشت، ئاخر منالێ چۆن دەبێ وا لاسار بێ؟!

- که وتت منالْ دەبڕێتەوە، ئەی تۆ بۆ لە خۆتناپرسی باوك چۆن وا دەبیٚ؟! گەر رووت بدایەتیٚ و گوێت لە قسەکانی بگرتایە، هەڵبەت رووی ئەوەی دەبوو بیٚ و لەگەڵ خۆتدا قسە بکا، ئەوسا پێی دەوتی ئەو رەنگە ناشرینە و بیگۆڕە، نەدەچوو لەخۆیەوە کاری وا سەربەخۆ بکا.

- ئەوانەی تۆ دەیڵێی قسەی کتێبن، ئەوەی ناویٚ، بانگی بکە و بیگۆڕە و با بیبەین بۆ لای پزیشکیٚ، ئێستا دەوایەکی بۆ دەنووسیٚ و ئاوساویەکەی دەڕەوێتەوە.

شنۆیان برد، کە چوونە لای پزیشکەکە، باوکی شنۆ باسەکەی گێڕایەوە، پزیشکەکە دوای پشکنینێکی زۆر داوای لە شنۆ و دایکی کرد بچنە دەریٚ، خۆی و باوکی شنۆ مانەوە:

- پێچ و پەنای ناویٚ، تاوانەکە لە ملی خۆتدایە، با راست بیخەمە دەستتەوە، هەردوو دەستی کچەکەت ژاراوی بوون، ئەوپەڕەکەی شەش رۆژی تر دەژی، ژارەکە دەگاتە دڵی و دەیکوژیٚ، یان دەبیٚ هەردوو دەستی ببڕینەوە یان تا شەش رۆژی تر تۆ باوکی ئەویت.

* * *

باوکی شنۆ لە ژانێکی دەروونیدا دەژیا، هەموو تەماشاکردنێکی بۆ دەستە بڕاوەکانی شنۆ مەرگێك بوو بۆ گیانی و پلیشانەوەیەك بوو بۆ ویژدانی.

دایکی شنۆ ماستی دەکرد بەدەمی شنۆوە، ماستەکە بەدەم و لووتیەوە چوو بوو، قوڵپی گریانیٚ پەلاماری ناخی باوکی دا، بەڵام زوو گرتیەوە و چاویلکەکانی لە چاو کرد تا فرمێسکەکانی نەبینن.

شنۆ بەنەرمیەکەوە دەم و پلە ماستاویە خەپانەکەی کردە دایکی:

- دەی دایە گیان تا بابە لێرەیە.. پێی بڵیٚ.

- شنۆ گیان چی پیٚ بڵێم؟

- ئەی تۆ نەتوت دەستەکانت لای باوکتە و دوایی دەتداتەوە؟! خۆ من هەموو جاریٚ خێرا دەستەکانی بووکە خانم دەدایەوە.

دایکی خۆی پێنەگیرا، گریا.. وا گریا لەگەڵ هەموو شاردنەوەیەکی گریانەکەیدا نرکەی هەر دەهات، باوکیشی ئەوەندەی توانا پێ مابوو بپرسێ:

- ئەوە چییە؟

لەگەڵ ئەوەشدا دەیزانی چ باسە، شنۆ دەم و لێوە ماستاویەکانی تێکرد:

- بابە گیان لەبەر خاتری دایکم، ئەوەتا دەگری، دەستەکانم بدەوە بەخوا ئیتر بێ حەیایی ناکەم. ئەگەر نەمدەنەوە وەك بووکە خان خەفەت دەخۆم.

ئەو کەمە توانایەی باوکی مابووی رووخا، گریانە بێدەنگەکەی ئەویش بوو بە هەنسك هەڵسا بەرەو ژوورەکەی خۆی هەنگاوی نا، تا رابکا لەم دیمەنە تاڵە.

بەدەم هەڵسانەکەیەوە، شنۆ بەبێزارییەکی زۆرەوە:

-ئۆف خوایە گیان دەستەکانم بۆ نادەنەوە؟ بەخوا ئاقڵ بووم خۆ ونتان نەکردووە؟

چەند ساتێکی نەبرد، دەنگی تەنیا ئەو فیشەکە هات کە باوکی شنۆ لە ژوورەوە شەبەقێکی پێ کردە سەری خۆی.

**تێبینی:**

* خاتوونێکی ناسیاو ئەم چیرۆکەی وەك دەست برینەوە و هیچی تر بۆ گێڕامەوە کە لە بەسرە روویداوە **١٩٧٢**.

* لە نووسەری کورد ژمارە (**٧**) نەورۆزی **١٩٧٣** بڵاوکراوەتەوە.

* لە لایەن رەووف حەسەن بەناونیشانی (أعیدوا لی ذراعی) لە ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە **٤٣**-**٤٤** لە ئەیلوولی **١٩٧٥**دا کراوە بە عەرەبی.

* ئابی **١٩٧٦** محەمەد عەبدولخالق کردویە بە ئینگلیزی.

* ساڵی **١٩٧٦** کەمال سابیر کردی بە شانۆیی و یەکەمی قوتابخانەکانی پێوەرگرت لە سلێمانی.

# تاڤگەی تێزاب

لە کورسیەکی ناوەڕاستی پاسەکەدا دانیشتبوو، ژنێك مندالّەکەی لەسەر کۆشی دانابوو، چاوەکانی دوو کوورە ئاگری نەرم بوون، دوو تاڤگەی تێزابی رەش بوون دەیڕشتنە چاوەکانی ئەمەوە.

ئەم وەك کۆماندۆیەکی پاکانەنووسی بەزیوو لای دەرگای پاسەکەوە وەستا بوو، دوو تاڤگە رەشەکە.. برژانگ و برۆ و سپێنە و رەشێنەی چاویان بەیەکەوە دەسووتان، چاوەکانی لەبەر زەبری تاڤگە رەشەکان هەلّدەهاتن.. بەسەر دەم و چاو و شان و ملی خەلّکی ناو پاسەکەدا بازیان دەدا، رایان دەکرد و لە پەنجەرەی پاسەکەوە دەرباز دەبوون.. دەپەڕینە سەر شەقامی پاس بڕ و گل دەبوونەوە. کەچی هەر لەو ساتانەدا چاوەکانی نەیاندەتوانی تا ماوەیەکی زۆر لە دەرەوەی پاسەکەدا بن.. نەیاندەتوانی لە مەداری تاڤگە تێزابەکان دەرچن و سەربەست بن بۆیە دەگەڕانەوە و بەردەوام دەسووتان.. هەلّدەقرچان.

لەپڕ وای هەست کرد پێلّووی نەماوە تا گلێنەی چاوەکانی پێ رابگرێ، وای هەستکرد پێلّووەکانی هەلّقرچاون و گلێنەکانی وەختە بکەونە خوارێ.

(ئەو).. بۆ زیاتر ئازاردانی (ئەم) بە چاوەکانی خۆی رازی نەبوو رووی کچە ساواکەیشی تێکرد، بەمە دوو تاڤگەی کرد بە چوار، چوار تاڤگەی رەشی تێزاب.

(دوو تاڤگەی یەکەم)

-مێردەکەی ئێستام دەسگیرانیشم نەبوو، توانی ئەم ساوایە و مالّێکی حەوانەم بداتێ، بەلّام ئەی تۆ.. تۆی چوار سالّ دەستگیران، جگە لە خەم و یادگاری ناسۆر چیت دامێ؟

(دوو تاڤگەی دووەم)

-دەبوایە بەتۆم بووتایە.. بابە، دەبوایە.... و ..... دەبوایە....

(ئەم) ئیتر تواناى نەما، قاچەکانى شل بوون، لەبەر تاڤگەکاندا وەستا بوو، دڵنیا بوو لەوەى پێویستە بسووتێ، چونکە فەلسەفە ئەندازیارییەکانى ئەم.. خشتە و قاڵبە دیاریکراوەکانى ئەم بەرگەى تاڤگەى نەرمى ئەو تێزابەیان نەدەگرت.

(دەبێ دەستگیرانەکەم باڵاى..... دەبڕۆ بسووتێ)

(دەبێ چاوى و دەمى و...... دەبڕۆ بسووتێ)

قاچەکانى شلتر بوون، لەوە دەچوو تێزابەکە ئێسکى تواندبێتەوە و لەشە لاوازەکەى بە شل و وڵى رانەگرێ، دەیویست بیرى لێبکاتەوە لە.... بەڵام تاڤگەکانى تێزاب مۆڵەتیان نەدەدا.

مۆخى ئێسکەکانى، چاو و گوێ و لووت و دەمى پڕ بوون لە تێزاب، گیانى سەرشار بوو، واى هەست دەکرد کە... هەموو گیانى، پاسەکە، شارەکە، زەوى، گەردوون، هەموویان لەژێر ئەو تاڤگانەدان، گەردوون و هەموو بووەکانى ناوى نوقمى تێزاب بوون تەنیا چاوەکانى نەبێ تا گەردوونى نوقم بووى تێزابى پێ ببینێ.

لەناوەوەى (ئەم)دا پێکەنین، گریان, هاوار، کپى، تێکشان، راکردن، بوورانەوە.. لە ساتێکدا تێکەڵ بوون بۆیە فریاى هیچیان نەدەکەوت، بە مەیتى مایەوە، وردە وردە دەتوایەوە تا بوو بە شلە، شلەیەکى رەشى سارد و لە دەرگاى پاسەکەوە رژایە سەر شۆستەکە، پاسەکە رۆى.. ئەمى شلەى لە کەنارى شەقامەکە بەجێهێشت و تاڤگەکانى لەگەڵ خۆیدا برد، هەتا زۆر دوور نەکەوتەوە و لە چاو ون نەبوو نەمەییەوە و نەیتوانى پێ بگرێ و..

ئابى ١٩٧٥

## تەرمی عەول

کە خۆی کرد بە ئاواییەکەدا کەسی نەدەناسی، دەمەو بانگی خەوتنان بوو، لە دالآنی مزگەوتەکەدا خۆی لێدا بە زەویدا، پاش کەمێ بەملاو ئەولایدا پشتی خۆی تەقاند، تەزبیحەکەی لە مشتووی خەنجەرەکەی قەدی کردەوە. بەپەنجە ئەستوور و زبرەکانی کەوتە بزواندنی دەنکە گەورەکانی، ریشی ئەوەندە هاتبوو خەریك دەبوو چەنە چاڵەکەی داپۆشێ، دەستێکی پێدا هێنا وەك بیرێکی تێدا دۆزیبێتەوە حەپەسا. کەوشەکانی کردە پێی و بەرەو حەوزەکە چوو بۆ هەڵگرتنی دەستنوێژێ.

*** 

جەماعەتی نوێژکەرەکان تازە ژوورەکەیان چۆڵ کردبوو. منداڵێ خۆی کرد بە ژووردا، قاپێ دۆشاو و دەستەوارەیە نانی بۆ هێنا، نانەکەی خوارد، منداڵەکە هاتەوە قاپ و سینی نانەکەی بردەوە. ئەم خەریکی پاککردنەوەی لووتی بوو کە بە دیوی ناوەوەی پشتێنەکەی سڕی. چوار پێنج گەنج خۆیان کرد بە ژووردا، بە هەموویان نەوی بوون لە دارەمەیتێك، گرژ و مۆن، بەڵام چۆن تێیان راما لە خەمبار و کۆست کەوتوو نەدەچوون. لەناو خۆیاندا مقۆ مقۆیەکیان کرد ئەم هیچیان لێ حاڵی نەبوو، یەکێکیان لێی هاتە پێشێ، دەستەکانی خۆی هەڵدەگلۆفت.

- برای میوان ئەمە شوانی ئاواییەکەمانە، خوا کەسیەتی و تۆ کە نسیبت کەوتۆتە ئێرە، خۆ تۆ هەر لێرەیت پێویست بە یەکێ لە ئێمە ناکا، هەر خێریش...

-باشە کاکی برای، لێی گەڕێن، شوان خۆشەویستی پێغەمبەرانە.

*** 

(خەم مەخۆ، بەس نییە ئێستا شوانی کەس نیت، شوان نەبوویتایە و لە دەستەودایەرەی ئاغا بوویتایە مەلای ئاوایی خۆی قورئانی بۆ دەخوێندی تا بەیانی).

دەیڕوانییە دارە مەیتەکەی بەرامبەری کە بە جاجمە شڕێ داپۆشرابوو، بە خەیاڵ دوای بیرە خەمناکەکەی خۆی کەوت، مێشکی هارە هاڕی بوو.

(شوانی کەس نەبی و کەس شوانت نەبێ، تۆ بڵێی کەس نەبێ بیر لەمە بکاتەوە! ئەی ئەم هەموو کەللەسەر و مێشك و دڵانەی ناو ئەم دنیا بەرینە ئیشیان چییە؟! چۆن هاتووین ئاوا برۆین بەبێ ئەوەی داریێ بخەینە سەر بەردێ؟! بەبێ ئەوەی...!)

چرکەیەك لە دارەمەیتەکەوە هات، خەیاڵەکەی بزرکا، کسپەی سامێ چووە دڵی، لەوە دەچوو دڵی لەپڕ خوێنی تێدا نەمابێ، بە قووڵی تێی روانی، هیچی نەدی و هەستی بەهیچ نەکرد، ماوەیەك خامۆش بوو، پاشان خەنجەرەکەی لە قەدی کردەوە، هەروەها پشتێنەکەشی، پشتێنەکەی ئاڵاند لە کڵاو و جامەدانیەکەیەوە، خەنجەرەکەی خستە ناوەندیان و نایە ژێر سەری و راکشا. زۆری نەبرد هەڵسایەوە مراخانییەکەی لە شەرواڵەکەی دەرهێنا و پاڵکەوتەوە، ئاواییەکە بەرەو کپی دەچوو. دەنگی سەگوەڕ جاروبارە لە دوور دەهات و تێکەڵ بە قیڕە قیڕی بۆقە دوورەکان دەبوون. لەپڕ دوو چرکە و جیڕەیەکی ئاشکرا لە دارەمەیتەکەوە هات، دڵی داخورپا، راست بۆوە و روانی هیچ نییە لە نێوان پەنجەرە بچکۆلەکەوە روانییە دەرەوەی مزگەوتەکە هیچی نەدی و جیڕەیەکی تر لە دارەمەیتەکەوە هاتەوە، خۆی کپ کرد، لەشی دەزوولەی دەکرد، پێستی گرژ بوو، قووڵ و بێ جووڵە چاوی بڕییە دارەمەیتەکە هیچ شتێکی پێوە دیار نەبوو، هەستی بەترسێکی نادیار دەکرد، بەندەخوێنەکەی کردەوە، چمکی مراخانییەکەی خستەوە ناو شەرواڵەکەی، پشتێنەکەی بەستەوە و خەنجەرەکەی کردەوە بەقەدیا، بە دانیشتنەوە کڵاو و جامەدانەکەی بەستەوە. زۆری پێچوو، خەو سواری سەری ببوو، ئاواییەکە بەرەو خامۆشی و کپیەکی بێ بن دەچوو، قیڕە قیڕی بۆقی دوورە دەنگ ببووە ئاوازێکی هێمنی خەو هاوردە، ئەژنۆکانی نزیکی سنگی خستەوە ئەنیشکەکانی لەسەر دانان و هەردوو باڵی کرد بەیەکدا و ناوچەوانی خستە سەر.

جومگەکانی دارە مەیتەکە چرکەیەکی تریان لێهات، سەری هەڵنەبڕی، بەڵام لەناوەوە وریا بۆوە، ریزێ چرکەی تری لەسەرخۆ بەرز بۆوە.. دیسان سەری هەڵنەبڕی، بەڵام وریاییەکی تری خستە سەر وریابوونەوەی پێشتری.

(شوانەکە قەبەیە و دارەمەیتەکەی بچکۆلەیە، نەگبەتە لە دارەمەیتەکەشدا ئیسراحەتی نییە..)

ریزێ چرکەی توندتر بەدوای یەکدا هاتن، ئەمجارە سەری هەڵبڕی.. بەڵام وەك هەموو گیانی بکەن بە پارچەیەك ئاسن ئاوا وشك و رەق بوو، وای هەست کرد پێویستی بە هەناسەش نەماوە. بیلبیلەی چاوەکانی رەق بوون و لە دوورەوە چەقی بوونە دارەمەیتەکەی لوێچێکی جاجمەکەی لەسەر لاچوبوو. مەیتەکە هەڵکێشرابوو بەرەو ژوورتر پشتی سەری خرابووە سەر تەختەی لێواری سەرەوەی دارەمەیتەکە، وای هەست دەکرد هەموو لەشی لە سرێشێکی خەست گیراوە و تەنیا تاکێکی کونەلووتی بەدەرەوەیە هەموو گیانی لەکار کەوتبوون.. مەیتەکە ئەمجارە لەبەرچاوی جووڵاو لەسەرخۆ هەڵسایە سەرپێ لە تاریکییەکەدا تەنیا ئەو مەیتە بە دەرەوە بوو لەوە دەچوو لە نێوانی بنمیچ و زەوی مزگەوتەکەدا خۆی هەڵواسیبــێ. کەوتە جووڵە ئەم نەیدەزانی پێشی مەیتەکەی لێیە یان پشتی! بەرەو لای ئەم دێ یان دەچێتە ناو دیوارەکەی بەرامبەری، لەم ساتانەدا بیری خەنجەرەکەی قەدی کەوتەوە، سرێشەکە بەریدا. ئەمجارە بەپێچەوانەوە لەشی گەرم بوو وای هەست دەکرد هاڵاوی لێ هەڵدەستێ، دەجۆشا بەڵام تەنیا لەناوەوە بێئەوەی موویەکی لەشی بجووڵێ، مەیتەکە بێ هەنگاو دەهاتە پێشێ، ئەم لەپڕ بەرەڵا بوو وەك برووسکەیەکی شێت خەنجەرەکەی لێ توند کرد.. تا مشتووەکەی تێدا نقووم کرد و هەستی بە چەقینی پەراسووەکانی کرد بە خوارووی دەستیدا، بەڵام نەیدەزانی پەراسووی سنگە یان پشت، هەر لە خێراییە بروسکەییەکەیدا رایکرد وەك وا بزانێ لە دەشتێکی پان و بەریندایە. لە بازی یەکەمدا گرێی کۆڵەکەی ناوەندی ژوورەکە لە ئێسکی کەللەسەریەوە خرچەی کردە ژوورێ و سەری شەق کرد، ئەوەندەی هەست کرد دەلەرزێ و نووزەیەك دێتە گوێی، نووزەکە هی مەیتەکە بوو زەق زەق سپی دەچۆوە و لەلایەوە کەوتبوو. زۆری نەبرد لەرزەکەی نەما سەری لە حەوزێ شلەی گەرمدا نقوم بوو.. وردە وردە مەیتەکە دوور دەکەوتەوە و رەنگە سپییەکەی بەرەو

خۆڵەمێشی دەڕۆی پاشان تۆخ، تۆختر تا ڕەش داگیرساو وەك ناوەوەی ژوورەكە ئەویش لە چاو ون بوو.

پێش مەلا بانگدان، ئاواییەكە خامۆشی خۆی لەدەستدا و كەوتە شین و شەپۆڕ بۆ مەیتەكەی عەول كە خۆی كردبوو بە مردوو تا لەگەڵ هەرزەكارانی برادەریدا میوانەكە بترسێنن، بۆ مەیتی میوانەكەشی كە هێشتا نەیاندەزانی خەڵكی كام ئاواییەیە.*

١٩٦٦

*(ئەمە یاریەكی ترسناك بوو لەگەڵێ گوندی كوردستاندا باوی بوو، میوانی غەریبیان پێ دەترساند).

# جووجه

که له قوتابخانه بوو، هەرکاتێ له رۆژەکانی پشووی بەهاردا قوتابخانەکەیان بچووایه بۆ سەیران، ئەم ئەگەرچی کچیش بوو، بەڵام بەئاسانی دەیتوانی به داری باخەکاندا سەربکەوێ، قوتابییەکان ناویان نابوو سمۆره خان، دڵی بەدارەوانیەکەی زۆر خۆش بوو، که مامۆستاکان پرسیاریان لێدەکرد حەزی دەکرد وەڵامەکەی لەسەر دارێکی لووسی بێ لقوپۆپ بێ و سەری له هەور توند کردبێ، تا پیایدا سەربکەوێ و بیهێنێته خوارێ.

* * *

لەپڕێکدا وا هەستیکرد بۆتەوه به ساوایەکی شیرەخۆره و دوو سێ کیلۆ دەبێ، جوان روانییه خۆی، دڵنیا بوو لەوەی پەنجەکانی ورد و دەستەکانی خرپن و سپی و سۆڵن، چەند هەنگاوێ له خۆی دوورکەوتەوه، تەماشایەکی قوڵی خۆی کرد... بینی وا قنگەوه دانیشتووه، قژی کورت و خاو و تەنکه، تازه گوێکانی سمراون، هێشتا ئێسکی قاچەکانی نەرم و شلن، زەردەخەنەیەك گرتی، لەزەتی له تەماشاکردنی خۆی وەردەگرت، ویستی هەستێته سەر پێ، زانی هێشتا پێی نەگرتووه، ویستی به گاگۆڵکێ بڕوا، دڵنیا بوو لەوەی هێشتا فێری گاگۆڵکێش نەبووه، هیچ سەری سووڕ نەما، چونکه به جوانی خۆی دەبینی که هێشتا زۆر ساوایه.

هەستی به برسێتی نەدەکرد، بەڵام حەزی دەکرد زوو برسی ببــێ، بگری، تا بزانێ چی دەدەنێ؟! شیری قوتو؟ به مەمکەمژە؟ قەنداغ؟ شۆربای بێ دان؟ شیری مەمکی دایکی؟ یان ژنه دراوسێ؟

... خەیاڵی (دراوسێ) چەخماخەیەکی بێدەنگ بوو، جارانی بیرخستەوه، جاران که گەوره بوو، که کچێکی شۆخ و دڵدار بوو، حەزی دەکرد جووجەی دەسگیرانی پڕی پێدا بکا، به پەنجه زبرەکانی رەزی قژه خاوەکەی بگەڕێ.. بگەڕێ بۆ هێشووی راز، به لێوه ئاگرینەکانی ختووکەی نەرمایی گوێچکەکانی بدا، دەم و لێوی به ماچ تەڕ بکا

و گەردنی بلێسێتەوە، زمانی بدا لە گۆی مەمکەکانی تا (نا)یەکی ناز وەك پاساری لە لێوەکانیەوە بەرەڵا بکا و ئاگری پێ بەربداتە دڵی جووجەی دەستگیرانی.

ئارەزووی بزووت، ویستی هەڵسێ، بە شوێن جووجەدا بگەڕێ، بزانێ ئایا لە کارگە هاتۆتەوە؟ بەدلە شینەکەی لەبەردایە؟ بەڵام نەیتوانی ببزووێ، وریا بۆوە و زانی هێشتا ساوایە و پێی نەگرتووە و گاگۆڵکێش نازانێ، ئەی ئەوە نەبوو خۆی و چوار ساوای تری بینی پێکەوە لە تەلەفزیۆنەکەدا پڕوپاگەندەیان بۆ شیری ساوایان دەکرد! پەنجە وردیلەکانی بەرز کردەوە، پەنجە گەورەی خستە دەمییەوە، مژی.. مژی.. مژی بیری جووجەی دەستگیرانی کەوتەوە، تەمومژێکی وەنەوشەیی پێچایەوە!

جووجە بەرامبەری دانیشتووە، ساوایەکی سەرخڕە، یاری لەگەڵ یەکتری دەکەن، زمان لە یەکتری دەردەهێنن، دەموپلی جووجەی ماستاوی کردووە تێر تێر پێی پێدەکەنێ، جووجە تووڕە دەبێ، دەگری، ئەمیش خێرا بە ماچ ئاشتی دەکاتەوە، لەکاتی ماچەکاندا.. ئەمیش دەموپلی ماستاوی دەبێ، ئینجا کە جووجە دەبینێ.. ئەو بەم پێدەکەنێ، بە دەست و پەنجە خەپانەکانیان دەست بۆ دەم و لووتی یەکتری درێژ دەکەن و دەتریقێنەوە، تەمومژە وەنەوشەییەکە نەما، لە مژینی پەنجەی کەوت، ئەوەی هات بەیاددا کێ دەڵێ جووجەش وەکو ئەم بۆتەوە بە ساوا؟! رەنگە ئەو نەبووبێتەوە بە ساوا و هەروەکو خۆی گەورە بێ.

کەواتە.. جووجەی دەستگیرانی لە کارگەیە، دێتەوە بۆ لای دەبینێ ئەم بۆتەوە بە ساوا، زوویر دەبێ، خەم دەخوا، خۆشی دەوێ، بەڵام بیستساڵ لەسەر گەورەبوونی ئەم ناوەستێ، ئەگەر بشوەستێ تا ئەم گەورە دەبێ ئەو پیر دەبێ، ناچارە بیرێ لە حاڵی خۆی بکاتەوە، بۆ دەستگیرانێکی نوێ دەگەڕێ، دەستگیرانە نوێیەکەی بۆ رابواردنی خۆی بە نوقورچ ئەم دەخاتە گریان، کە گریا جووجە دەیگرێتە باوەش تا ژیری بکاتەوە، لەم کاتانەدا دەستگیرانە نوێیەکە بۆ ئەوەی رقی ئەم هەڵسێنێ لەبەرچاوی ئەم جووجە ماچ دەکا، جووجە بەدەم ماچەوە ئەمی بیر دەچێتەوە، ئەمیش هیچ دەسەڵاتی نییە ئەوە نەبێ میز بکا بە باوەشی جووجەدا تا کە تەڕ بوو هەست بە بوونی ئەمیش بکا، بەڵام

جووجە کە تەڕ بوو.. پەست دەبێ و لە باوەشی خۆی دایدەگرێ، ئەمیش ناتوانێ داوای لێبوردنی لێبکا، ناتوانێ جلەکانی بۆ بشوا.. بۆیە خەم دەخوا.

ئەم خەیاڵانە دڵتەنگی کرد، بەزەیی بە بێدەسەڵاتی خۆی و جلە میزاویەکانی جووجەدا دەهاتەوە، چۆن ئاوا بە ئاسانی جووجەی لە دەست دەرچێ؟! چۆن هەموو دەسەڵاتەکەی لەو دڵداریەدا ئەوە بێ جلەکانی میزاوی بکا؟! قوڵپی گریانێ چووە گەرووی و گەر لەدەمیەوە دەرباز نەبووایە ڕەنگ بوو بیخنکێنێ، گریا.. زۆر بەکوڵ گریا، بە دەنگی بەرز گریا.

* * *

چوار باڵی ئەستوور کەوتنە ڕاوەشاندنی، بێبەزەییانە دەیانشڵەقاند، کێشیان دەکرد، خوێن لە دەمارەکانیدا هاتەوە جموجۆڵ، هەستیکرد وا وردە وردە قورس و گەورە دەبێتەوە، چاوەکانی هەڵهانی، ڕوانیە خۆی.. دەوروبەری خۆی مەبەست نەبوو، ڕاستە گەورە بۆتەوە، لە خۆشیدا گوێی نەدایە چوار پەلە قەویەکەی دەیانشەڵقاند و بەکێشیان دەکرد، لە خۆشی گەورەبوونەوە و پێگرتنەوەکەی ئەوانی مەبەست نەبوو، لە خۆشیدا گریا، گریانێکی ساکارانەی پاك، کەچی ئەوان وایاندەزانی ئەم کچە قوتابیە لە ترسا دەگری و لە مەرگ تۆقیووە.

لە ڕاڕەوەکە هەموویانی دی، جووجەش لەناویاندا وەستابوو تەکانی دایە خۆی باوەشی پێدا بکا و پێی بڵێ:

(جووجە گیان، نەبوومەتەوە بە ساوا، گەورەم، ئەها بەقەد تۆم، پێم گرتۆتەوە، کە لە کارگە هاتیتەوە خۆم ماچت دەکەم، حەز لە دەستگیرانی نوێ نەکەی، خۆم بەرگەکانت بۆ دەشۆم.. بەڵام نەیانهێشت)

ئەو لەم ڕاز و نیازەدا بوو، سنگی گەرم بوو لەوە دەچوو دوو سێ زەردەواڵە پێیانەوە دابێ، زۆری نەبرد زەردەخەنەیەکی پاك خەوی لێخست، شیر لە مەمکەکانی دەڕژا.. تا لەناو شیرە بە خەسار ڕژاوەکەدا نوست، لەناو شیرە سوورە بە خەسار ڕژاوەکەدا بۆ هەتا هەتایە چاوە جوانەکانی لێکنا.*

١٩٧٥

* (لەکۆڕێکی چیرۆك لەسلێمانی- یەکێتی مامۆستایان خوێندرایەوەو مامۆستا محەمەد ئەمین ئەحمەد رەخنە و هەڵسەنگاندنی دەربارە خوێندەوە، هەر لەلایەن رەخنەگرەوە کرا بەعەرەبی).

# خوێنی سپی
## (نموونەی – نۆڤیلێت – کوردی)

خەڵکی دێهاتەکانی ئەو دەوروبەرە دەهاتن لەو چایخانەیەدا کۆ دەبوونەوە، چاوەڕوانی ئۆتۆمبیلی شاریان دەکرد، لەوسەریشەوە کە لە شار دەهاتنەوە لە چایخانەکەدا کەلوپەلەکانیان دادەگرت پشوویان دەدا، هەندێکیان لە هاتندا گوێدرێژ و وڵاخیان دەهێنا و لە چایخانەکە جێیاندەهێشت تا لە گەڕانەوەدا کەلوپەلەکانیانی لێ بنێن و بگەڕێنەوە گوندی خۆیان، هەندێکی تر تەنیا دەهاتن و بەکۆڵ شتەکانیان دەبردەوە.

خاوەنی چایخانەکە مام ئەوڵا بوو، پیرێکی شەست ساڵانەی پشت گردی دان شاش، بەخۆی و پیرۆتی کوڕی کە مێردمنداڵێکی سیازدە ساڵان بوو.. چایخانەکەیان دەبرد بەڕێوە.

پیرۆت نزیکەی دوو ساڵ لەوەبەر لە قوتابخانەی گوندێکی نزیك چایخانەکە پۆلی شەشی سەرەتایی تەواو کردبوو، هەر هەفتەیە دوای دەرچوونەکەی دایکی مرد، مردنی دایکی و نەمانی کەسێك لە دیار باوکی وایکرد نە ئەم ئەو بەجێ بهێڵێ و نە باوکیشی حەز بکا و رێگا بدا بینێرێتە شار بۆ تەواوکردنی خوێندنەکەی.

شوێنی چایخانەکە رووتەنی بوو ژوورێك بە خشتی کاڵ لەپشتییەوە کرابوو بۆ نووستنی خۆیان، لەدەوری سەد هەنگاوێکەوە تەنیا دار هەنجیرێکیش روا بوو تاك و تەنیا دار بوو لەو جێیەدا.

❊ ❊ ❊

چایخانەکە چۆڵ ببوو، پیرۆت سەماوەرەکەی پاك کردەوە و پیاڵەکانی شت، باوکی دەستنوێژی هەڵگرت و چووە سەر بەرەدە نوێژەکە، ئەمیش دەستی بە شەرواڵەکەی وشککردەوە و لەسەر سەکۆی بەرامبەر رێگاکە دانیشت پاڵی دایەوە و چاوی بڕییە

درێژی و پێچ و لوولی ڕێگاکە تا دواین خاڵێ کە تیایدا هەردوو بەر لەیەك دەدەن و دەکوژێنەوە.

(ئوتومبیلەکەی عەزە، دێهاتییەکان بە دەستی خاڵی دەبا، ئەوپەڕەکەی جامێ ماست یان بەرچنە ترێیەك یان شتێکی ئاسایی لەو بابەتەیان پێیە، کەچی کە دێنەوە، بلوور، نوقڵ، شەکر و چا، بەرگی جوان جوانیان پێیە، شتی سەیر لە شار دێننەوە، دەمیان پڕە لە قسەی سەیر، خەڵکی سەیریان دیووە، قسەی قوتیان لەگەڵ کردوون، کەبابیان خواردووە، کۆشکیان دیووە، شتی وا باس دەکەن، داخۆ ئەم ڕێگایە چۆن بگاتە شار!! دەڵێن ئەم ڕێگایە تەواو نابێ هەزاران شار و مەملەکەت دەگەڕێ.. خۆزگە ڕێگا بوومایە شارم بدیایە، شاری تر و مەملەکەتی زۆرم بدیایە.. خۆزگە..)

هەناسەیەکی قووڵی دایەوە، چوو بە لای دارهەنجیرە تەنیاکەوە، دارهەنجیرەکە تاکە هاوڕێ و جێی متمانەی بوو، زۆرباش لە بیری بوو کە دایکی یان باوکی لێیان دەدا، رایدەکردە ژێر دارهەنجیرەکەوە، سەری دەنایە قەدەکەیەوە و باوەشی پێدا دەکرد تێر تێر دەگریا، پێرار کە دایکی مرد چوو لای دارەکەی هاوڕێی شینی خۆی گەرم کرد، زۆری لە باوکی کرد لای دارهەنجیرەکەوە بینێژێ، ئەویش بە قسەی کرد، وەك ئێستا بیری بوو جارێك یەك مووڕووی گەورەی شینی دۆزیەوە، خێرا کردی بەپەتێکەوە و چوو بەستی بە لقێکی دارەکەوە، هەروا پێوەی ماوە بە نیشانەی خۆشەویستی و هاوڕێیەتی خۆیی و ئەوی دادەنا، گەرچی کاتی خۆی دایکی وتی (بۆ چاوەزار باشە).

دەستی ئاڵاند لە قەدەکەیەوە، پیرۆت هەمیشە بە دارهەنجیرەکەی دەوت (هەنجۆ) دیار بوو هەر لە منداڵییەوە وا راهاتبوو.

(هەنجۆ گیان من و تۆ دۆستی یەکین، هەردووکمان تەنیاین لەیەك ناوچە داین، لێرە رواوین و ناتوانین بچین بۆ شار، ناتوانین ئەوانە ببینین کە ئەو کەرەستە جوانانە دروستدەکەن، تۆ گەڵاکانت زبرن و منیش لەپی دەستەکانم زبر، ئاخ هەنجۆ گیان خۆزگە منیش وەکو تۆ خوێنەکەم سپی دەبوو، تۆم بۆیە خۆشدەوێ خوێنەکەت سپییە، گەر تۆ نەبوویتایە کێ شەوگاران لە دیار باوکم دەبوو؟! من قسەم لەگەڵ کێ

بکردایه؟! خۆ کەس گوێم لێناگرێ، تا دایکم نەمرد، من قەدری تۆم بە تەواوی نەدەزانی. هەنجۆ گیان خۆزگە خوێنی منیش وەك تۆ سپی دەبوو.)

لەو ئاسمانە سپی و بێ بنەوە کلو بەفری خاو و ورد دەڕژا، دەتوت توێژی خۆی هەڵدەوەرێنێ، کە هەڵسا زەوی چیاکان سپی پۆش ببوون، تا نەهاتە دەرێ و بە ناویدا نەڕۆی نەیزانی چەند باریووە، روانییە جێگە پێیەکانی رەش نەبوون ئەوسا زانی بەم زووانە زەوی رەش نابێتەوە، حەزی لە بەفر بارین دەکرد، حەزی لە خاوێنی و رەنگە سپییە ورشە دارەکەی دەکرد، بۆیە دڵی رووناك بۆوە بە تایبەتی ئەم شەوی بە خەو و خەیاڵێکی زۆر نالەبارەوە بردبووەسەر، دایکی دیبوو لە بێشەلانێکدا هاواری دەکردێ هەڵبــێ و چایخانەکە و ژوور و دارهەنجیرەکە و بەجێبهێڵێ، ویستبووی بە قسەی دایکی بکا، بەڵام هەر لەو کاتەدا دارهەنجیرەکە ببووە دایکی و خوێنی سپی لەبەر رۆیی بوو بانگی کردبوو نەچێ بۆ شار و خوێندن، بەجێی نەهێڵێ، هەر لەو کاتەشدا دارهەنجیرەکە ببووە پەرییەکی پێگرتوو، بەرەو شاری رایکردبوو، چەند جارێ بەدەم قوڵپی هەنسکەوە راپەڕیبوو.. کەچی هەمان دیمەنی هاتبووەوە بەرچاو.

سەرمای دەرەوە و پرشەی بەفرەکە ئاهێکیان هێنایەوە بەبەریدا، کەوتە کار، ئاوی کردە سەماوەرەکە و دەستیکرد بە گەشانەوەی پشکۆکانی، داری خستە سۆپاکە و زۆری نەبرد مام ئەولای باوکیشی هات، کەوتە ئامادەکردنی قۆریەکەی.

بەفرەکە بەردەوام بوو سەری کێشایە دەرەوە بینی رێگاکەی شار کوژاوەتەوە، وەك بیری شتێکی کەوتبێتەوە بەرەو پشتی چایخانەکە هەڵهات، رووی کردە دارهەنجیر و گۆڕەکەی دایکی، جوان تێی روانین ئەوسا بە ڕاکردن گەڕایەوە چایخانەکە.

باوکی خەریکی خۆشکردنی ئاگری سۆپاکە بوو:

- کوڕم پیرۆت، دوونان تەڕ بکە برسیمە ئەمشەو زۆر سەغڵەت بووم.

- بەڵێ بابە.

دوای وەڵامدانەوەکە ئینجا بیری لەوە کردەوە، باوکی ئەمشەو سەغڵەت بووە، رەنگە دایکی چووبێتە خەوی ئەویشەوە، داخۆ چی بەو وتبێت؟!

* * *

باوکی نوێژی خەوتنانی دەکرد، لەسەر بەرماڵەکە مایەوە بەدەم وێرد و دووعاوە، ئەم وەك هەموو شەوێکی تر وێردەکەی باوکی بەلاوە ئاسایی بوو، بەڵام زۆری نەبرد هەستیکرد... باوکی ئەمشەو زۆرتری پێچوو، روانی هەردوو دەستی بەرەو ئاسمانە و هۆن هۆن فرمێسك بە چاوە سووربووەکانیدا دێتە خوارێ.

دیمەنەکەی بەلاوە زۆر نائاسایی بوو، پێرار کە دایکیشی مرد فرمێسکی وا زۆری بەڕووی باوکییەوە نەدی، هەناسەی سوار بوو، هەردوو ئەژنۆی نا بە سنگییەوە و باڵەکانی تێکهەڵکێش لەسەر دانان، لەوە دەچوو خۆی کۆبکاتەوە بۆ کارەساتێ تا بەرگەی بگرێ، نەیدەتوانی قسە بکا، خۆی کڕ کرد.

باوکی چاوەکانی سڕی و بەرماڵەکەی قەد کرد و نایە سەر ئەو دەستە نوێنەی لە بن ژوورەکەدا هەڵچنرابوون، دانیشت و چایەکی بۆ خۆی تێکرد، بەدەم تێکدانییەوە:

- کوڕم پیرۆت، من ئیختیار بووم، ئیختیاری فرمانی خوایە، هەروەکو مردنیش فرمانی خۆیەتی، بەڵام گرانە، پیر بوون و بێکەسی گرانن، مردن بۆ یەکێکی وەکو من پشوویەکە ئەو بارە گرانەم لەسەر لادەبا، بەڵام کێ دەڵێ کەی دەمرم؟ من کەنەفتی و کەساسی باوکی خۆمم دیوە تا ئەو بەرەبەیانییەی گیانی دەرچوو لەلای بووم و بەجێم نەهێشت، تۆ ئەگەر نیازت هەیە ئەم کسپەی من نەکەیتە پیشە و بڕۆی رجام وایە جێم نەهێڵی، تاکە ئادەمیزادێ من هەمبێ لەم دنیایەدا تۆی. باوکی گەرووی پڕ بوو، وەستا، پیرۆت لە سۆز و کەساسی قسەکانی باوکی زۆر خرۆشا بە پچڕ پچڕی فریا کەوت بڵێ:

- بابە گیان چۆن جێتدەهێڵم؟ کێ قسەی وای کردووە! ژیانم لەگەڵ ژیانتایە، ژیانی من... تۆ و گۆڕەکەی دایکم و ئەم چایخانەیەیە، من نیازی هیچم نییە چۆنە تۆ وا دەڵێی؟

- رۆڵە خۆی ژیان چایخانەیەکی چەپەکی سەرە رێگا نییە گەر خوا ئیمانی دامێ و پێش تەسکەرە وەرگرتنەکەی تۆ مردم، ئەوا ناتکەن بە موعیلی من و دەچی بۆ

سەربازی، شاران دەبینی، تێدەگەی ژیان هەر ئەمە نییە، بەڵام بۆ هەژاری وەکو ئێمە هەر ئەوەندەیە و خوا نەیبڕێ، تۆ هەقی خۆتە حەز بکەی بچیتە شارستانی، چونکە گەنجیت و ژیان زۆری بە بەرەوەیە و فراوانە لەبەردەمتا، خوێندەواری و پسووڵەی قوتابخانەت هەیە، ئەمشەو تا بەیانی هاوارت دەکرد (دەچم بۆ شار) کوا ڕێگای شار، هاوارەکەت ترساندمی و گریاندمی، وەك هەقتە بچیت بە سەر و سۆراغی ژیانتەوە.. هەقە تا ئەم دوو ساڵەی ماومە لە ژیاندا بەجێم نەهێڵی چونکە من کەنەفتی و کەساسی باوکی خۆم دیووە، دەزانم گەر لە دیاری نەبوومایە ئێستا چ ئازارێکی ویژدانی دڵی دەگوشیم، بۆیە هەر دڵم بەوە خۆشە کە تا توانیم تا دوایین هەناسەی خزمەتیم کرد.

- بابە گیان من حەز لە سەربازی ناکەم، چونکە لە ئێوەم دوور دەخاتەوە، راستە حەزم لە شارە، حەز دەکەم بیبینم، حەز ناکەم تیایدا بژیم، من و شاریان نەوتووە، بە ژیانی ئێرە رازیم. رووە کەنەفتەکەی باوکی گەش بۆوە، لەخۆشیدا دەستەسڕەکەی دەرهێنا بە دەستە لەرزەیەکی خێرا لووتی سڕی.

- کوڕم جا ئەوەندە شتێکی گران نییە با بکەوینە بەهار و خوێن جمان.. گەر خۆشم پێم نەکرا لەگەڵ عەزە دەتنێرمە شار. چەندی لێ بووی لێی بە، کە تاقەتت چوو وەرەوە.

پیرۆت بەم هەواڵە گەشە گرتی گەرچی بڕیاری خێرای خۆیدا کە لە ڕۆژێ زیاتری لێ نەبێ، ئەو شەوە بە ئاسوودەیی نووست بۆ یەکەمجار حەزی دەکرد بەفر بتوێتەوە و زستان بڕوا و بەهار زوو بێ چونکە جاران هیچ گوێی نەدەدایە هاتوچۆی وەرزەکان، هیچ مەبەستی نەبوو بەهار بێ یان زستان مەگەر لەبەر خاتری دارهەنجیرەکە جارجار حەزی بکردایە وەرزی هاوین درێژە بکێشێ و دۆستەکەی بەردار بێ و گەڵا و لقی سەوز بێ.

* * *

چەند ڕۆژێ بوو بەهار هەنگاوی هێنابووە ناو کەژەکانەوە، شەوی ڕابردوو بەو خەوە سەیرەی بینی لەزەتێکی نوێی دۆزیەوە، شتێکی سەیر بوو لە ژیانیدا هەستی پێنەکردبوو، شەو دوای لەزەتەکەی توند گوشیبووی بە خۆیەوە.. خەبەری بۆوە.. زۆری پێخۆش بوو، بەڵام لەگەڵ خۆشیەکەیدا ترسێکی نادیار دەروونی گرتبوو، بەرەبەیان زوو خۆی گەیاندە گۆڕەکەی دایکی گریا.. بێئەوەی بزانێ بۆ دەگری، پاشان لە هەنجۆ نزیك بۆوە:

- هەنجۆ گیان ئەمشەو بۆ بوویتە ئەو فریشتەیە! بۆ وات لێکرد؟ پێمخۆش بوو، بەڵام زۆر ترسام بە تایبەتی کە خەبەرم بۆوە بینیم چیم لێهاتووە.. هەنجۆ.. نازانم تۆ لێم زوویری یان نا! چونکە ئەمشەو چەند جارێ خۆت لێ گۆڕیم.. لەم ڕاز و گلەییانەدا بوو باوکی بانگی کردێ، ناچار گەڕایەوە بۆ چایخانەکە.

هەفتەیە دوای ئەوە بوو خەوی دووەمی دیەوە، بەڵام لەناوەندا بزرکا و لە دەنگی باوکی خەبەری بۆوە کە ئەمی هەڵسان و خۆی ڕۆی. پیرۆت ڕوانی ڕۆژ درەنگە بەڵام خەوەکەی بەلاوە مەبەست بوو هەروا بەدەم تلی ناو جێگاکەیەوە چەند جارێ دەستی هێنا بەگیانی خۆیدا و سەرچاوەی لەزەتەکەی هەڵگلۆفت هەستی کرد بەوەی گەیشتە ئاستی ئەو لەزەتەی جاری پێشوو بووی.. چەند ساتێ بوو.. خێرا هەڵسا ڕوانی بە خۆیدا سەرسام بوو، پێڵاوەکانی کرد بەسەر پێوە.. بەرەو دارهەنجیرەکە ڕایکرد، لە بنیدا دانیشت و باوەشی کرد بەقەدەکەیدا:

- هەنجۆ گیان تۆ خۆشەویستمی و بەجێت ناهێڵم، هەنجۆ ئینجا بە تەواوی بە قەدەر یەکین، هەنجۆ خوێنی منیش سپی بوو، خوێنی سپیم هەیە، جاری پێشوو دڵنیا نەبووم، بەڵام ئەمجارە با.. خۆم دیم.. هەنجۆ گیان ئێستا وەك یەکین، دۆستی یەکین، کەسی یەکین.

*** * ***

لە باوکی گەیاند کە نایەوێ بچێتە شار، بەڵام مام ئەولاَ بەوە ڕازی نەبوو وایدەزانی لەبەرئەوەی گەر بۆ ڕۆژێکیش بووە ئەم بەجێناهێڵێ دەنا خۆی حەز دەکا،

پیرۆت لە دڵەوە قسەی دەکرد و حەزی چوون بۆ شاری لە دڵدا مردبوو، ئێستا وەك جاران گوێی نەدەدایە ئەوەی رێگاکە بۆ کوێ دەچێ و شار چۆنە، تەنانەت گوێی نەدەدایە ئەو شتە جوانانەی دێهاتیەکان لە شار دەیانهێنا، ناچار نەبووایە گوێی لە قسەکانیشیان نەدەگرت.

باوکی وایدەزانی کوڕەکەی نەخۆشە، گەلێ جار دەیویست قسەی لێ دەربهێنێ و بزانێ چی دەڵێ و چییەتی، بەڵام بێ سوود بوو، بە سەرسامییەوە گوێی لە باوکی دەگرت و پاشان تێی دەگەیاند کە هیچی نییە، چۆن دەیڕوانییە ئاوێنەی دیوارەکەش هەستی بە هیچ نەدەکرد لە خۆیدا، دوایی بیرکردنەوەکانی بەوە دەشکایەوە کە رەنگە باوکی چاوی کز بووبێ، دیارە تەمەنیشی وا سەرکەوتووە شکێکی لەو جۆرەی لێبکرێ، کاتێ بەو جۆرە بیری لە باوکی دەکردەوە ئەم ترسی ئەوەی هەبوو باوکی بکەوێ و چەند ساڵێ کەنەفتی جێگا بێ، داخۆ ئەوجا چۆن دەبێتە مایەی ئازار و خەم وەك دایکی؟! داخۆ ئەوجا چ رۆژانێکی پڕ ئازار بەسەر ببا!! چەند مانگێکی نەبرد خەیاڵەکانی هاتەدی، ناوەندی هاوین بوو دەمەو ئێوارەیەك مام ئەوڵا وتی:

- کوڕم پیرۆت، کەمێ ناساغم، جێگام لە دەرەوە بۆ داخە لەوە دەچێ سەرم بیەشێ و کەمێك گەرمام بێ.

جێگەی لە دەرەوەی ژوورەکە بۆ داخست کەمێ سەری باوکی شێلا، دیاربوو هیلاك بوو، زوو خەوی لێکەوت، ئەو شەوە پیرۆت تا نزیکی بەرەبەیان نەنووست، بیری لەو ساڵانە دەکردەوە کە بەم حاڵە لەگەڵ باوکیدا دەیباتەسەر، بیری لە هەموو ئازارێکی هاتوو دەکردەوە ئەوە نەبێ کە رەنگە سەریەشەیەکی ساکار بێ و سبەی گورج و گۆڵ باوکی هەڵبسێ و بکەوێـە کار، تاریك و روون بوو ئینجا خەوی لێکەوت.

* * *

- پیرۆت.. پیرۆت.. رۆڵە پیرۆت.

وریا بۆوە هێشتا چاوی نەکردبۆوە زانی دەنگەکە ئاشنایە بە گوێی بەڵام دەنگی باوکی نییە، چاوی کردەوە بینی خاڵە باییزی چەرچیە، خێرا هەڵسا روانی باوکی هێشتا نوستووە.

- ئەریٚ ئەمڕۆ چیتان بەسەرهاتووە! وا نیوەڕۆیە و هەڵنەساون، لە کەیەوە خەوتان قورس بووە، خۆ مام ئەولاٚ هەر نەیکردبیٚ، دەڵێی لەگەڵ ئەویشم نییە.

-باوکم کەمیٚ ناساغە لێی گەڕیٚ با پشوو بدا، شەویٚ تووشی ژانەسەر ببوو.

-کوڕم هیچ نەبیٚ خەبەری بکەرەوە بەڵکە جێگاکەی بگۆڕیٚ، نەختێکی تر هەتاوەکەی دێتە سەر، یان تۆ لێی گەڕیٚ مادام ناساغە بڕۆ بەلای ئەو پیاوانەوە و سەر و چایان بکە بە دەمەوە من ئەم جێبەجێدەکەم.

- قەیناکە خۆم...

- لەسەری مەڕۆ گورج بڕۆ بەلایانەوە، من و باوکت برای یەکین.

بە گورجی بەرەو چایخانەکە رۆی، دێهاتییەکان سیان بوون و لەسەر سەکۆی دەرەوە دانیشتبوون، سلاٚوی لێکردن و دەرگاکەی بۆ کردنەوە.

- دیارە ئەمشەو شەوارەتان گێڕاوە؟

- نەوەڵڵا مام رەحیم، باوکم کەمیٚ ناساغە منیش تا درەنگانیٚ بە دیاریەوە بووم..

- ئیٚ کوڕم تۆ بۆ دەنگ ناکەی! هیچ نەبیٚ هەواڵێکی بپرسین، پەنجا ساڵە مام ئەولاٚ خزمەتمان دەکا و دۆستمانە.!

خاڵە باییز بەپرتاو خۆی کرد بە چایخانەکەدا وەك کەس نەبینیٚ پیرۆت نەبیٚ، بە خەمناکییەکی شەکەتەوە وتی:

-پیرۆت.. کوڕم باوکت فەرمانی خوای بەجێهێناوە..

* * *

ئەو رۆژەی باوکی مرد، لەکاتی ناشتنیدا روانی دارهەنجیرەکە لە بەری ئەمساڵی هەنجیرێکی گەورەی لیٚ زەرد بووە، دوو رۆژ دوای ئەوەی پرسەکەران تاك و تەرایان

مابوو جارجار دەردەکەوتن، چووە لای گۆڕەکەی دایك و باوکی و روانی بەدارهەنجیرەکەدا وا زیاد لە ٥-٦ دانەی لێ گەییوە، بە خەمناکییەکی قووڵەوە روانی بەو دەوروپشتەدا، کەمێ راما وەك نەزانێ بیر لە چی بکاتەوە، پاشان دەستی برد دەنکە زۆر گەییوەکەی لێکردەوە شیرەکەی کە ئەو پێی دەوت خوێنی سپی دڵۆپێکی بە پەنجەیدا هاتە خوارێ و پەڕیە سەر زەوی، بۆنێکی هەنجیرەکەی بە قووڵی کرد ئینجا پاکی کرد، ماچێکی کرد و گازی یەکەمی لێگرت نەختێ لە دەمیدا هێنای و بردی:

- هەنجۆ گیان ئێمەین پادشایانی ئەم ناوچە خەمناکە (روانییە گۆڕەکان) دوو دارهەنجیری لە گۆڕ نراو و دوو دارهەنجیری هێشتا بە پێوە وەستاو!! تۆ هەنجیری شیرین دەبەخشی بە من و من چای شیرین بەو خەڵکە، دەمێنین تا شیرینیمان پێ بێ، تا توانای هەڵسوکەوتمان مابێ، دوای ئەوە دەڕۆین، خەڵکیش دەڕۆن، لە جێمان دێ و لەجێیان دێ.. ئەم چیرۆکە زۆر دەخایەنێ... بەڵام تاکەی؟!

هەستی بە ماندوێتی کرد، دانیشت، مێشکی سڕ بوو:

- هەنجۆ گەر بتتوانیایە شەوان لە تەکمەوە بنووی وا شەکەت نەدەبووم، من لەم حاڵە وەڕس نیم، لە ئەنجامەکەی وەڕسم، ئەو خەڵکە لەوەتەی لە پرسەکەی باوکمدا هەستم بە بوونیان کرد، ئا لەوساوە بە تەواویی خۆشم دەوێن، چی بکەم تا ئەم بوونەی ناو ئەم چایخانەیە بەردەوام بێ! لە بیرمە باوکم دەیوت:

ژیان چایخانەیەکی چەپەکی سەرە رێگا نییە، بەڵام من لەگەڵ باوکم نیم، ئەگەر ئەو لەبەر دڵی من وای وتبـێ دەنا ژیان وایە، من بەم ژیانەم رازیم بە مەرجێ ئەم چایخانەیە بەردەوام بێ و خزمەتی رێبوارەکان بکات، وا هەستدەکەم.. ئەم دێهاتییانە دەبێ قۆناغێکی پشوویان هەبێ تا لە شار نەپچڕێن، لە شارستانی نەپچڕێن و بەردەوام دیاری جوان ببەنەوە بۆ ماڵ و منداڵەکانیان، دڵیان خۆش بکەن، وا هەستدەکەم، ئیتر نازانم بۆ؟!!

ئەم قۆناغی پشوودانەش ئەم چایخانەیەیە. دەبێ لێی بێبەری نەبن.

لەپڕ دڵی ختوورەیەکی کرد وەك دەنگێ لە ناوەوە پێی بڵێ: (ئەی کێ خزمەتی تۆ بکات)

- هەنجۆ.

(ئەو خەو و شیرینیت دەداتێ)

- بۆ ژیان لەوە زیاتر چییە؟

(گۆڕینە نەك تەنیا بەڕێوەبردن)

- گۆڕین چییە؟

(زانستیان بدەیێ، شارستانیان بۆ دروست کە، ئەم دێهاتیانە پێویستیان بەوەیە نەك چای شیرین)

- تێناگەم.

* * *

بارانێکی بەخوڕ دەباری، لە پەنجەرەکەوە تێی دەڕوانی. (پێویستیمان بە زانستی، پیشەسازی، شارستانی هەیە، ئەم قسانەم لە مامۆستاکەم هەمووی بیستووە، بەڵام هەر ئاوا قسە بوون، هیچی وای لێ حاڵی نەبووم، تێناگەم داخۆ هەر ئەو مامۆستایانە هەن کە باسی ئەو شتانەمان بۆ دەکەن یاوەکو مامۆستای تر هەن تێمان بگەیەنن ئەو شتانە چۆن دروست دەکرێن؟ چۆن بەرهەم دێن؟ چۆن دەتوانین بیانکەین؟!!) (ئەم خەڵکە پێویستییان بەوەیە ئەو شتانەیان بۆ دروست بکەن نەك چای شیرین!؟ تێناگەم، باشە ئەو خەڵکە خۆیان بۆ دروستی ناکەن؟! دیارە ئەوانیش تێناگەن.)

مامۆستاکەمان دەیوت - ئەو شتانە لە وڵاتی تر هەن، هەموو خۆشگوزەرانن- مانای ئەوەیە ئەوان تێدەگەن.. دەیزانن، ئەی بۆ ئێمە تێناگەین؟!

(... کەواتە ئەو خەڵکە.. من.. هەنجۆ.. ئەوانەی ماون پێویستیان بەوەیە تێبگەن، تاکەی تێناگەن؟! تاکەی تێنەگەم؟! تێناگەم. خۆزگە هەنجۆ وەك من خوێنی سوور دەبوو رەنگ بوو ئەوسا بیتوانیایە قسەم بۆ بکا، بەڵام هەنجۆ گیان خوێنی

سپییە، نابێ لێم زووير بێ پێویستیم بە یەکێکە خوێنی سوور بێ قسەم بۆ بکا، بەڵام چۆن؟ تێناگەم)

* * *

زستانەکە دووری کێشا، باران بەردەوام بوو، چاوەڕوانی بەهاری دەکرد.

زستانەکە دووری کێشا، باران بەردەوام بوو، دەیویست بەهار زوو بێ.

(بەهار نایەت، دەڵێی ئەویش یاخی بووە و بووە بە شتەکانی تر دەیەوێ دروستی بکەن، رەنگە مرۆڤ بتوانێ بەهاریش دروست بکا! بەڵام ئەم خەڵکە تێناگەن.. نازانن چۆن؟ منیش نازانم.. تێناگەن، من و هەنجۆ لە یەك دەچین، خوێنمان سپییە و تێناگەین، تێناگەم).*

* تێبینی: (یەکەم نووسینەوەی لە ٩٦٣/١٠/٢٤ تەواو بوو. بۆ دووەم جار تەمووزی ١٩٦٥ بە دەستکارییەکی زۆرەوە چاکم کرد. بۆ سێیەم جار ئەیلوولی ١٩٧٢ لێی رازی نەبووم و نووسیمەوە. بۆ چوارەم جار ئەیلوولی ١٩٧٧ هەندێ دەستکاری ترم کرد لە ڕووی فۆڕمەوە.)

# دانهێڵ و شتی تریش

## (١)

## دانهێڵ

دانهێڵ (ئەم وەڕسیە چییە. ئەم بێزارییە..! رەنگە هۆی.. ئا.. خۆیەتی، مانای تێدا نەماوە، کتێب، دەفتەر، قسە و باس، بیرکردنەوە، قسە و باس، بگرەوبەردەی ئەم جیهانە، رادیۆ، رۆژنامە، مەندی، کپی، قسە و باس، پیش خواردنەوە، جوونەوەی سانیە و دەقیقە و سەعات و رۆژ و مانگەکان..)

- ئای یەی.. یەی..، هەتیوو تۆ چیت داوە لەم مەخسەرەیە؟

(دە.. وەعد بێ، ئەم ئێوارەیە تەرخان بکەم بۆ کوشتنی ئەم وەڕسییەم، ناچم بۆ لای هیچ ئاوەڵێکیشم، چونکە ئەم قسە و باسە لای هەموو ئەو خەڵکە نەگبەتە هەر هەیە، ئەم ئێوارەیە تەرخانە بۆ کوشتنی وەڕسی.. دەی با بڕۆین)

هەڵسان... دوو شڵپ ئاو، بۆ سەر چاو، جل گۆڕین و بەردەمی ئاوێنەکە.

- تەماشای ئەم سمێڵ و باڵا و شان و شەوکەتە، بەڕاست گەر یەکێك ببینێ دەڵێ چی؟!

- کە هیچ نەبێ خاوەنی..

- دەی، دەڵێ، ناڵێ قیر بە قەرەسیا، با دەست بکەم بە گیرفانمدا بزانم خۆم دەڵێم چی؟

(ئەمە دە فلسییەك، پێنج فلسییەك، بیست و پێنج فلسییەکی تریش، تڕحێو گەنجێ بیست و شەش ساڵان، دەرچووی زانستگا و هەڵڵا هەڵڵا و.. شتی تریش و چل دانە فلس)

- دە قسەی قۆڕ مەکە مردووت مرێ، بەر ئاوێنەکە بەردە و وەل بە.

(ئاخر.. یەك نەفەر یازدە نەفەر بەخێو دەکا، ئەوە یازدەمین کەس داوای سەد و پەنجا فلس دەکا بۆ دەفتەر و قوتابخانە، کەچی نیانە بیدەنێ، ئەمە کەی حاڵە! کەی گوزەرانە، تاکەی ئەم خەڵکە وا ملهوور دەبن، خۆ زەلام نییە فززە بکا..)

- دەستمان پێکردەوە! وەعدەکە چی لێهات؟ براییەوە.

- ئێ باشە تەواو، وازمان هێنا.

دەرەوەی ماڵ، ملی رێگا، بە نیازی وەڕسی و بێزاری کوشتن تەماشای ئەم خەڵکە، لەژێر چەناگەیان بەرەو خوار تا پێڵاوەکانیان پاڵەوان و پەرداخ کەچی لە چەناگە بەرەو ژووریان تا تەوقی سەریان برسی، تینوو، ترسنۆك، رەجاڵ.. دەڵێی..

- بێ قسەی کتێبــی، ئەوە دووکانی عارفە، ٢٥ فلسییەکەیان بۆ جگەرە، بەڵکو وەڕسی تێدا نقووم ببێ و بێزاری لە دووکەڵەکەیدا بخنکێ.

- پێنج جگەرەی بەغدا دەکا

- حەوتی جمهوری دەکا

- یەك پاکەت شاوور دەکا (٢٥) دانە جگەرەی تێدایە

- یەکەم شاووری نییە، دووەم منیش جگەرە کێشی وا موهیم نیم و حەوت جمهوریان بەسە.

(ئای.. یەی.. یەی، جگەرەی دانهێڵێشی هەیە، دەك یادت بەخێر دانهێڵ کێشە نازدارەکەی جارانم، زەمانێك بوو لە باخچەی کۆلێج دادەنیشتین.. هەتیوو دانهێڵ نەبووایە نەیدەکێشا!)

(شیعرەکەی کابرام بیر دەخاتەوە، تۆ بە سوخمەی ئاڵ و سەوز و من بە ڕەنگی زەردەوە..، بەس من دەبێ بڵێم:

تۆ بە دانهێڵ و چارلستەوە

من بە جمهوری و قیسمی کۆنەوە

ئای.. یەعنی بێ فیلتەر. جمهوری تەخت.)

-ئەوە (٢٥) فلس بابێ دوو جگەرەی دانهێڵ با بێ.

- هەقی خۆیەتی، نیکۆتینی کەمترە و خۆشتریشە و شتی تریش، بەهۆی ئەمەوە یادی خەیاڵەکانم دەورووژێنم و وەڕسییەکەم دەکوژم، با بچمە لانەیێ بۆ خەیاڵی دانهێڵ کێشەکەم و گۆڕ بیێ بۆ ئەم وەڕسییەم.

## شتی تریش
## (٢)

(باش بوو ئەوم هاتەوە خەیاڵ، هەر بە نەفەسی یەکەم یەکسەر بۆنی قژ و پەرچەم و لامل و سینەی دەکەم، هەروا دەزانم لە باوەشمایە.. ئای دنیا، جوانێکی ئەوتۆش نەبوو، بەڵام ئێسکی سووك بوو.. ئیتر دڵی من هۆگری ببوو، ئای جەربەزە.)

-ئەوە دوانن لەوبەر شەقامەکەوە، خۆزگەم بە خۆیان.. نا.. ئەریێ ئەوە تاکەی نەبمە هاوڕێی یەکێك!! تاکەی لەتەکەی ترم نادۆزمەوە؟!!

-ها.. ها.. ها.. نەگبەت کام یەك؟! تۆ جاریێ خاوەنی خۆت نیت، بگەڕیێ بۆ جەو.. جەوێك وەڕسی تێدا بمریێ و خەیاڵی تێدا لە دایك ببیێ..

-.. بێگومان بایی پازدە فلسیش زیاتر نەبیێ، کەواتە چایخانەکەی ئەوبەر خۆت بگرە وا هاتم.

سووچی چایخانەکە و دوورکەوتنەوە لەم جیهانە گەر سەربگریێ.

- تێکی دە چای چاکە، بەس ئاگات لەم بایە بێت ئەگینا نیوەی دووکەڵەکەت لە دەم دەفڕێنیێ.

(ئەوەی لێرە دەژی تەنانەت بۆ جگەرەکێشانێکیش دەبیێ خاوەنی بیرکردنەوەی ورد بیێ.. نەخشەکێش بیێ، ئەو توانایەی بەکاریانهێنا بۆ — کۆزمۆس- لێرە دەبیێ بۆ جگەرەکێشانێك و شتی تری وەکو ئەو... بەکاری بێنیێ..)

- بیێ ئەقڵ لە ئاوی پیس و مەعدەناویدا مەلە ئاسانترە، شتی تریش هەروەکو ئەم...

- وس.. بێ قسەی کتێبــی، وەعدەکەمان چی لێهات؟! تەنیا بۆ خۆت بە، هەر ئەم ئێوارەیە.. یەعنی ئێوارەیەکیش خۆت ناگری؟

- دایگرسێنە، نەفەسی قووڵی لێبدە.. هەڵیمژە، لەگەڵ شیرینی چایەکەدا تێکەڵاوی بکە.. بەڵام ئەوە چییە.. چایەکە بەو جۆرە خۆش نییە کە من بیرم لێدەکردەوە!!

- باشی تێکبدە، بە کەوچك شەکرە ماوەکەی ناوی بخۆ، لەسەرت حیسابە، دە دانە فلست پێ داوە، ئەرێ پارە بەرگەی ئەم ژیانە ناگرێ یان ژیانەکە بەرگەی پارەکە ناگرێ؟!

- هەردووکی راستە هەریەکەیان بۆ چینێکی تایبەتی خۆی.

- بایەکە توندتر بوو، ئەوە چییە خەریکم دەرەقەتی نەیەم، با مژەکانم قووڵتر بکەم و وریاتر بم تاوەکو زەفەرم پێنەهێنێ.

- کاکی برا، مەسەلەکە زۆر لەوە قووڵترە کە بە وریایی و مژی قووڵ، دووکەڵەکە لە کیس خۆت نەدەی... ئەفەندم هێشتا دوو مژی لێداوە.. وا تەواو.. دەزانی بۆ؟

-چاك.. چاك، ئەو هەوایەی لە دەوروپشتی جگەرەکە دەگەڕێ تا بەتینتر بێ زووتر جگەرەکە تەواو دەکات، دەنا مەسەلەکە هەر لە جۆری قوومەکاندا نییە و یەك لای نییە، بەڵام گوێ مەدەیێ لەپێناوی خەیاڵی دانهێڵ کێشە نازدارەکەدا جگەرەی دووەمی پێ دادەگیرسێنم، با خەیاڵەکەم لێ تێك نەدا.. خۆ بە دوو جگەرەی بەر رەشەبا.. جگەرەیەکی کات و شوێنی بێ رەشەبایی تێدا دەبێ، ئەی چۆن.. ئاوا چاری دەکەم.. بەڵام..

سەرسامی.. بیرکردنەوە.. گرژی.. رەوینەوە و هێمنی.

- یاریەکی شەیتانانەیە.. ئەی منی بەر رەشەبا چ منێکی بەر رەشەبام پێ دادەگیرسێ هەتا بکەمە منێکی کات و شوێنی بێ رەشەبایی؟!!

- یاریەکی شەیتانانەیە.. وەکو بە جگەرە ئاسان دێتە پێشچاو ئایا بە ئادەمیزادیش وا بەئاسانیی دەکرێ؟! ئایا وەکو جگەرەکە با بڵێین بێ گیان و

بێدەسەڵاتە و رازییە بەو یارییە شەیتانانەیە. ئادەمیزادەکەش هەر وایە؟! ئەم رەشەبایە تا کەی؟! ئادەمیزادەکەش هەر وایە؟!

(ئەم مووچڕکە چییە لەشمی داگیر کردووە؟ دەڵێی زریانێ لە گیانمدا هەڵیکردووە!! با داوای چایەکی تر بکەم، بەڵام نا.. من پێنج فلس و نیو جگەرەی داگیرساوم پێیە، نیو چا نییە دەنا بانگم دەکرد).

- نیو ئادەمیزاد هەیە، چارەك هەیە.. شتی تریش هەیە، کەچی چا.. چای حیز نییە.

- (بەڕاست پێنج فلس چی دەکا؟! دەتوانم چی پێبکەم؟!)

- بەسە دەستمان پێکردەوە؟ وەعدەکەمان؟

- وەعدی چی؟

- ئەی خەیاڵی دانهێڵ کێشەکە.. رۆژانی رابردووت؟!

- نازانم دەڵێی چی.

- ئەی چی دەزانی؟! رەشەبا.. ئادەمیزاد، جگەرە؟!

-بەڵێ.. ئادەمیزاد.. لێمگەڕێ خەیاڵ تەفرەم نادا.. بەڵام ئەی پێنج فلسەکە و ئادەمیزاد؟ ئەی خۆت.

(خۆکێشانێك بە پێنجە، بەو پێنج فلسە گۆشت و ئێسك و خوێنم دەکێشم.. بەس ئەوەندە! تا ئێستا زانستی ئەوەندەی لەدەستهاتووە، دەبێ لەمەولا ئالەتە کێشەرەکان واز لە گۆشت و ئێسك و خوێن بهێنن و وایان لێبکرێ هەست و خەون و خۆزگەکانی مرۆڤ و زۆر شتی تری وا بکێشن، دەنا کێشەرەکانی ئێستا و لەم حاڵەیاندا بمێننەوە بەرگە ناگرن و پرسیارەکان بێ وەڵام دەبن.)

- کە بەرگەیان نەگرت.. کە وەڵامیان نەبوو؟

- رەشەبا بەردەوام دەبێ، مرۆڤەکان دەبنە جگەرە، بیانەوێ و نەیانەوێ یەك بەیەکتر دادەگیرسێن تا بە هەموویان تامی جگەرەیەکی کات و شوێنی بێ رەشەبایی

بدەن، بەم حاڵەش من چەند یادی دانهێڵ کێشەکەم پێ دابین کرا، ئەوانی یەك بەیەك داگیرساویش هەر ئەوەندە سەردەکەون.

- کەواتە ئەم مرۆڤایەتییە بۆ وا کرە!! دەبێ بکێشرێن تا هەست بەوە بکەن کە جگەرەن، هوشیار بنەوە لەوەی جگەرەی کات و شوێنی رەشەبان و دەبێ وا نەبن.

(دەستم هەبووایە.. دزیم دەکرد.. پێنج فلسییەکانی جیهانم کۆدەکردەوە تا ئادەمیزادەکانی ئەم سەردەمە بکێشم و تێیان بگەیەنم کە جگەرەن.. بەڵام هەر جۆرەیان هی پاکەتی تایبەتی خۆی، لە دانهێڵەوە تا.. جمهوری و تا.. شاوور و تا شتی تریش).

-بەڵام ئادەمیزاد لە هەموو مۆرکردن و خستنە پاکەتەوە مەزنترە، دەبێ نەبێتە جگەرەی بەر رەشەبا.*

١٩٧٣

* (بەیان/ ژمارە ١٥/ ١٩٧٤)

# سوور+ ڕەش= سەوز

- من تاقیکردنەوەی یەکەم بیست و چوار لە بیست و پێنجم وەرگرتووە، تەمەڵ نیم، کەچی لەم تاقیکردنەوەیەی دەوری دووەم هەر هیچم وەڵام نەداوەتەوە، نەمتوانی.

- دەزانم.. دەزانم.. بەڵام بۆ..؟

- تەمەڵ نیم، هەموو مامۆستاکان دەزانن.. تەمەڵ نیم، کوڕێکی هاوڕێم جاران لە تەنیشتمەوە دادەنیشت، ئێستا جێگاکەی چۆڵە.

- دیارە ئەوە بیرتی مەشغوڵ کردووە، قەیناکا هەوڵ دەدەم سفرەکەت بۆ پڕ بکەمەوە.

- مامۆستا سفرەکەم بەلاوە زۆر مەبەست نییە، تۆ دەتوانی سفرەکە پڕ بکەیتەوە، بەڵام کێ دەتوانێ جێگا چۆڵەکە پڕ بکاتەوە؟! پرسیارەکەی هیچ وەڵامێکی نەبوو لای مامۆستاکەی، باش بوو زەنگی لێدا و مامۆستاکە رزگاری بوو لەو ئێستە ژان گرتووە.

قوتابییەکە خەمێکی سوور لە چاوەکانیدا بوو وەك قردێلەکەی سەری گلێنەکانی بەستبوو، بەرەو کورسیەکەی پۆل گەڕایەوە و لەبەرخۆیەوە:

(پێویستم بە مامۆستایەکە، مرۆڤێکە، کەسێکە... جگە لە زمانی خوێندن و تاقیکردنەوە و نمرە.. زمانێکی تر بزانێ... زمانێکی تر بزانێ..)

مامۆستاکەی ئاگاداری هەموو شت بوو، بەڵام وای پێویست دەکرد خۆی بە دەبەنگ نیشان بدا، کچە بەرەو پۆل بۆوە، لە ڕێگا خەمی سووری چاوەکانی تێکەڵ بە خەمی ڕەشی چاوی قوتابییەکان بوو، تێکەڵ بوون و خەمێکی سەوزیان دروستکرد، بۆیە لە زەنگی دووەمدا کەوتە ناو قوتابییە کوڕەکان بە خەمە سەوزە نوێیەکەیەوە چاوی دەگێڕا بۆ قوتابییەك جگە لە زمانی خوێندن و تاقیکردنەوە و هەیت وهووت و گرمە گرم زمانێکی تر بزانێ... زمانی خەمی سەوز.*

* ژمارە ۲۲۳ ئەیلوولی ۱۹۷٤ڕۆژنامەی هاوکاری.

# قالۆنچە

زۆر منداڵ بووم، ئەو بەیانییەی باوکم مرد روانیمە جێگا چۆڵەکەی. لە نێوان فرمێسکەکانمەوە بینیم شەش حەوت قالۆنچەی گەورە و بچووك بەسەر سەرینەکەوەن ترسام و قیژاندم:

- دایە گیان ئەو قالۆنچانە بکوژە باوکمیان خوارد ئێمەش دەخۆن، پەنجەکانم بۆ جێگاکەی درێژ کردبوو هەموو گیانم دەلەرزی، دایکم هێمنی کردمەوە و بردمییە پێشترەوە، تێیگەیاندم کە لەبەرئەوەی من لە دوورەوە دیومن، وامزانیووە قالۆنچەن دەنا تۆپەڵە خوێنن و بەدەم کۆکەی پێش مردنەوە لە گەرووی باوکمەوە پەڕیوون.

❊ ❊ ❊

گەرچی پێش مردنی باوکیشم جار جار برسی دەبووم و نان نەبوو بیخۆم، دەیانخلافاندم تا بیریان دەبردمەوە یان نانیان لەناو سەبەتەی نانەکە بۆ دەردەهێنام و دەیاندامێ، بەڵام دوای مردنی باوکم جار جارەی برسی بوونەکەم زۆرتر بوون، وەم لێهات جارێك خۆم چووم شالاوم برد بۆ سەبەتەی نانەکە.. بینیم بەتاڵە و قالۆنچەیەکی تێدایە وامزانی نانەکە ئەو قالۆنچەیە خواردویێتی لەداخدا بە بەرد پانم کردەوە و کوشتم تا ئیتر نانەکەمان نەخوا و برسیم نەبێ.

لەو کاتەدا دایکم بانگی کردم، خوشکە ساواکەمی لە باوەشدا بوو. ئەوسا هەر مەلۆتکەیەکی بچووك بوو دوای مردنی باوکم هات، من خوشکم نەدەویست وامدەزانی باوکمیان گۆڕیوەتەوە بەو جیقنە گرینۆکە، کە دەمی دەنا بە مەمکە لاوازەکانی دایکمەوە ئەوەندەی تر رقم هەڵدەستا، سەرە رەشەکەی لە پشتەوە لە قالۆنچەیەکی زۆر گەورە دەچوو لە من وایە دایکم دەخوا نەك شیری مەمکەکانی، گەیشتمە بەردەمی دایکم داینیشاندم:

- کوڕم تۆ ئازایت و ناترسیت، ئێمە حاڵمان باش نییە، نانی وشکمان چنگ ناکەوێ بیخۆین، ئەم خوشکەت سەرباری هەموو کلۆڵیەکی ترمانە.

دایکم قسەی زۆر کرد من خەیاڵم لێی پچڕا تا ئەو کاتەی گوێم لێ بوو لە قسەکانیدا وتی: (لەبەرئەوە فرێی ئەدەین..) وریا بوومەوە و گوێم دایەوە قسەکانی:

-... دەیپێچم لە پارچە پەڕۆیەکەوە، تا نزیك مزگەوتەکە لەگەڵتا دێم، لەوێ لێم وەرگرە و بیبە بەردەرگای مزگەوتەکە، بڕوانە کەس چاوی لێت نەبێ، دایبنێ زەوی و رابکە، خۆ ئەگەر چاویان پێت کەوت و گرتیانی هیچ مەترسە بڵێ خوشکی خۆمە و هیلاك بووم دامنایە زەوی تا دایکم دێ، ئەوسا من یەکسەر بەرەو رووت دێم. گەر لێشت تووڕە بووم کە بۆ لەسەر ئەو زەویە داتناوە ئەوا قەیناکا تۆ بێدەنگ بە....

من خوشکەکەمم خۆش نەدەویست، بەڵام کە گوێم لەو قسانەی دایکم بوو.. ترسام، نازانم بۆ یەکسەر بە بەزەییەکەوە وتم:

- دایە گیان ئەی نامرێ؟

- نا رۆڵەکەم، خۆ هەموو خەڵك وەك ئێمە نەدار و برسی و رووت نین، ئێستا هەڵیدەگرنەوە و یەکێ دەیبا بۆ خۆی، ئەو لە ئێمە تێر و پۆشتەتر دەژی.. هەزار خۆزگەم بەخۆی.

- باشە دایە با بڕۆین..

ئیتر نانمان دەبێ، نانێکی ساغم دەدەیتێ بیخۆم؟!

دایکم وادەی دامێ و بە قسەیم کرد، کەس نەیبینیم و رامکرد، ئێستا بیرم نایەت چۆن نانێکی ساغی گەرمی ئیعاشەی بۆ پەیداکردم، بەڵام ئەوەم بیر ناچێتەوە کاتێك دەمخوارد و دەگەیشتمە لای بلقەکانی کە زۆر برژاو و رەق بوون وامدەزانی قالۆنچە دەخۆم.*

١٩٥٦

* (ئەم چیرۆکە کاتی پاکنووس کردنەوەی زۆر گۆڕا بە دەستمەوە، دڵم نەهات وا نەبێ- ١٩٧٧).

## لەودیو دەروازەوە

بەقوربانت بم بە قوربانەوە ئەڵێی سەدەفی بە دووکانەوە
پیاڵە و ژێرپیاڵە بنکەکەی خشتە تۆیان لە من کرد بە زەبری نووشتە

تەمەنی هەشت ساڵان دەبوو، لەو شەوی هاوینەدا، ئەو گۆرانییەی بە دەنگە ناسکەکەی دەچریکاند و کۆڵانەکەی دەبڕی، لەپڕ لە نێوان دەروازەیەکی دوو دەری گەورەوە کە بە گۆپکە ئاسن نەخش ڕێز کرابوو.. زەلامێکی کەتەی دەنگ گڕ دەرپەڕی.

- ئا کوڕە تۆ.. هێی هەتیو لەگەڵ تۆمە، وەرە ئێرە لەبەر ئەم دەرگایەدا گۆرانیەکەت تەواو بکە، خانم بەدڵێتی، دەفەرموێ: مەهێڵە بڕوا با گوێم لە دەنگی بێ.

منداڵەکە کەمێ ڕاما لە نێوان دەروازەکەوە کۆشك و باخێکی فراوانی بینی، هەستی بەوە کرد کەسێك هەیە لەم کۆشکەدا گرنگی پێدەدا، گەرچی نەیدەزانی ئەو کەسە کێیە، بەڵام تەنیا بەوەندە ڕازی بوو کە کەسێك هەیە لەم ڕازیە و گرنگی پێدەدات، یەکەم جار بوو لە ژیانیدا دوای مردنی دایکی هەست بەمە بکا، لەپێشەوە بەکزی... پاشان بە ڕەوانی و سادەییەکەی جارانی چریکاندییەوە.

پیاڵەو ژێرپیاڵە زەربەکەی گوڵە لە کانێسکانا هەر تۆم بەدڵە
هەر تەمێ لەسەر کێوێ ساکینە ئەوە تەم نییە هەناسەی منە

* * *

هەستی بە هیلاکی کرد، تینوێتی وا شاڵاوی بۆ هێنا برسێتییەکەی بیر بردەوە، بێدەنگ بوو، هەنگاوی هەڵهێنایەوە بڕوا، بەڵام پێش ئەوەی لاقی دووەمی بگوێزێتەوە، کابرای دەنگ گڕ:

- هەتیوو، دەبیڵێ دەنگت خۆشە، ئای خۆ خەریکە دەڕوا! بە دەم پێکەنینەوە گوایێ گاڵتەی لەگەڵ دەکا، لەپی دەستە قەبە و پەنجە ئەستوورەکانی دا بە پشت ملی منداڵەکەدا، کابرا نەیزانی لەو گاڵتەیەدا چ هێزێکی بەکارهێنا بۆیە زۆری لا سەیر بوو کە منداڵەکە لەژێر لەپی دەستیدا لەرزی و بە شلی و بووراوەیی کەوتە زەوی.

* * *

پێش ئەوەی چاوەکانی هەڵبهێنێ دەست و پەنجە لاوازەکانی گێڕا بە نوێنە نەرم و نیانەکەی ژێریدا. چاوەکانی هەڵهێنا باخ و گوڵ و بۆن عەتر بوو، فریشتەی جوان جوان بە بەرگی ئاڵ و واڵاوە زەردەخەنە بە لێوەوە تێی دەڕوانن، ئەمێکی بۆ کرد.. (کاشکا زووتر بمردمایە، ئەمە ئەو بەهەشتەیە کە دایکم پێش مردنی بۆی باس دەکردم، بە خوا خۆشە.. بەڵام هەر برسیمە!)

چاوی گێڕا فەرمان دەربکا خواردنی بۆ بهێنن کابرای کەتەی بینی. زۆر سەری سووڕما لەوەی ئەم کابرایەی بە چەپۆکی ئەمی کوشت، بەخۆ و دەنگە گڕ و لەپە قەبەکانییەوە چۆن هاتۆتە بەهەشت!! راست بۆوە تا بزانێ چی دەبینێ، دەروازەکەی بینی کە ئەم لەودیوییەوە بە برسێتی گۆرانی دەوت.

(ئەمە دنیاکەی خۆمانە و من نەمردووم، بەهەشتەکەی دایکم باسی دەکرد لەم دنیایەدا هەیە. بەڵام لەدوای دەروازەکانەوەیە و بۆ ئێمە نییە بۆ ئەوانەیە کە ئێستا دەیانبینم).

کە ئەوان لێیان دەپرسی ناوی چییە، ئەم بیری لەوە دەکردەوە کە بۆ ئەودیو دەروازەکە و ئەمدیوی جیاوازن؟ بیری لەوە دەکردەوە ئایا پێش ئەوەی خەڵکی بمرن ناتوانن هەموویان لە بەهەشتی ئاوادا بە کۆمەڵ بژین؟!*

١٩٦٥

* منداڵەکە خۆم بووم لە گەڕەکی شێخانی سلێمانی، بەڵام حەزمدەکرد کابرا بمبورێنێتەوە تا ئەودیوی دەروازەکە ببینم کەچی ئەمە رووی نەدا.

## محازەرەیەك لە بارەی كورتە چیرۆك و سۆ وەت؟ So What

بەرامبەر قوتابییەكانی دانیشت و لەوە حاڵی كردن كە محازەرەكەی ئەمڕۆیان دەربارەی نووسینی كورتە چیرۆكە، وێنەیەكی بە دەستەوە بوو تێی دەڕوانی.

پێشەكی دەبێ ئەوە بزانین كە لە كورتە چیرۆكدا، ب تایبەتی لەم سەردەمی خێرایی و جەنجاڵیەی ژیاندا، نابێ درێژدادڕیی تێدا بكرێ، چیرۆكنووس چەند كاتێكی زۆر كورتی ژیان بە دەستكاریەكی ئەوتۆوە باس دەكا بەگوێرەی فەلسەفەیەكی تایبەتی یان با بڵێین بەو مەبەستە تایبەتییەی خۆی هەیەتی دەیڕەخسێنێ و دایدەڕێژێ، لە داڕشتنی باسەكەیدا شێوەیەك پەیڕەوی دەكا كە بڕوای پێی هەیە، ئەو كارەسات و رووداو و دیاردانە بە شێوەیەك پێشكەش دەكا مەبەستەكەی خۆی تێدا روون بێتەوە بۆ خوێندەواران.

مەرج نییە چیرۆكنووسەكە تەنیا باسی رووداوێك یان كەسانێك بكا لەڕێی هەڵوێستیانەوە بەرامبەر كارێك مەبەستەكەی خۆی بدات بە دەستەوە.

بۆ نموونە (ئەو)ێك، لە وڵاتێكی شیرازەتێكچووی بار ناهەمواردا دەژی، جێگای مرۆڤی بیر پاك و خاوەن ئایدیای پێشكەوتووخوازی تێدا لەقە، دەیانەوێ سست بێ و وزەی كەم بكەنەوە، لەبەرئەوە بەڕێوەبەرانی ئەو رژێمە دەیانەوێ گەر بە لەناوبردنیش بێ، نەمێنێ، خۆ گەر كەسیش نەزانێ چۆن لەناوچووە ئەوە باشتر. (ئەو)ە كە هۆشیارە و لەم كێشەیەدا تووشی حاڵێكی نەفسی خراپ دەبێ، هەموو گیانی دەبێ بەچاو و گوێ و هەستی پێویست تا بوونی خۆی بپارێزێ.

چیرۆكنووس دەتوانێ باسی ئەو (ئەو)ە تەنیا لە شەقام پەڕینەوەیەكدا بكا و ساتەكانی پەڕینەوەی بكا بەكورتە چیرۆكێ

- چۆن؟ بە چی؟

- بەوەی.. لە شەقام پەڕینەوەكەی ئەو (ئەو)ە بەنیسبەت خەڵكەكەی ترەوە كە لەتەكییەوە دەپەڕنەوە نائاساییە بەڵكو هەر جیهانێكی تایبەتە، چونكە سەدەها

خەیاڵی ترسناك مێشكی دەجنێ، بە ئاشكرا ئۆتۆمبیلە تەرخانكراوەكان دەبینێ كە بەدوایەوەن و لە فرسەتێك دەگەڕێن تا لە پەڕینەوەیەكدا بیكەن بەژێرەوە و بگەنە مەرامی خاوەن فەرمانەكان و كەسیش نەزانێ و ئەو خەڵكەش بڵێن قەزاوقەدەر بوو.

یان نموونەیەكی تر باس بكەین لەسەر (ئەو)ێكی تر، ئەو (ئەو)ە مرۆڤێكی دەروون خاوێنە، لەبەر كەمدەرامەتی، یان گرانیی ژیان، لە ژوورێكی پەرپووتی پڕ لە سیسرك و جاڵجاڵۆكە و قالۆنچەدا دەژی، خاوەنی فەلسەفەیەكی پیرۆزە، نایەوێ زەلكاوی دووڕوویی و درۆزنی و ماستاوكردن رایماڵێتە ناو پیس و پۆخڵیەوە، كەچی رۆژانە لووتی لێدەبێ بە لووتی شەپۆلی ئەو زەلكاوەوە ناتوانێ خۆی دوورخاتەوە چونكە لە هەموو شوێنێكی ئیشكردندا هەیە.

لێرەدا چیرۆكنووس دەتوانێ چیرۆكێ لەسەر تەنیا دانیشتنێكی پێنج دەقیقەیی (ئەو)ە بنووسێ لەو كاتانەی كە لەگەڵ ٤-٥ كارگێڕی شوێن ئیشەكەیدا دانیشتووە، ئەو پێنج دەقیقەیە جیهانێكە بۆ خۆی، چونكە كارگێڕەكان هەرچی قسە و باس و خواسیان هەیە بەئاشكرا لای (ئەو)ە كە دیارە فشە و ریا و نیفاقە، بازرگانی و بەرژەوەندی و خۆپەرستنە، ناخی (ئەو)ە كە لەناوەوە شیتەڵ دەبێ و خۆی دەخواتەوە، رقی لە خۆی هەڵدەستێ.. دەیەوێ بنەڕێنێ بەسەریاندا، راستی خۆیانیان پێدا تف بكاتەوە، بەڵام.. ژیانەكەی، سیسرك و جاڵجاڵۆكە و قالۆنچەكانی ژوورەكەی پێی دەڵێن: نەكەی.. نەكەی.. برسێتی، ئاوی رووتكاندن، دەست پانكردنەوە، پلیشانەوەی ویژدان و زۆر شتی تریش چاوەڕوانت دەكەن، نەگبەت وەكو قسە ناكەی جارجار (با)یەكیان بدەیێ، گوێگرتن لێیان، سەرلەقاندن بۆیان.. گومرگە.. باجێكە چارت نییە دەبێ بیدەی.

بەمجۆرە چیرۆكنووس دەتوانێ تەنیا چەند ساتێ بكا بە كەرەسەی كورتە چیرۆكێكی.

- مامۆستا نموونەیەكی تر.

- رۆڵە نموونە زۆرە، خۆتان بیر بکەنەوە، بۆ نموونە (ئەو)ێك دەیەوێ هەناسە بدا، بژی، ئاسوودە بێ، لەزەت لە ژیان وەربگرێ، نەچەوسێتەوە، مافی مرۆڤانەی خۆی بدرێتێ، خەڵکی.. هەر هەموو خەڵکی خۆش بوێ، بەڵام ناهێڵن.. ناهێڵن.. نا.. نا.

مامۆستا دەستی بە وێنەکەوە دەلەرزی، دەنگی گۆڕا، یەکێ لە قوتابییەکان بە نەرمیەکەوە:

- مامۆستا، بۆ ناهێڵن؟

- چونکە مرۆڤە.

- بۆ ئەوانەی دەوروپشتی چین؟

- بە شکڵ نا.. لەناوەوە دڕندەن، لە هەڵوێستدا گورگن، چونکە ناهێڵن خونچەکان بگەشێنەوە.

- باشە مامۆستا، کە ئەو (ئەو)ە وا دەژی و ئەوە حاڵێتی ئیتر چ مەجبووری ئەم ژیانە نەگریسەیە؟!

- با.. لە باسەکە دەرنەچین و بڵێین ئەو (ئەو)ە چیرۆکنووسەکە خۆیەتی، تەنیا خۆی مەبەست نییە، ژیانی (نەوەکان)ی تریشی مەبەستە، دەیەوێ ئەوە لە خەڵکی بگەیەنێ کە ئەم جیهانە دڕندانەیە بگۆڕن بە جیهانێکی مرۆڤانەی ئاسوودەیی پڕ لە ئاشتی و خۆشەویستی.

- باشە وا خەڵکی تێگەیاند، ئایا ئەو تێگەیاندنە چارەیە؟! رەنگە خەڵکەکە تێبگەن، بەڵام هێشتا پێویستیان بە دەسەڵاتە بۆ چەسپاندنی ئایدیا مرۆڤانەکەیان.

قوتابییەك لە ژوور هەموویانەوە قسەی بە قوتابییەکەی تر بڕی:

- ئێ وا ئێمە تێگەیشتین: چیرۆکی کورت چییە و باسی چی دەکا و چۆن نووسەرەکەی هەڵیدەبژێرێ و دەینووسێ، بەڵام دەسەڵاتمان نییە بینووسین، تەنانەت ئەگەر دەسەڵاتیشمان بوو وەك چیرۆکنووسەکە بینووسین، دیسانەوە هەر دەسەڵاتی نووسینە و هیچی تر، یەعنی دوای ئەوەی هەموو بووین بە ئەدیب.. ئیتر چی! دوای ئەوە So What چی؟

مامۆستا گوێی باش بۆ قوتابییەکە راگرتبوو گەرچی بە قووڵی دەیڕوانییە وێنەکەی دەستی، لەبەرخۆیەوە چەند جارێك دوایین قسەی قوتابییەکەی وتەوە.. سۆ وەت؟ سۆ وەت؟ بەدەم زەردەخەنەیەکی پڕ لە خۆشەویستییەوە وێنەکەی دەستی دڕاند و بەهەمان زەردەخەنە و نەرمییەوە پارچەکانی خستە جانتاکەیەوە و بە دەم هەڵسانەوە پێی وت:

- سۆ وەتە فەندی خۆت بچکۆلەی، بەڵام قسەکانت زۆر لەوە زلترن کە خۆشت تێیان بگەی، فەرموو سبەی کە نەهاتمەوە تۆ ئەم محازەرەیە تەواو بکە، وا من سبەی نایەمەوە.

قوتابیەکانی بەجێهێشت، بۆ سبەی کە قوتابییەکان هاتنەوە پارچە قووماشێکی رەشیان بەدەرگای کۆلیجەکەوە دی، تێگەیشتن مامۆستاکەیان راستیکرد ئیتر هەرگیز نایەتەوە، بەڵام نەیانزانی (سۆ وەت) بۆ دیار نییە؟

رۆژی دوای ئەوە حاڵی بوون لەوەی (سۆ وەت)یش ناتوانێ محازەرەکە تەواو بکا، چونکە پارچە قووماشە رەشەکە ببوو بەدووان. *

١٩٧٥-١٩٧٤

* لەگۆڤاری رۆشنبیری نوێ (ژمارە ٤١ ساڵی ١٩٧٥) بڵاوکرایەوە.

# نە ئەم ئەو، نە ئەو ئەم

داخلییەکەی گرتبووە باوەش، ئەویش ئەمی گرتبووە باوەش، کەچی نە ئەم ئەوی پێ دەپارێزرا، نەئەویش ئەم.

دەرسەکان زۆر بوون، زۆر زۆر بوون، ماوەی کۆشش کردن تیایاندا کەم بوو، زۆر زۆر کەم بوو.

دەفتەر و کتێبەکانی دەگرت بە دەستەوە، هەر لەگەڵ چاوی دەخشان بە سێ، چوار رستەدا، دەنگ و هاواری منداڵە تۆپ بازەکان.. دڵیان دادەخورپاند، بە قیژە قیژ و گرمە گرم کۆششەکەیان لێ دەکرد بە قوزەڵقورت.

هەردوو تاقمەکە دەیان نەڕاند:

-ئەم هەمبۆڵە.. گۆلە، کێ بردیەوە؟.. خۆمان، کێ دۆڕاندی؟.. خۆتان.

دەفتەر و کتێبەکانی لە داخ و ترسدا فڕێ دەدا، منداڵەکان دەبەنگ بوون بیریان تەنیا لای گۆل گۆلێنەکەی خۆیان بوو، گوێیان نەدەدایە پێویستییەکانی ئێستا و هاتووی دەرس و دەور و تاقیکردنەوەکانی ئەم، لانەوازی و داخلی و دووری ئەم لە کەسوکارییەوە دوایین شتێ بوو کە بیریان لێ نەکردەوە.

❊ ❊ ❊

منداڵەکان دەبەنگ بوون، گۆڵ گۆڵێنیان لەسەر بایەکەی ئاغا دەکرد کە کاتی خۆی بەری دایەوە و بە ئاغاکەی بەرامبەری وت:

- دە فەرموو.. ئەگەر پیاوی بۆیاخی بکە.

تەنیا ئاگایان لە بۆیاخکردنی ئاغا بوو، گوێیان نەدەدایە ئاوات و خۆزگە و خەون و خەیاڵە رەنگاوڕەنگەکانی ئەم.

❊ ❊ ❊

بەردەوام کۆششەکەیان لێ تێکدەدا، هەراسان بوو، حەزی دەکرد ئەمەندە توانای هەبێ رابکاتە دەرێ، تۆپەکانیان بدڕێنێ و گوێچکەیان رابکێشێ و فێری رەوشتی

جوانیان بکا، بەڵام نەیدەوێرا و دەسەڵاتی نەبوو، منداڵەکان وەك دەبەنگ بوون.. جنێوفرۆشیش بوون، ئەم لای ئەوان نرخی لووتە پێیەکی نەبوو کە دەیاندا لە تۆپێك تا گۆلێکی زیادە بۆ خۆیان بنووسن، گوێیان لەوە نەبوو کە دەرسەکانی زۆر زۆرن و ماوەکەشی کەم کەمە.

*    *    *

بەرەبەیان زوو رایکردە لای مامۆستاکەی، شکاتی هەیت و هوتی منداڵە تۆپ بازەکانی کرد. گریا بەسەر مامۆستاکەیدا تا ئاگاداری بێ و تۆپی منداڵەکان بدڕێنێ و گوێچکەیان رابکێشێ و فێری رەوشتی جوانیان بکا، کەچی مامۆستاکەشی لەو مەسەلەی گۆل گۆلێنەدا وەك ئەم بێدەسەڵات بوو، گریا.. مامۆستاکەی گریا بەسەر ئەودا و شکاتی دەبەنگی منداڵە تۆپ بازەکانی کرد. ئەو کتێبانەی نەیاندەهێشت بیانخوێنێتەوە، گرتنی بەدەستییەوە و گەڕایەوە باوەشی ئەو داخلییەی نەئەم ئەوی پێ دەپارێزرا و نەئەویش ئەم.*

١٩٧٤

* (رۆژی کوردستان/ ژمارە ١٩-٢٠/ ساڵی ١٩٧٤)

# ماسی.. تەور.. فیووز

- ماسی ڕەمزی ئاشتی و خۆشەویستییە؟

- بەڵێ، ناسك، بەتوانا، نەرم و بەهێز، لە نێوان دوو سیفەتی بەهێزی و بەتوانایی لە هیچ شتێکدا کۆ نابنەوە لە خۆشەویستیدا نەبێ.

- ئەھ نەمووت! تۆ تەماشای کە.. بەناو ئەم ئاوە ڕۆشن و پاکەدا بەوریایی و ڕەوانی، بێ گرێ، دێ و دەچێ، گورج وگۆڵ، ڕێکوپێك بەبێئەوەی هیچی پێوە دیار بێ، هیچ هیلاکییەك.. هیچ تەتەڵەیەك لە هەڵسوکەوتیدا نابینی.

- کاتی هاتوچۆیەکەی، کە پەڕە تەنك و ناسکەکانی دەبزوێنێ واهەستدەکەم گوێم لە مۆسیقایەکی ساف و بێ گرێ و هارمۆنییە، شەپۆل شەپۆل ئەم گەردوونە پڕدەکا لە هێمنی و نازداری و خۆشەویستی و ئاسوودەیی.

- کەچی ئەو خەڵکە نەگریسە بە کەسێکی بێ عار دەڵێن: (دەڵێی ماسییە بە هیچ تەڕ نابێ) وەك نەزانن ماسی ڕەمزی چییە!

- بەڵام ئەوەت بیر نەچێ گەر یەکێ بە هیچ تەڕ نەبێ، لەبەر توانج و قسەی ڕەق و هێرش واز لە مەبەستێکی باوەڕپێکراوی خۆی نەهێنێ و ئەوانە کاری تێنەکەن.. مانای ئەوەیە ئەو کەسە ورە بەرنەدەرە و کۆڵ نادا.. واتا نەبەردە.

- زۆر شت لنگەوقووچ تەماشای دەکرێ، یاغنیشی باوێتی، (مەڕ... قەلەموون).. با بڕۆین.

وەکو سێ تۆپی فرمێسکین بە تەختی بازاڕەکەدا هاتنەخوارەوە. یەکەم دووکان، خاوەنەکەی لووت زلێکی ئاوڵاوی بوو، باوێشکێکی زل لەوسی کردبۆوە، کەلاوەکانی دەمی دەرکەوت و زمانە بچکۆلەی وەك سواڵکەرێکی ریوەڵە لە نێوانی گەروویدا هەڵدەلەرزی.

دووەم، پەنجەیەکی کردبوو بە لووتیدا بە تێدابادانەکەی لەوە دەچوو بیەوێ برغوویەکی رزیووی بن چاوی هەڵبکێشێ.

سێیەم، باقیاتی تۆپەڵێکی لە دەمیدا دەهێنا و دەبرد، بە چاوە هەڵئاوساوەکانیشی زەویەکەی دەپشکنی بۆ شوێنێکی پاك رۆی تا بکاتە سەری.

چوارەم، دەستی چەپی گرتبوو بە دیوارێکەوە، پەنجە گەورەکەی دەستی راستی خستبووە سەر پەڕەیەکی لووتی فمێکی وای کرد هەرچی هەوای هەردوو سییەکانی هەیە دەربازی کردە تەکییەوە.

پێنجەم، بە پانایی پەنجەی چەپکێ سمێڵی خۆی خستبووە ژێر دانییەوە، مووە زیادەکانی دەقرتاند.

شەشەم، خەو ملی شل دەکرد و سەری دەنایە سەرشانی خۆی. بە تەکانێ سەری دەگەڕانەوە جێی خۆی.

حەوتەم و هەشتەم، سوێندی قەبە قەبەیان بۆ مشتەرییەکانیان دەخوارد و نەرمەکۆکە و زەردەخەنەی بێ گیانیان دەکردە مەزە.

نۆیەم، دەستی لە پاشکۆی دابوو، دەیخوراند.

دەیەم، برغووەکە، یازدەم.. فمێکی تر، دوازدەم.. برۆ شاشەکانی هەڵدەکاند، سیازدەم.. بنباڵی هەڵدەکراند، چواردە.. پازدە....

گەیشتە سەر شەقامەکە، پۆلیسی هاتوچۆ، ئۆتۆمبیلی دەنگ ناساز، سەعاتە زلەکە چواری سەر لەئێوارەی لێدا، بوو بەپێنج و لای دا ئەمان هەر وەستابوون و ئۆتۆمبیلێ فریانەکەوتن. پاسێك وەك پیرەژنێکی لەرزۆك و قەبە بەدیارکەوت، توانی لە تەنیشتەوە قووتیان بدا گەرچی ئینتەلاشی کردبوو.

* * *

بۆگەنی دەمولووت، بۆدڕنی چڵك و عەرەق و شتی تر رێگای لە گەنجێ نەگرتبوو کە بگوشرێ بە ئافرەتێکی کەفەڵ پانەوە، پیاوێکێش بە مێردمنداڵێکەوە، کچێکی چرۆ بە کوڕێکی چرۆترەوە، پیرێك بە گەنجێکەوە، رۆژنامە بەدەستێکیش بە بۆنەی دەستگرتنەوە پێشی خۆی دادابووە سەر قۆڵی رووتی ئافرەتێکی دانیشتووی سکپڕ.

- جێ زۆرە تکایە بچنە ناوەوە، کێ نەیبڕیووە؟

پاسەکە لە لووتی یەکەمی ساحەی (تەحریر) رزگاری کردن و هەڵیهێنانە سەر شۆستەکە، هەڵوێستەیەکیان کرد و خۆیان کرد بە گەرووی شەقامی (ئەبونەواس)دا.

بۆنی ماسییە برژاو و سوورەوەکراوەکان تەکانی دایە لووتیانەوە

-ها.. ها هەمە ها، بیرتان چوو بڵێن: ماسی وەك رەمزی ئاسوودەیی و خۆشەویستییە.. گۆشتەکەشی بەلەزەت و خۆشە.

- .............

- .............

- دەزانم ئەوکاتە برسیتان نەبوو، تێر ئاگای لە برسی نییە، ئەی برسی ئاگای لە چی نییە؟!

- برسی ئاگای لە خێر نییە، دەتەوێ وا بۆت تەواو بکەم؟ بەڵام تۆ هەقتە، برسێتی گەر لە سنووری تەحەموول کردندا بێ.. ئەوە لایتە.. تیشکە.. زۆر شتی لەوەپێش نەبینراوی پێ دەبینی. خۆ ئەگەر لە سنووری تەحەموول کردندا نەما.. ئەوە ترسناکە، فیووزی دەسووتێ و هەموو لایتەکانی تریش لەگەڵ خۆیدا دەکوژێنێتەوە، هەموو گڵۆپەکانی ژیری و خێر و بەزەیی سکووت پێدەکات.

- ماسی زۆر بێوەیە، کەچی بڕوانن چۆن بە زیندوویی بە تەور دەیتلیشێننەوە.

- ئەم گێتییە پڕ تەورە، دەزانی ئەم تەورە چەند شتی قەباعەتی کردووە؟! مێشکی پژاندووە، ئێسکی شکاندووە، خوێنی رژاندووە نەك ئاو.

- باشە ئێمە بۆ توانای ئەوەمان نەبێ وەك ئەو خەڵکە ماسی بخۆین؟! چیمان لەوان کەمترە؟!

- چیمان کەمترە!! برالە ئەو باسە کۆن بوو وا بۆی مەچۆ، ئەی برسی و رووتەکانی سەر شۆستەکەی غەوزی گەیلانی چییان لە ئێمە کەمترە؟

- گرنگ ئەوەیە ئەم گێتییە پڕ گورگ و تەورە.. گێتیی ماسی بێوەی نییە.

- براله زۆر هەڵەی، ماسی بێوەیە.. بەڵام سەرکەوتنیش هەر بۆ ئەوە، ئەمڕۆ برسێتییەکی تەحەمووڵ نەکراو بەرپایە.. فیووز سووتاوە بۆیە لە تۆ وایە هەموو گڵۆپەکان سکووت بوون.

- ئەی چی؟ تاکەی؟

- هەڵە مەبە، بزانە لە کوێی ئالەتە ئەساسییەکەدا ناتەواوی هەیە و هۆیە بۆ فیووز سووتاندن.. ئەوسا دوای چاککردن فیووزەکە دەگۆڕرێ و هەموو گڵۆپەکان هەڵدەبن.

-یەعنی عیللەتەکە لای گڵۆپەکان نییە؟

- بەڵێ گڵۆپەکان بێتاوانن، بۆیە لەدایکبوون تا رووناك بن، داگیرسێن.. تاوانیان چییە کە کارەبایان بدەنێ.. تا زۆر کز نەبن یان لەبەر تیشك زۆری نەتەقن. ئەوسا دەبینی گڵۆپەکان نازدارن و وەك هێشووە رووناکی زەوی و گەردوون رووناك دەکەنەوە، ئەوسا تاریکی و گورگ و تەور.. نابنە مێردەزمەی جەور.*

* (گۆڤاری رۆژی کوردستان/ ژمارە ٢١-٢٢/ ساڵی ١٩٧٤ بڵاوکراوەتەوە).

# بەرمدەن خنكام

خەڵكی كە قۆڵی (خولە)یان دەگرت دەیووت (بەرمدەن خنكام). ئەوانیش بەم قسەیە دەتریقانەوە و پێدەكەنین وەك چۆن بە هەموو شتێكی تر پێدەكەنین.

ئەوان خولەیان بە شێت و بەرەڵا دەزانی و هیچی تر، بەڵام ئەم، خولەی بە پەپوولەیەك دەزانی ئەمەندە ناسك بوو باڵەكانیشی وەكو سنگی سییان تێدا بوو هەناسەی پێدەدان، بۆیە كە باڵیان دەگرت دەیووت (بەرمدەن خنكام).

جیهانەكەی خولە پڕ بوو لە پاكی و شیرینی و بێوەیی، حەزی نەدەكرد كەس كەس بگوشێ و هەناسەی توند بكا، بەڵام لە شارێكدا كە كتێب دەكڕن بۆ ئەوەی پەپوولەی تێدا وشك بكەن .. خولەشیان تەنگەنەفەس كردبوو.

- بەریدەن خنكا، بەریاندەن خنكان، خنكا ..خنكان خنكام تەنگەنەفەس بوو، چاوەكانی سوور بوون، وروژا.

(تۆ بڵێی لە شارێكدا كە پەپوولەی تێدا وشك دەكرێ، ئاسمان ببارێنێ و زەوی شین ببێ و دار بەر بدا؟! تۆ بڵێی گیا ئاورنگ بگرێ و سی خوێن پاك بكاتەوە و لێو زەردەخەنەی بپەڕێتە سەر؟!! كۆگاكان عەتر و گوڵ و ئاوریشم دەفرۆشن .. ئەمانە كەرەسەی مرۆڤن، زۆر سەیرە لە شارێكی وادا كێ ئەوانە دەكڕێ؟!)

چووە بەردەم كۆگاییەك بینی پەپوولە وشك كەرەكان، خۆیان عەتر و گوڵ و ئاوریشم دەكڕن، تاس بردیەوە.

(ئەمانە كەرەسەی مرۆڤن ... ئەی چۆن پەپوولە وشك كەر دەیانكڕێ؟)

- دڕندە كەرەسەی ئادەمیزاد دەكڕێ.

نەیدەزانی چی بكا! پێبكەنێ یا بگری؟ قوڵپی گریان و پڕمەی پێكەنینێك ویستیان لە یەك ساتدا و پێكەوە لە گەروویەوە دەرباز بن، بەڵام بە جووتە لە گەروویدا شانییان لە یەك گیرا، كەوتە كێشە و ترسی ئەوەوە: ڕەنگە گریان لەگەڵ پێكەنیندا لەم شان لە یەكتر گیرانەدا .. وەك دوو دوژمن بكەونە ململانێ و بیكەنە

شەڕێك لە ئەنجامدا گەرووی هەڵدڕن یان بە خنكان بچێ، كەچی ئەوان هەركە شانیان لە یەكترا گیرا وەك دوو دۆستی دەمێـك ساڵ یـەكتر نـەدیوو .. باوەشـیان كـرد بـە یەكتردا، تێر تێر یەكتریان ماچ كرد و دەستیان كردە ملی یەكتری و گەڕانـەوە بـەرەو دوا .. گەڕانەوە ناخی، هەر ئەو گەڕانەوەیە بوو چونكە دوای ئەوە ئیتر توخنی ڕێگای گەرووی نەكەوتنەوە، بۆیـە هـیچ شـتێكی نـەووت دەربـارەی ئـەوەی دڕنـدە بـەرگی ئادەمیزاد دەپۆشێ و كەرەسەی مرۆڤ بەكار دێنێ.

مایسی١٩٧٦ لە كۆڕی یەكێتی ئەدیبان
لە سلێمانی خوێندرایەوە

----------------------------------------

(خوولە بووز شێتێكی سلێمانی بوو بوو بە گوللەی وێلەوە)

# ناسكه قسه

که تەماشای چاوەکانی دەکرد، وایدەزانی ئەو زۆر بە ڕەوانی قسەی بۆ دەکا و ئەم بە چاو دەبیستیٚ، کە بە زمانیش قسەی بۆ دەکرد، وایدەزانی چاوەکانی قسەی بۆ دەکەن و بە گویٚ دەیبیستیٚ. لە هەموو حاڵەتەکانی هەستیدا بەرامبەری رادەوەستا، بوونیان بە یەکەوە سەمفۆنیاییٚکی پڕ شەیدایی هیٚمن بوو، لە میٚشکیدا ئەو سەمفۆنیایە لەنجە و لاری دەکرد، هەستەکانی خۆیی و ئەو .. تیٚکەڵ ببوون .. نەبۆی جویٚدەکرانەوە و نەدەیویست جویٚیان بکاتەوە.

دەستەکانی وەك دوو پەپوولەی لاسار دەفڕین و خۆیان دەکرد بە گژوگیای خاوی قژەکەیدا، پاشان دەفڕین و لەسەر سنگی دەنیشتنەوە و بەناو قەرسیلی سەوزی سنگیدا دەکەوتنە پشکنین وەك بۆ ریٚشمەی رازەکانی ئەم بگەڕیٚن و ئیتر دوایی بە بیٚدەنگییەکەی بیٚنن و بتوانیٚ قسە بکا .. بەڵام هیچی بۆ دەرنەبڕا، وای هەستکرد قسەکردن ئاسکیٚکی چاوجوانی کەمەر باریکی سرکە و .. شەرمکردن تارماییٚکی نادیارە و سڵی پیٚدەکاتەوە، بۆیە ناسکە قسە بەرەودوا .. بەرەو ناخی دەگەڕیٚتەوە و نایەت لەسەر کیٚڵگەی وەنەوشەیی لیٚوەکانی بلەنجیٚ.

(ئەی هەوری پەمەیی ببارینە .. ببارینە با گوڵە گەنمەکانی رازم بە ئاشکرا پڕ بن لە ناز — عەتر — شیر.

(بۆ ناباریٚ! ئەی خرپنە نەشمیلەکەم دەبا بباریٚ زۆرم تیٚنووە)

کۆرپەی ساوای لیٚوەکانی کەوتنە باوەشی لیٚوەکانی ئەمەوە، تیٚر تیٚر ئەو ساوایەیان ماچ کرد — مژی — گوشی، وەك دوو شەپۆلی سەوز لیٚکیان دا، بارانیٚکی (چپە [1] )ی کاڵیان باراند، تەنیا بەو بارانی چپە نەرمە تیٚنویٚتیان شکا، وا مەست بوون نەیاندەزانی بارانەکە چۆن باری و کامیان بوون، گرنگ ئەوە بوو، هەستەکانیان

---

١- چپە — چرپە — بە ئەسپایی قسەکردن.

هەروەکو خۆیان تێکەڵ ببوون و هیچیان نەیاندەویست جویێیان بکەنەوە، ئاسکە چاوجوانە کەمەر باریکەکەش خەریك دەبوو ماڵی ببێ و ئیتر لە تارماییە نادیارەکەدا سڵ نەکاتەوە.

(بە چەند بارانێکی تری وا، ئاسکەکە ماڵی دەبێ .. ئەوسا بە ئارەزووی خۆی و خۆم .. لەسەر کێڵگەی وەنەوشەیی لێوەکانم دەکەوێتە لەنجەولار، تا ئەم ئاسکە ماڵی نەبێ .. ئەو نازانێ چەندم خۆش دەوێ .. ئای کە خۆشم دەوێ.)

(ئای ئاسکە چاو جوانە کەمەر باریکەکە .. سڵ مەکە، دەزانم چاوەکانت جوانن. بەڵام حەز دەکەم، بەم چاوانەی خۆم، دەنگیان ببیستم و دڵنیا بم، ئەی دڵنیابوون .. دڵنیام، بەڵام حەز دەکەم، بەم هەستانەی ترم هەستت بکەم).

١٩٧٥

# مامۆستا شەماڵ

پێش ئەوەی چاوبکاتەوە، گوێی لە دەنگەدەنگ و زرەی پەرداخ و گۆرانی بوو، بەستە لەلایەکەوە، مەقامی مەیخۆرانی خاو لەلایەکی ترەوە، هەستی بە نەرمی گژوگیا و شێیکی بەهاری و بۆن و بەرامەیەکی خۆش کرد.

هێشتا چاوی نەکردبوەوە، دەستی برد کڵاو و جەمەدانەکەی لەسەر ناوچەوانی لابرد، پاشان لەسەرخۆ چاوانی هەڵهانی، تیشکی خۆرێکی کاڵ لە نێوان گەڵای درەختانی ژوور سەریەوە گورزەگورزە لە هەندێك لاوە دەرژانە سەر ناوچەوانی. لەسەرخۆ ئەنیشکی کردە یارمەتیدەری لەشی و راست بوەوە دانیشت، ژنێکی سیما جوانی چاوگەش و تەڕ لەتەکییەوە بوو، تەمەنی نزیکەی سی ساڵ دەبوو، دەتووت تازە لە گریانێکی نهێنی و بێ دەنگ بووەتەوە، کە لامل و پەرچەم و ئەگریجەخاو دەست و مەچەکی سپی و ناسکی بە پەرداخێك ئاوەوە بەرەو رووی ئەم هات.

- وابزانم دەنگ و هەرای منداڵان نەیان هێشت باش پشوو بدەی، نەختێك گەرووت تەڕ بکە، چونکە ماوەیەك لەمەوبەر بەدەم خەوەوە دووجار بزرکانت و داوای ئاوت کرد.

پەرداخەکەی لێ وەرگرت، قومێکی لێدا گەرچی هەستی بە تینوێتی نەدەکرد پێی شەرم بوو لێی بپرسێ، ئەرێ خانمەکەم تۆ کێیت و لەگەڵ مندا چ دەکەیت؟ پەرداخەکەی دایەوە دەستی و بەدەمییەوە روانی بەدەوروبەری خۆیدا، لاپاڵی گردێك بوو، جۆگەیەك بەدامێنی دا دەچووە خوارێ، کۆمەڵێك درەخت و سەدەها ماڵ و خێزان و کۆمەڵەها کوڕوکاڵ بۆ سەیران و بەزم و خواردنەوە تێی هاتبوون. دەنگی ژنەکە هێنایەوە لای خۆی:

- ئەوە چۆن بوو کە خەبەرت بووەوە یەکسەر جگەرەکەت دانەگیرساند؟ چونکە تۆ فێری.

دیسان پێی شەرم بوو بپرسێ: بۆچی من جگەرەکێشم؟ ئەی بۆ خـۆم نـازانم و تـۆ دەزانی؟!!

لەسەرخۆ دەستی برد بۆ گیرفانی شـەرواڵەکەی، پاکـەتێك جگـەرە و چـەرخێکی گازی جوان هاتن بەدەستیەوە، وەك خۆی تاقی بکاتەوە جگەرەیەکی نا بە لێویـەوە و دایگیرساند، کە نەفەسی لێدا، زانی ژنەکە راست دەکا و ئەم جگەرەکێشێکی باشـە، ئەوەتا تەسکینی بە دووکەڵەکە دێ و چاك هەتا هەموو کون و کەلەبەری سـییەکانی هەڵی مژیو لەسەرخۆ دووکەڵەکەی بەبادا (داخۆ ئەم ژنە کێ بێ؟ بۆ وەها بە میهـر و بە وەفایە لەگەڵمدا؟ من بیرم نایە ژنم هێنابێ!! نەء ژنم نییە! بۆ لێرەم؟ تۆ بڵێـی زۆرم خواردبێتەوە و بەسەرخۆشی هاتبمە لایەوە؟ بەڵام کێ دەڵێ من هەر مـەیخۆرم؟ کـوا؟ سەرخۆش نیم! هەموو هەستەکانم لای خۆمن. پەرداخ و مەییشم لەتەکەوە نییە، گەر بەسەرخۆشی هاتبەمە لای ئەم چۆنی قبوڵکردووە؟ بەڵام نـابێ خـۆم شڕشـێت بکـەم، دەبێ بەئارامیەوە چاوەڕێی بکەم بزانم داخۆ چی روودەدا، بـا بیهێنمـە قسـە بەڵکـە بەهۆی قسەکانییەوە هەندێك شتم لێ رۆشن بێ).

ژنەکە قووڵ روانییە ئەم و لەسەرخۆ پرسی:

- لەوە دەچێ خەوێکی ناخۆشت دیبێ، تەواو نیت.

- نا، بڕوا مەکە، هیچێکی ئەوتۆ نییە، بەڵام نازانم چۆن خەوم لێ کەوت!!

ژنەکە زەردەیەك گرتی:

- ئاخر ئەوە هۆی خواردنەوەی ئەم چـەند رۆژەی دواییتـە، مـن نامـەوێ دەست بخەمە کار و بارتەوە.

بەڵام دەشزانم سەخڵەت و وێرانی ئـەو جوانـە.. ببـوورە دەزانم سـەخڵەتی، بـەڵام ئەوەشت بێتامە کە مانگێك مۆڵەت وەرگری و لە سبەینانەوە تـا ئێـوارە بەرامبـەر پێکەکەت دابنیشی و بیخۆیتە. بە بڕوای من ئەو هەفتەیەی ماوتە لە مانگەکە، ئیتر دەمی بۆ نەبەیت و خۆت ئامادە بکەی بۆ ژیانێکی نوێی پڕ لە ورە و ئومێد.

- ئا.. رەنگە وەها بکەم، بەڵام مەزەندە دەکەم بە خۆمـدا بچـمەوە. تکـات لـێ دەکەم یارمەتیم بدە.

- بەچاوان. جا من کێم هەیە لە تۆ زیاتر حەزدەکەم پەرێشانت نەبینم.

لەسەرخۆ دەستی گێڕا بە گیرفانیدا(وەها قسەم لەگەڵ دەکا وەك ژنم بێ، نەء مـن ژنم نەهێناوە، بەڵام قسەکانی لەوە دەچێ کە خوشـکم بـێ و مـن براگـەورەی بم، لـە کۆمەڵی ئێمەدا برا زۆر لای خوشکی ئازیزە، بەڵام مـن خوشکیشـم نییـە، بـا بـزانم ناسنامەکەم چیم پێ دەڵێ.. ئا.. ئەمە لەوە دەچێ، بەڵام ئەمە ناسنامەی من نییـە، کاروان سلێمان مەحموود، فەرمانبـەر لـە پـڕۆژەی.. نـا ئەمـە نـە نـاوی منـە، نـە ناسنامەی منیشە. داخۆ هیچ برادەرێکـی سەرخۆشـم بـووە، لێـی کـەوتووە و هـەڵم گرتۆتەوە. تادوایی بیدەمەوە!! ئا.. ئەوە خەوەکە باشی بەردام، من شەماڵ مەحموودم لە هیچ پڕۆژەیەك فەرمانبەر نیم و مامۆستام، ئێستا چاکم بـیرە کـە چـۆن وانـەکانم دەووتەوە..)

ژنەکە بەزەردەخەنەیێکی ناسکەوە خەیاڵەکانی ئەمی بڕی

- چییە؟ بە ناسنامەکەتدا دەڕوانی!! بەخۆداچوونەوەکە لەوێوە دەست پێدەکات؟!!

- نا.. هەروا حەزمکرد بزانم ئەمە چییە لە گیرفانمدا، کەچی ناسـنامە دەرچـوو، رەنگە هی کاروانی برادەرم بێ.

- ئەم کاروان ناوە تازەیە، قەت لـێم نەبیسـتووی بلێـی بـرادەرێکم هەیـە نـاوی کاروانە!! چییە ئەندازیارە؟

- نا مامۆستایە.

ژنەکە پێکەنی و بەنازێکەوە سەری لارکردەوە و پرسی:

- ئێ.. ئێ لەوانەیە کە نایانەوێ وانە بڵێنەوە و دەبنە فەرمانبەر لە دایەرەکاندا.

- فەرمانبەری چـی؟ لەگـەڵ مـن دایـە، تـازە گواسـتوویانەتەوە پێکـەوە وانـە دەڵێینەوە.

ژنە بەسەرسامییێکەوە پرسی:

- بۆ کاروان تۆ لەکەیەوە بوویت بە مامۆستا.

ئەم خۆی زۆر بیربڵاو نیشاندا و دەیڕوانیە دوور. هەتا دڵنیابێ لەوەی داخۆ ئەم ژنە چۆنی بانگ دەکا، چونکە وا ئەمیش هەر بــە نــاوی کــاروان بــانگی کــرد، بیرەکــەی بۆچووە سەر ئەوەتا ژنە دەنگی لێهات.

- کاروان.. کاروان.. کاروان، ئەو چییتە!! کوێرا داڵغە بردتی.

- ها.. ببوورە، هیچ نییە، لەوە دەچێ تەواو نەبم، ئەمڕۆ هەر دەبزرکێنم.

- وات دەبینم.. دەنا تۆ کەی باسی ئەوەت کردووە کــە کارەکــەت بگوێزیتــەوە و ببیتە مامۆستا.

- ببوورە

- قەیدی نییە پشوو بدە. چایەکت بۆ تێکەم؟

- ئا.. بەڵام سارد نەبووەتەوە؟

- ئەی لە تەرمزە نوێکەدایە و سەرکایەکەیم چاك داخستووە.

- باشە سوپاس.

(کەواتە ئەم ژنە دەیەوێ لە من بگەیەنێ کە من شەماڵ مەحموود نــیم و کــاروان سلێمانم، کێ دەڵێ ئەو ئەم ناسنامەیەی نەخســتۆتە گیرفــانم!! بــەڵام بــۆ؟ مەبەســتی چییە؟ مامۆستاییێکی بێ ماڵ و جێ و لانەی وەکو من، گیانبەخشی بێ پوول و پــارە و لەپێناوی خەڵك دا ریسوابووی وەکو مــن، خۆوێڵکــەر بــۆ هــەموو کــەس مــردوو، تەنانەت ئامێری پیاوەتیشی لەژێر زەبرا نــەماو، داخــۆ کــێ بەتــەمای چــییە پێــی، پارەیــە.. نیمــە، پلەیــە.. نیمــە، توانــای ســێکس و تــۆو بەخشــینە نیمــە، پاشەرۆژە..نیمە.. هەمە.. نازانم دەبێ چیم بێ هەتا خەڵکی.. بەتایبەتی ژنێکی وەها شەنگ و شۆخ تەماعم تێ بکا، یان بیەوێ بم خەڵەتێنێ!! چیم نییــە لــە وون بــوون و تیاداچوونی بترسێم).

- چایەکەت سارد دەبێتەوە، دەزانم تۆ وەك من نیت حەز دەکەی چا بــە گــەرمی بخۆیتەوە.

- ها.. بەڵێ.. سوپاس.

(بەڵام پێویستە سنوورێك بۆ ئەمە دابنێم، دڵم زیاتری بەبەرەوە نییە، با راستەوخۆ پرسیاری لێبکەم)

- ببوورە لەم بەخۆداچوونەوەیەم، بەتایبەت وەك تۆ دەڵێی ماوەیەکە لە بەیانی تا ئێوارە دەخۆمەوە زۆر شتم لەلا ئاڵۆز بووە، دەتوانی یارمەتیم بدەیت و تاقەتی وەڵامی پرسیارەکانمت هەیە؟

- کاروان گیان من حەزدەکەم، ئاواتمە، چی دەپرسی بپرسە.

- بەس تکایە لێم ببوورە  و تەحەمولی پرسیارەکانم بکە.

- بە چاوان، فەرموو.

جگەرەیەکی تری داگیرساند و خۆی کۆکردەوە بۆ پرسیارەکانی

- من ناوم چییە؟

- کاروان.

- کوڕی کێم؟

- مامە سلێمان.

- کارم چییە؟

- فەرمانبەری.

- تۆ چی منی ؟

- هاوسەری تۆم.

ژنەکە قوڵپی گریانێکی بۆهات، ئەمیش لە پرسیارکردن وەستا، ژنەکە خۆی گرت و خۆی هێدی کردەوە، ئەم کەوتەوە پرسیار:

- چەند ساڵە تۆ هاوسەری منی؟

- نۆ ساڵە.

- منداڵمان نییە؟

- ئەی کەژە!

- کەژە چی منە؟
- کچتە.
- تەمەنی چەندە؟
- پێنج ساڵ .
- ئێستا لای کێیە؟
- لای دایکتە. خۆت وتت سەیرانەکەمان لیٚ تیٚك دەدا.
- ماڵمان هەیە؟
- بەڵیٚ ئەی گوایە لەکویٚ دەژین.
- چۆن هایتن بۆ ئێرە؟
- هەر سەر لە بەیانی، دوای ئەوەی چەند پێکێکت خواردەوە، کەژەت بردە ماڵی باوکت و خۆمان ئامادە کرد هاتین بۆ ئێرە، تەنانەت بە کابرای شۆفێرت وت سەعات حەوت بێتەوە بە شوێنمانا.
- کەواتە من کاروانم.
- بەڵیٚ گیان.
- ئەی شەماڵ مەحموودی مامۆستا کێیە؟
- جوانەمەرگەکەی هاوڕێتە.

نەء ، من شەماڵم، چاك خۆم دەناسم، نازانم تۆ مەبەستت چییە و کیٚ ناردووتی!! بەلاّم من دڵنیام لەوەی ئەم ناسنامەیە هی من نییە و ئەو وێنەیەی پێوەیەتی وێنەی من نییە. ژنەکە دەستیکرد بە گریان، گریانێکی بەکوڵ بەلاّم کپ، هەوڵی دەدا بەپێی توانا بیشارێتەوە.

دەنگی هۆڕنی ئۆتۆمبیلێك هات، کابرای شۆفیر دابەزی هەر لە دوورەوە هاواری کرد:

- خاڵە کاروان ئامادەن؟

ئەم داچڵەکی، بەخۆیدا هاتەوە، ناسنامەکەی خستەوە گیرفانی، کڵاوەکەی لەسەرکرد و جامەدانەکەی بەستەوە، ژنەکەش چاوی خۆی سڕی و دەستیکرد بە کۆکردنەوەی شتەکان، هەوڵیدا خۆی ئاسایی بکاتەوە.

کابرای شۆفێر لە دیاریان وەستابوو. ویستی خۆی هەڵە بکا لە پەشۆکاوی ژنەکە، سنووقی ئۆتۆمبیلەکەی هەڵدایەوە، کەوتە یارمەتی دانی ژنە لە کۆکردنەوەی شتەکاندا. ئەمان سواربوون، ئەویش خستیە گەڕ و بەرەو شار کەوتنەڕێ، هەر گەیشتنە شار کەوتە ڕێنیشاندانی کابرای شۆفێر، لەبەردەم ماڵێکی زۆر پان و پۆڕدا رایگرت، بە ژنەکەی وت.

- فەرموو دابەزە.

ژنە، ناچار دابەزی، ئەم چووە بەردەم دەرگای ماڵە گەورەکە. سێ ژن دانیشتبوون، ئەم ڕوویکردە ژنەکەی لەمەڕ خۆیدا و وتی:

- خانمەکەم هەر ئێستا بۆت دەسەلمێنم کە من کاروان نیم و مامۆستا شەماڵم.

ژنەکان بەردەمی دەرگاکەیان گرتبوو، ئەمان ڕێی چوونە ژوورەوەیان نەبوو، ئەوانیش نەبزوتن، ناچار ئەم وتی:

- بەیارمەتی ڕێگامان بدەن بچینە ژورێ، من مامۆستا شەماڵم، لەم حەوشەیەدا ژوورێکم گرتووە بە کرێ.

ژنەکان تاس بردنیەوە، یەکێکیان بەرزەپێ هەڵسا بەسەیرێکەوە:

- بیسمیلا، مامۆستا شەماڵ پارچە بۆمبایەك بەر ژوورەکەی کەوت و مێشکی تەقی، لەبەرچاوی خۆم تەرمەکەیان بە لەت و پەتی بردەدەرێ، ژنێك و دوو منداڵی تریش لەو کارەساتەدا بریندار بوون.

ئەم کە ئەوەی بیست کەمێك ڕاما. (ڕاست دەکا، کە پارچەکە بەر سەرم کەوت هەستم بە تەقینەکەی کرد، بەڵام لەتاو گرمەکەی هەموو شتم لێ شێوا، دەشێ بووڕابێتمەوە، ڕەنگە خوێنیشم زۆر لەبەر ڕۆشتبێ).

بەدەم ئەم داوە دڵیانەوە، جەمەدانەکەی لەسەرکردەوە بە گرێیەکی گەورە توند بەستی بەسەریەوە.

ژنەکە خۆی پێ نەگیرا، بەدەم قوڵپی گریانەوە چووە ناو ئۆتۆمبیلەکە.

شۆفێرەکە کە هێشتا دانەبزیبوو، لەناوەوە بە ژنەکەی وت:

- هیچ نییە براژن، خەیاڵە و ئەم ورە ورەش لە نێوان ژن و مێردا هەر هەیە.

ئەویش پاش شەتەك دانی سەری، گەڕایەوە لای ئۆتۆمبێلەکە، دانەویەوە، سەری خستە ئاستی پەنجەرەکەی و بە ژنەکەی وت:

- ببوورە لێم، ئەمڕۆ ئەزێتم دای، سوپاسی ئەو هاوڕێیانەش دەکەم، کە تۆیان ناردووەتە لام هەتا لەم میحنەتەدا ئاگادارم بی، ناتوانم لەگەڵتا بێمەوە، تۆ خوشکی ئازیزی منی، من سەرم پارچە بۆمبای لێ داوە، تەقیوە و دەبێ بچمە خەستەخانە هەتا بۆم چاك بکەنەوە و بگەڕێمەوە کۆڕی خەبات، نەك لە ئەرکی نیشتیمانیم دوا بکەوم. ئەوەی وت و توند دەستی گرت بە سەریەوە و بەرەو شەقامی دەمی کۆڵانەکە رۆیشت و لە تاریکی ئەو ئێوارەیەدا ون بوو.

(١٩٨٥/٥/٩)

# کۆمەڵە چیرۆکی دووەم
# دێریاسین

## بڕۆ هەر یاخی ببە

- دایە گیان تۆ ئاگات لە هیچ نییە، بێ خەبەری، هەرچی بوو، بوو، هەرچیم بۆ کرد... تەواو، بۆم کرد و من کابرایەکی پیس و خوێڕی و چڵکاوخۆر بووم، سەگی بەردەرگای شێخ ئاغا بووم، بمکوژێ.. بمبڕێ هیچی تری بۆ ناکەم، خەرمانی زۆرم بۆ سووتاند، ماڵی زۆرم بۆ کاول کرد، کلکی کەرم بۆ بڕی، وەکو سەگ قاچی زۆر هەژار و کلۆڵم بۆ گرت، هەرچی بوو، بوو.. قسەکانی مامۆستای ئاواییم چۆتە گوێچکەوە و ئامادەم لەسەری بکوژرێم، تەواو.. زۆرم کوشت، زۆر دڕندە بووم، بەڵام هەمووی تەواو.

❋ ❋ ❋

-ئەو سەگبابە خوێڕییە خۆم فێری تفەنگ تەقاندنم کردووە، خۆم فێرم کردووە لەدوای پیاوی ناو پیاوانەوە بڕوا و ڕێزی لێبگرن، هەتیووچەی وا کێ دەیناسیێ؟! کێ دەیکرد بە سەپانی خۆی؟! کێ بێزی دەهات تەماشای بکا؟! ئێستا ناوی خۆی بەرگوێ کەوتۆتەوە، ئەی چۆن!! منداڵی سەربێشکەی پێ دەترسێنن! ئەوەتا لە من.. منی ئاغای.. یاخی بووە، ئا وەرە هەتیوو.. هەتیوو حەمە نامیق لەگەڵ تۆمە تفەنگەکەت هەڵگرە.

- شێخ ئاغا بیکە بە خاتری خوا، من و سوارەیان نەوتووە.
- خوێڕی قەحبەباب، هەموو لە ئاستی سوارە دەڵێی مشکن.
- بەخوا دەمکوژێ! من چۆن.. ئاخر چۆن..
- سەگباب بۆ من دەڵێم بڕۆ بیکوژە.. بڕۆ بۆم بانگە کە.
- بمبەخشە، بە سەرچاو هەرئێستا دەچم بە شوێنیدا.

* * *

- کورِم سواره، تۆ گەنجێکی نمەك بە حەرام نیت ئیتر چۆن من باوەڕ دەکەم تۆ لە من یاخی ببی؟؟ مەسەلەکەی بایز چاك بوو پێویستی بە کوشتنیشی ناکا، ئەمڕۆ دوو پیاوی نارده لام پەشیمان بۆتەوە و وازی لە چەتیوەکەش هێناوە، بۆ مەسەلەی گوڵەی لەمەڕ تۆش ئەم پایزە لە حاسلاٌتدا بۆت دەخوازم با نەختێ قال و قیلی ئەوەشت لەسەر لابچێ چونکە براکانی داخ لە دڵن و بەرگوێیان کەوتۆتەوە، بە سەری خۆم نەك سوارەیە، سەد سوارە بی، هەر بزانن چاوی منت لێ خافڵە بە نوێژی نیوەڕۆ سەرت دەبڕن، لەوانە بگەڕێ، هەرئێستا بچۆرە ئاوایی (م) بە حەمەئاغا بڵێ شێخ ئاغام عەرزی ئیحتیرامی هەیە ئەو تاپڕەی بۆی هاتووە بمدەیێ چونکە سبەی نۆرەی راومانە، ئاگاداربە تفەنگەکەت ببە چونکە ترسی ئەو برایانەی گوڵەم زۆرە زەفەرت لێ بهێنن بەتایبەتی ئەم دوو رۆژە تۆ بێ ئەقڵیت کرد و وا قاوە لەناو ئاواییدا کە لە من یاخی بووی.. ئەوان چوزانن کوڕ و باوك لەیەکتر زوویر نابن.. دەبڕۆ دەی ماتڵ مەبە.

* * *

میانەی هەردوو ئاواییەکەی سوارەی پێدا دەڕۆی سێ چارەکە سەعاتێك دەبوو، لە کۆمەڵێ دەوەنی لاڕێوە شێخ ئاغا و حەمە نامیق خۆیان مەڵاس دابوو، شێخ ئاغا تەنیا بە دوو فیشەك سوارەی گلۆڵە کرد. حەمە نامیقی پیاوی ئازایەتی گەڕایەوە گیانی و هاواری کرد:

- دەستت خۆش، پێکات.

- برۆ هەر یاخی ببە، ئەوەش سوارە پاڵەوانەکەی لێی دەترسای.

- قوربان ئاخر لەناو ئاواییدا..

- بڵحەی نەفام لەسەری مەڕۆ. تفەنگ و دەمانچەکەی لێ بکەوە. تا لای کابرای لەمەڕ خۆمان مەوەستە، بە زمانی منەوە سلاٌوی لێبکە و، پێی بفرۆشە و پارەکەی بدە بە چیت بۆ منداڵەکانت، بزانم تۆ چۆن دەبی.

- زۆر مەمنوون، ئەوسا دەڵێن بۆ تەماعی چەکەکانی کوشتوویانە و گومانمان لێناکەن.

❊ ❊ ❊

براکەی شێخ ئاغا لە شار دەگەڕایەوە کە لاشەی سوارەی دی پەلاماری دا و دووسێ جار رایوەشاند، دیاربوو سوارە کەمێ گیانی پێمابوو. ئەم بە دیارییەوە دەستی کرد بە بسم الله و فاتیحە خوێندن. ئەویش بێ ئەوەی بتوانێ چاو بکاتەوە بە لرخە لرخ..

-هەر رێبوارێکی و منت لێرە دیوەتەوە خوێنم ون نەکەی، من سوارەم و شێخ ئاغا کوشتوومی.

برای شێخ ئاغا لەسەرەتادا زۆر بە پەرۆش بوو، بەڵام کە ئەم قسەیەی گوێ لێبوو، دەستی شل بوو، لاشەکەی بەردا، ماوەیەك بە دیارییەوە وەستا تا ئەوەندە خوێنی رۆی ئەوەشی پێنەما، ئەوسا کەوتەوە رێگەکەی.

(کاکەم کوشتوویەتی، دیارە بەخۆڕایی نییە، گەر نووزەشی مابێ تا دەگەمە ئاوایی ئەوەشی نامێنێ، ئەوسا دەڵێم بە کوژراوی دیم بنێرن لاشەکەی بهێننەوە).❊

١٩٦٥

❊ لەو گوندە بووم کە ئەم کارەساتەی تێدا روودا، بەڵام ئەوسا بایی ئەوەندە نەبووم کەس گوێ بۆ قسەکانم رابگرێ.

# وتارێك لە بارەی مشك

بەگ-بەڕێزەکان.. دیارە کەستان و کەسمان.. نکوڵێتان و نکوڵێمان نییە لەوەی مشك دەعبایەکی پیسی زیانەخورێ و ناشرینە، زۆربوونی زیانێکی گەورە دەگەیەنێ.

(مشك ئەمبار دەبڕێ، دانەوێڵە دەخوا، جلوبەرگ هەلا هەلا دەکا، هەیبەتی پیاو دەشکێنێ).

رووتەڵەیەك: من یەکێکم لە زۆربەی ئەو خەڵکە کەڕەواڵە و نەدار و زەبوونانەی بۆ نانی شێوێك پەرێشانین، ئەمبارم نییە مشك بیبڕێ، دانەوێڵەم نییە مشك بیخوا، ماڵو منداڵم بەرگیان لەبەردا نییە مشك هەلا هەلای بکا، هەر کردەی منە و بردەی ئێوەیە، ئێوە لە مشك بێزارن و من لە ئێوە، ئەگەر قورتم توێژ توێژ چڵکی لێ نەنیشتایە و بێزتان بهاتایە قەپ بگرن لە گەرووم، خوێنەکەمیشتان دەمژی.

(ئاخر مشك نەخۆشی تاعوون..)

رووتەڵەکە: راستە زیادبوونی بێشوومارى مشك ترسی داکەوتنی تاعوونی بە دەمەوەیە، ئێوەش پارەتان هەیە لە مەترسی رزگار بن، من نیمە، لەبەرئەوە ئەم راوە مشکەتان لەگەڵ دەکەم..

(گرنگ ئەوەیە ئەمڕۆ رۆژی راوە مشکە، هەریەکە بۆ مەبەستێ).

- ئەمڕۆ ئا.. بەڵام سبەی دڵنیاین لەوەی نۆرە راوتان دێ.

بەگ لەو دێڕانەی سەرەتا زیاتر هیچی تری نەوت، ئەوەی لای ئەو مەبەست بوو راوە مشکەکە بکرێ و هەیبەتی نەشکێ گەر بۆ تەنیا ئەمڕۆش بووە.

## سەد فلسییەك

کابرا هەرسێ قۆپچەی چاکەتەکەی داخستبوو دڕی بە ڕەشەباکە دەدا، کۆڵ هەڵگرەکەی دواوەی پەتی زەمیلەکەی لە شانی ڕاستی توند کردبوو، شانی چەپیشی کردبووە تینی رەشەباکە و بەرەو پێشەوە تەکانی دەدا، زەمیلەکەی ئاخنرابوو، بەڵام حەفتا ساڵی تەمەنەکەی قورسی کردبوو.

* * *

کابرا چووە ژووری، کۆڵ هەڵگرەکەش بە دوایدا، بە دەستە پیرەڵۆکەکانی پەتی زەمیلەکەی گرت، شانی کەمێك بۆ کەچ کرد و بە تەکانێکی کتوپڕ لە شانی داگرتە سەر زەوی، لەپی دەستی سوو لە جێی پەتەکەی شانی و بە دیار زەمیلەکەوە وەستا. ئافرەتێکی باریکەلەی چاو بۆیاخاوی هاتە لایان، هەردوو دەستی خستبووە گیرفانی رۆبەکەیەوە، بە بۆیاخی چاوەکانی بێدەنگ روانیی بە سنگە بەرەڵا تووکنەکەی کابرای کۆڵ هەڵگردا، پاش چەند ساتێك برۆکانی لێك نزیك کردەوە:

-مامەکە.. ئەوە تۆ کوڕت نییە وا بەم تەمەنەوە ئیش دەکەی؟

مامە شڵەژا چاوەڕوانی ئەم پرسیارە نەبوو.

-بەرێ وەڵا خانم، کوڕێکم هەیە، بەڵام ئەوە ساڵێك دەچێ..

ناز.. قسەکەی پێ بڕی:

-دەك بەخێر نەیەتەوە، ئەی چۆن غیرەتی قبوولێ دەکا تۆ ئاوا لە زەحمەتدا بی. عومەر سەد فلسی بدەیێ وەڵڵا کسپەم لە جەرگەوە دێ، با بڕوا دڵم تەواو نییە زۆر گوناحە.

* * *

(... چۆن دڵی هات! با ئەو بێتەوە ئیتر بەخێریش نەیەتەوە هەر قبووڵمە..)

له لەپی دەستیدا سەد فلسییەکەی ئەمدیوو ئەودیو دەکرد، ئەو شکاندنەوەی تیشکەی دەگەڕایەوە چاوی لەبەر خۆرەکە.. چاوەکانی پێنەدەگیرا بەردەوام تێی بڕوانێ، بەڵام دڵی هێزیان دابوویەوە زوو زوو تێی دەڕوانییەوە.

زیرەی برێکی لۆرییەك و تەپەیەك و دوایین شت بوو گوێی لێبوو، دوای ئەوە خوێنی بووە بۆیاخێکی خەست بەڕووی شەقامەکەوە. لەکاتی شتندا، تەرم شۆرەکە بە ئاوی گەرم دەست و پەنجەکانی نەرم کردەوە، لەکاتی کردنەوەی مستیدا بۆ شتن، سەد فلسییەکە لەسەر تاتەشۆرەکە تل بووەوە، دەنگی تلبوونەوەی بە تەرم شۆرەکە و تاتەشۆرەکەی وت (نرخی ژیانی هەژارێکم).*

١٩٦٣

* ژینی ژمارە(٧) ١٩٧١/١/٢١

# کوا باوکم؟

لە سەرەتادا وامدەزانی ژیان بریتییە لە منداڵێکی نەزان لە باوەشی دایکێکی برسی و رەش و رووتدا، کە پێم گرت و چوومە کۆڵان بە هۆی هاورێکانمەوە زانیم.. بێجگە لە دایك، ئادەمیزادێکی تر هەیە ناوی باوکە، هاورێکانم هەیانبوو، رامکردە ژوورەوە و بەدەم هەنسکەوە بە دایکم وت: (دایە، کوا باوکم! باوکی من لە کوێیە؟!)

* * *

- حەیفە جوانێکی وەك تۆ، شەوگار لە باخەڵی ئەو رووتە خۆڵاوییەدا ببەیتە سەر، با تازە بووکیش بی، حاشای لێبکە من دەتخوازم، لە زێڕ و ئاوریشمت دەگرم.

- حاجی بیکە بە خاتری خوا..

- مەترسە، لە چی دەترسی! هەر نەمبێ نەمبێ پەنجا چەرچی وەك مێردەکەتم هەیە، با تووڕە و مەلابەزێن بێ، وات بۆ سەرنگوون دەکەم کەس نەزانێ چۆن هات و چۆن رۆی..

* * *

- من ئەو چوار پێنج پیاوەم نارد وای لێبدەن بێتام ببێ و لە کەڵك بکەوێ، پیاوەتی نەمێنێ و لەبەرچاوت بکەوێ، کەچی ئەو بێ ئەقڵانە زیاد لە پێویستیان کردووە، ئەویش لاواز بوو بەرگەی نەگرت و ئەو زمانەی کە شکا ئەوە بوو دوو رۆژ دوای ئەوە لە خەستەخانە مرد. چار چییە؟ ئەمری خوایە.. خۆت بێ ئەقڵ مەکە، هەموو ئەو مەزارانەش دەکڕم کە پەنای دەبەیتە بەر.

- ون بە لەبەرچاوم..

- خۆت مەدۆڕێنە..

- ون بە.. دەنا..

* * *

ئەم دوو ساڵی کرێکارییە تێی گەیاندم کە بێجگە لە من و دایکە کلۆڵەکەم بەرەیەکی تر ئادەمیزاد هەن هەموو خۆشییەکی ژیانیان هەیە، تێر و تەسەلن، پۆشتە و پەرداخن، خاوەن فەرمانی بوون و نەبوونن. دیارە حاجییەکەی لەمەڕ دایکم لەوانە بووە. دڵم لە دایکم کرمێ بوو، بەڵام تێگەیشتم ئەو راست دەکا هەموو پەلاماردانێکیان، بە تاکەکەسی و کەمدەرامەتییەوە مردنێکی مسۆگەرە، دۆڕاندنە، بەڵام چار نییە یان من هەر ئەوەندە تێدەگەم، تەنیام.. دڵم پێم دەڵێ تەنیا نیت کەچی هەر تەنیا خۆم دەبینم، خۆزگە دەمزانی بۆ دڵم بە تەنیام دانانێ. دەستم گوێی هەبوو، دەستم گوێی لە خرچەی خەنجەرەکەم بوو کە لەسەر دڵیم توند کرد، خرچەی خەنجەرەکە نەیترساندم، وامدەزانی کوشتنی ئەو مافێکی رەوایە بۆ من وەك هەوا هەڵمژین تەنانەت دەنگی سەرۆکی دادگا کە وتی (بیست ساڵ لە بەندیدا..) ئەویشم بە نارەوایی دانا.. بەڵام هاوڕێکانی بەندیخانەم، پیاوکوژەکانی وەك خۆم نا.. هاوڕێکانی ترم کە لەسەر داواکردنی ئاشتی بۆ جیهان گیرابوون تێیان گەیاندم کە دڵم راستی کردووە و من تەنیا نیم، تێیان گەیاندم من کابرام کوشت، بەڵام کەرێکم دا بە کەرێ.. سندان لەبن دەستی دەرێ، سەگی رەش دەڕوا و هینی سپی دێ، تێیان گەیاندم ئەو ماف خۆرانە وا چارە ناکرێن.. خۆزگە بەردەبووم و لەگەڵیاندا دەڕەخسام تا تێیان بگەیەنم گەرچی نەخوێندەواریشم، بەڵام بە ئاسانی تێیان دەگەم. *

١٩٦٥

* بیری ئەم چیرۆکەم لەباوکم وەرگرتووە، ساڵی ١٩٤٥ لە کەرکوك ئاگاداری رووداوەکانی بووە و منداڵە کرێکارەکە لەبەرچاوی خۆی کابرای حاجی کوشتووە.

# پارەی میوەکەی ئەمشەو

لەو دەمەو ئێوارەیەدا بەناو ئەو حەشاماتەدا دەگەڕا کە ڕژابوونە بازاڕەکەوە بۆ میوە کڕین، برۆ شاش و سپییەکانی ڕژابوونە تەوێڵی، گەرچی بەساڵاچوو بوو، بەڵام خاوێن و نوورانی دیاربوو. زەمیلەکەی بە بەتاڵی لە شانی چەپی توند کردبوو گوێیەکانی شل کردبوو بۆ یەکێ پێی بڵێ: (ئەو میوانەم بۆ هەڵگرە).

کابرای بەرامبەری کێردێکی پانی بە دەستەوە بوو لە شووتییەکی ڕاکێشا، دەرگاییێکی لێکرد و دایە دەست کابرایەکی ئەفەندی خڕەڵە، ئەفەندی بە قیز و بێزێکەوە قەپێکی بچووکی لە سەرقاپەکەی گرت و زوو تفی کردەوە:

- بوردووە و بۆنیشی لێ دێ.

کێرد بە دەستەکە مەچەکی بە چەقۆکەوە درێژ کرد:

- شووتی لەوە باشتر نابێ.. بوردووە مانای چی!!

مشتومڕ بەردەوام بوو.. دوایی بەوە شکایەوە شووتییەکە فڕێ بدەن و دانەیەکی تری بداتێ، کابرای خڕەڵە لووتە پێیەکی لێدا و تلۆری کردەوە ناوەندی ڕێگاکە، پیرە کۆڵ هەڵگرەکە لەگەڵ تلۆر بوونەوەی شووتییەکەدا لە ناوەوە کۆمەڵێ یا هاوار و یائەڵڵای کرد کە سەرقاپەکەی نەکەوێ، هەرواش بوو نەکەوت و لە ناوەندی ڕێگاکەدا وەستا. ئەم یەکسەر ئەوەی هات بە خەیاڵدا کە لە گیرفانی ڕاستی مرادخانیەکەیدا سێ پەنجایی پاشەکەوت هەن. لە گیرفانی ئەولای پارەی میوەی ئەمشەوی داناوە، بەڵام نایکڕێ و دەیخاتە سەر سێ پەنجاییەکە بەڵکە بتوانێ جوتێ کەوشی نوێ بکڕێ، ڕوانییە شووتییەکە، پاشان ڕوانییە کەوشە کۆنەکانی کە بە پەت و شڕ و شیواڵ بەستبووی بە قاچییەوە. زەردەخەنەیەك پڕ بە پڕی لێوە وشکەکانی داگیرسا، هەستی بەوە دەکرد منداڵەکانی دانیشتوون نان و شووتی دەخۆن.. کامەران و تێر دەبن، ئەمیش ئیتر پێڵاوەکانی سووك دەبێ و پینە زۆر و ڕەق و تەقەکانی لە پێی

هەڵناچەقن، سەیرێکی ئەملاو ئەولای کرد تا ئامبازی شووتییەکە ببیّ و بیخاتە زەمیلەکەیەوە، بەڵام لەپڕ چەتوونیّ بە یەك پاژنە پیّ پلیشاندییەوە بە ڕێگاکەدا.

پیرە وای هەست کرد ئەو پاژنە پێیە بە دڵی ئەمدا نرا، دەیڕوانییە ئاوی شووتییەکە کە وەك خوێنی ئەم پرژابووە ناو چەقی ڕێگاکەوە و پێیان لێدەنا، بە ناسۆرەوە چاوە لاوازەکانی بڕیبووە شووتیە پلیشاوەکە، هەستی بە پلیشاندنەوەی خۆی دەکرد، پێڵاوەکانی رەق و تەق گازیان لە پێی دەگرت. پارەی میوەی پێخۆری منداڵەکانی کەساس کەوتبوون، شوتییە پلیشاوەکە بەردەوام بەدەم شێلانی پێی ڕێبوارەکانەوە خوێنی لیّ دەڕژا. *

١٩٦٥

* کاتی خۆی لە ئێستگەی بەغداوە پێشکەش کرا.

# دێریاسین

کوڕ، کچەکە سەری باوکیان رووت کرد:

- بابە گیان ئەها قژت بژبۆتەوە، زۆر چڵکنە.

- دەی بەقەستی لە گەرماوین با بۆی بشۆین.

بە جامێکی بەتاڵ و لەتە شانەیەك لاسایی سەرشتنیان دەکردەوە، گەرچی جار جار نووکی شانەکەیان لە سەری گیر دەکرد و ئازاریان دەدا، بەڵام ئەو نەیدەویست بەهەشتی یارییەکەیان لێ تێکبدا، دایکیان تەماشای دەکردن و لە خۆشیدا دەتریقایەوە، باوکیان خەمی ئەو بیرەی لەبیر چۆوە کە لە خوێن بارینەکەی دێریاسین دا پڕیان کرد لە لاشەی خزم و کەس و دراوسێکانی.. بۆ چەند ساتێ چووبووە بەهەشتی گاڵتەبازیی پاك و پیرۆزی کوڕ و کچە منداڵەکەیەوە، خۆشییەك گیانی شەکەتی گرتبووە باوەش. لە بەهەشتی ئەو ماڵە جووتیارەدا بۆنی هیچ ناسۆرییەك نەمابوو، تا لەپڕ چەند ژەندرمەیەك خۆیان کوتایە ژوورەوە و کابرای جووتیاریان لە ژێر دەستی منداڵەکانی دەرهێنا و بردیان.

* * *

هاتە بەردەم ئەفسەرەکە و بەگرمەی سڵاوێکی تیژەوە راوەستا و بە عیبری کەوتە قسەکردن لەگەڵ ئەفسەرەکەدا:

- قوربان بەردەوامە لەسەر ئەوەی هیچ نەڵێ.

- چۆن؟! بۆم بێنە ژوورێ.

زۆری نەبرد جووتیارەکەیان بە بەرگی خوێناوییەوە هێنایە ژوورێ، ئەفسەرەکە هەر کە چاوی پێکەوت نەڕاندی:

- بێگومان هیچ ناڵێ ئازارتان نەداوە، ختووکەتان داوە، ئەوەتا سەری بە قەدەر سەری تۆیە و زلتریش، قاچەکانی ماوە وەك قاچەکانی تۆ و درێژتریش، پێم ناڵێی ئەم دەستە درێژانەی بۆ چییە؟! ئەم پەنجە شمشاڵییانەی بۆ چییە؟! حەز لە دەست و پلی درێژ ناکەم بیبەنە دەرەوە بۆم کورت بکەنەوە.

- بەڵێ قوربان.

* * *

(تازە بە کەڵکی چی دێم؟! کاشکا بیانکوشتمایە، ئێستا چۆن بچمەوە ماڵێ؟! چی بە خێزانەکەم بڵێم؟! بەڵام ئەی بچم بۆ کوێ؟! کێم هەیە!!)

قسەی لەگەڵ خۆی دەکرد، لە ناوەوە چنرابوو نەیدەزانی چی بکا، نەیدەزانی چۆن دەڕوا بەڵکە نیوە بێهۆش بوو. کە گەیشتە بەردەرگای ماڵی خۆیان وایدەزانی دەچێتە ماڵێکی غەریب و نەناسەوە، خێزانەکەی لووتی کچەکەی دەسڕی کە چاوی بەم کەوت بە قریشکەیەکی خۆشی و باوەڕنەکردنەوە بەرەو پیری هات، منداڵەکان کردیان بە هەرا، خێزانەکەی لە گەرمەی باوەش پێداکردنەکەدا ساتێ زانی مێردەکەی بێ باڵە، وەك کارەبایەك بیگرێ و فڕێی بداتەوە لە هەمان کاتدا لاڵیشی بکا ئاوا رەت بووەوە، بە ڕوانینێکی زۆر ترسناکەوە تەماشایەکی مێردەکەی کرد و لە زەویەکەدا دانیشت، کوڕ و کچەکەی هاتبوونە بەرپێی بە چاوە رەشە جوانەکانیان لە باوکیان دەڕوانی و سەریان بۆ هەڵبڕی بوو تا بیانکاتە باوەش.

خۆی پێنەگیرا، ئەمیش رووخا و لەسەر زەویەکە دانیشت و کەوتە ماچ کردنیان، لەم ساتانەدا ئینجا خێزانەکەی لاڵی و کپییەکەی تەقی و بە گریانێکی بەکوڵ زمانی پژا.

* * *

لە دالآنەکە دانیشتبوون، خێزانەکەی بە پووش باوەشێنێکی دەچنی، کابرا جگەرەیەکی بەدەمەوە بوو پشتی سەری نابوو بە دیوارە گڵەکەوە و دەیڕوانییە ئاسۆ گەش و قوولەکەی بەرامبەری، منداڵەکانیشی بە سرپە لە نێوانی خۆیاندا دەدوان.

-بۆ سەربازە جوولەکەکان قۆڵەکانی بابەیان بردووە بۆ خۆیان؟!

- نازانم، من رقم لێیانە، خەڵك دەمرێنن، دزن.

- ئەوە قۆڵەکانی بابەیان دزیوە، ئاخر نەختێ بیریان نەکردۆتەوە بڵێن گوناحە خۆی ئیشی پێیەتی و منداڵەکانی پێ دەگرێتە باوەش.

١٩٦٦

# ئەشکەوت

کۆمەڵێك خەڵکی هەمەجۆر لە بەردەرگای ئەشکەوتێکی دارِزاوی پیسدا کۆبوونەتەوە، هەندێکیان کەوتوون، هەندێکی تریان بە چیچکان و کەمێکیان بە پێوەن.

**(١)**

ئەشکەوتەکە لە چاوێکی ناشرینی ناقۆڵا دەچێ، رووکاری دیوی بە ڕیزە دانی هەراش و پەراس چنراوە، بەبەر دەرگاکەیدا ریزێ زمان شۆڕبوونەتەوە، دانەکان وەك دوگمەی پیانۆ بەرز و نزم دەبنەوە.

خەڵکەکە سێ بەشن، بەشێ دانیان نییە، بەشێ زمانیان نییە، بەشێکی تر هەردووکیان نییە.

لەم بەشەدا کەس دەم ناجووڵێنێ، هەموو بە مرقەی زگ قسە دەکەن بۆیە کەس نازانێ ئەوانەی قسە دەکەن کێن.

- ئەی چاوی کەڕوو هەڵهانیوی سوور هەڵگەڕاو
ئەی فرمێسکە درۆینەی چڵکنی چاو
ئەی دڵۆپەی تاریکایی دژ بە هەتاو
ژیانی تۆ تەواو، تەواو، تەواو
- وتیان ها- فەلسەفەی ژیان!
رازی بوونتان خەزنەیەکی بێ پایانە
هەرچی کەسێ لەوە لادا، بێ ئیمانە
- تەماشا بکەن، تێك ترشاوین و ناقۆڵا
گلێنەمان سوورە و چووە بە قووڵا
کەچی هێشتا ئەشکەوتەکان

یاسای هەموو ئەشکەوتەکان
دەنەڕێنن بەسەرماندا
- دەنەڕێنیٚ بەسەرتاندا، تف دەکاتە ناوچەوانتان
لەبەرئەوەی زەبوونن بۆ قومێك ئاو
پاروویێك نان
- رووی رسوامان دەبینن؟!
وەکو زبڵێن لەسەر شۆستەی شەقامەکان
وەك پشیلەی بیٚ نینۆکین
لەسەر پاشماوەی دڕندە..
دەژین، دەمرین، بەخێو دەبین
- کۆمەڵیٚ گۆشت و ئێسقانی داڕزیووین
لەناو توون و پەیندا، لێمان بووە بە هەرا
نازانین (کێچ) خوێن دەدا
یان خوێن دەبا
- کۆمەڵێکین لە گوێی رابردوودا نوستوو
دەڵێین: تا هەین، دوای پێشینانمان دەکەوین
ئەلف-بیٚ
(لە ڕووبار ناپەڕینەوە، بەڵام تەنیا مانگێك دەڕۆین)
(هەرچی خوا دای، ئەوە دەخۆین)
(کە ناچار بووین، بە-جوو- دەڵێین
بەڕیشی مەردانەت قەسەم)
(ناعیلاج بین سەر بۆ ماڵی دوژمن دەبەین)
(بترسین، ناخەلەسین)
لام — ئەلف لا

ترسنۆکی میراتمانە، ئاو و خۆراك و خەومانە
- خنکاو ئەگەر پەل نەکوتێ،
دووسەد شاڵی لەپشتدا بێ
هەر دەخنکێ
- لەسەرەوە، ئەلف-بێ:
(گیا لەسەر بنجی خۆی دەڕوێتەوە)
(چی لە مشك بێ، جەواڵ دەدڕێ)
(بە گەورەیی فێری پلاو خواردن ببی...
دەست بۆ لووتت دەبەی)
(سواربوون عەیبێکە، دابەزین دوو عەیب)
(کراسێ بدڕی بە پیسی، هەزار بدڕی بە پاکی..
هەر پیسی.. هەر پیسی)
- دیارە چارێك هەیە بەس
مرۆڤ ژینی مرۆڤی، چۆن ئەخاتە دەس؟!

**(٢)**

ئەشکەوتەکە پیستر بووە، بۆن دڕنی لێدێ، دانەکانی خێراترن لە جاران، زمانەکان، زمانەکان لوول دەخۆن، خەڵکەکە زەلیل ترن.

لەم بەشەدا هەموو دەم دەجووڵێنن، جاری وا هەیە یەکێك قسە دەکا، بەڵام دەبزوون بۆیە دیسان کەس نازانێ قسەکان هی کێن.

- ئافرەتەکە بەڵام خۆی فرۆشت بۆ دوو نانی خۆی و منداڵەکانی
-ئەو منداڵەی لە پارەی دوو نانەکە دروست بوو
هەر ڕسوا بوو، شارگەڕا.
تفیان دەکردە چارە

تف برسێتی تێر ناکا
بەپەلە کەوتە سووڕدان پێش ئەوەی کە خەت دەرکا
- ئێمە بەیداخمان لە قۆڵ دەبەست، ئەوانە چوونە ئاسمان کە ناوکمان دەگرتەوە، چوونە ناو مانگ
سوبحانەڵڵا هەرچی شتێ ئەو بیەوێ دەبێ روو بدا.
- دەڵێن گێتی، زانستێکە لەگەڵ مردندا شەڕێتی
- تەریقەتەکەی ئێمەش هەیەتی:
شیرو خەنجەر لەیەك دەسووین
ئاسن دەجووین
پیاڵە دەخۆین، گوێزان دەخۆین
بەردی هەڵمەقۆی جوان دەخۆین
- پارچە شووشە فڕێ دەدرێ، قاچی منداڵەکان دەبڕێ، هەڵناگیرێ و کەسیش نییە دەخلی بکا.
خۆ نمەك نییە کوێری بکا.
بەس پارچە نان هەڵدەگیرێ و قایم دەکرێ
نەك گیاندارێکی رووتەڵە لێی تێر ببێ.
- هەرچی کەسێ زۆر بکوژێ
ناوی دلێری لێدەنرێ
ئەوی بە شەو ماڵێ ببڕێ، باوکی پیاوە
هەرچی کەسێ ویستی بەرز بفڕێ، زوو پێ بگا
دەبێ ببێتە قوون لێسی بەگێ یاوەکو ئاغایەك
دەبێ فێری هەموو جۆرەکانی کڕنووش ببێ.
- ئەوەی پارچەیە ئاسن لە دەستی دێ
وتەی بەرز و بیری شیرین پێی ناکرێ

گیانی خەڵکی وەکو ئاسن ژەنگ هەڵدێنێ
دەبێ بە گاز، دان دەردێنێ
دەبێ بە ئاگر، چاو دەسووتێنێ.
- مانای ژیان:
دینارێکە
لەگەڵ ژنێ بۆ نان کردن.
لەگەڵ ژنێ بۆ چێشت لێنان.
لەگەڵ ژنێ بۆ سك و زا.
لەگەڵ ژنێ بۆ هەمدەمی تەنیا شەوان.

**(٣)**

ئەشکەوت پیسترە، دان و زمانەکان خێراترن، خەڵکانێك ترشاون بەسەر یەکدا.

لەم بەشەدا کۆمەڵێك گەنجی شڕۆڵە قسە دەکەن، دیارە کامیانە دەدوێ گەرچی هەر هەموویان وەکو بنێشت بجوون وایە

- ئەوەی دایك و باوکی ئازادی بکا
یەکسەر بەرەو بەهەشت دەڕوا
- ئەوانەی دایك و باوکیان نەیانەوێن خواش نایەوێن.
- دەڵێن گەورە و بچووکی هەر هەیە
(تۆ ئاغا و من ئاغا کێ جێگامان بۆ دابخا!)
- لە ئاوایی سنوور شارەکاندا
ئاغا زلە، موختار زلە
بەگلەر زلە، سەرکار زلە
- ئینجا لە ماڵەکاندا پیاو زۆر زلە
وتی بژی، دەبێ بژی

وتی بمره، دەبێ بمری
کچی فلانە بهێنە، دەبێ بیهێنی
شوو بە فیسار کەس بکە، دەبێ شوو بکەی
- ئەی دە وایە، گرنگ نییە کێت خۆش ئەوێ
کوڕ سەبەتە، کچ زەمیلە
بەرژەوەندی تێ داخنرێ
-هەرزە داوای ژن لە باوکی دەکا
باوکی سەیری ریشی دەکا
- ژن وەك گوێزانی تەراشە
هەرچی کوڕێ ریشی دەربێ
خێرا باوکی بۆی دەکڕێ
یەکەمجاریشی زەحمەتە
دوایی تا چوار خۆی دەیهێنێ
- ئینجا کوڕ و کاڵیان دەبێ، ماڵ پڕدەبێ
گرنگ نییە بە چ ڕێیەك بەخێو دەبن
گرنگ ئەوەیە لە حەوت کوڕ کەمتریان نەبێ
دەرگاکانی دۆزەخ حەوتن، بۆی دەتەنن
گرنگ وایە کەمتر نەبن لە حەوت دانە
هەر بە مەرجێ
بەهەشتەکەی بابەی چوار ژن مسۆگەر بێ
- لەناو شاردا کچ شووشەیە، کۆلۆنیایە
لەناو جامخانەی ماڵدایە
لە زۆر ماڵدا دەفرۆشرێ
هەرچی قەدری ریشی بگرێ

دەستیش ببڕێ، هەر دەیکڕێ
- هەر شووشەیەك سەر مۆر نەبێ
دەبێ بشکێ، دەبێ ورد بێ
با خاوەنی خاوێنترین کۆڵۆنیا بێ
- لە زۆر ماڵدا کچ تەلەفونە بۆ قسە
هەرچی کەسێك پارەی هەبێ
لەگەڵ دەیەها (بەدالە) قسە دەکا
- کچ تەزبیحە داوا دەکرێ، دەبەخشرێ
بە گرەوێ دەدۆڕێنرێ، رەد و بەدەلی پێدەکرێ
بە برنەوێ، بە تاپرێ، بە تانجیێ
ئاگادار بن (شێخان دەبێ شێخان بێنن
ئومی دەبێ ئومی بێنن)
- شەو قەڵای مێردانە، بەڵام
مێرد بە ڕۆژ چاوی نابینێ
بە ئافرەتی لەناو ماڵدا بەرگی نەخشین لەبەر بکا
قسەی شیرینی بۆ بکا، گوڵ و عەتر لە خۆی بدا
- پیاو هەر پیاوە، قسەی نەرمی خۆشەویستی
گیانەکەم و چاوەکەم و ناز پەرستی
عەیبە پیاوێ بە ژنەکەی خۆیی بڵێ
پیاو هەر پیاوە، نێر بۆ سەربڕین کراوە
کوڕگەلە شڕۆڵەکە جیا دەبنەوە و بە کۆرسێکی یەکدەنگی
- هەتا ئێرەمان هێناوە
ژانی ناسۆری کاسەکان لێی رژاوە
بەڵام دەبێ رەنگەکانمان دیاری ببێ

دەنگەکانمان دیاری ببێ
جیهان نابێ ئەشکەوتێکی ژەنگ گرتوو بێ
دەبێ ژیان پڕ ئاسوودەیی و ئاشتییەکی سەرکەوتوو بێ
چەوساندنەوەی میراتێکی لەناوچوو بێ

**(٤)**

ئەکتەرەکانی ئەم بەشە لەدایکبوون و بەردەوام خەریکی بوونن، دیکۆرەکانی ئەم بەشە کارگە و کێڵگە و بینای شارستانییە، لەم بەشەدا ئارایشتیان ناوێ

خۆیان مۆسیقا و دایلۆگی خۆیانن
پێویست ناکا هیچیان بە زمانەوە هەڵبەستێن
چونکە ئەوان خۆیان مێژوو دروست دەکەن

❊❊❊

**تێبینی:**

بەیان/ ژمارە ١٨/ ١٩٧٤

(ساڵی ١٩٦٨ نووسراوەتەوە، ساڵی ١٩٧٠ بەشێکی لە گۆڤاری کاری میللی- العمل الشعبی کە لە بەغدا بە زمانی کوردی و عەرەبی دەردەچوو، بڵاوکراوەتەوە. بەم شێوەیە و زۆر کەم دەستکارییەوە لە بەیانی ناوبراودا هەیە).

(ئەم کۆمەڵە چیرۆکە لە بژارکردندا خستنمە لاوە. بەڵام دوای ئەوەی کۆمەڵێ دۆست و برادەر دەستنووسەکەیان خوێندەوە سەرلەنوێ هانیان دامەوە کە گوایە بە قسەی ئەوان جوانن و شایانی ئەوەن خوێندەوار بیانبینێ، تەنانەت یەکێکیان توندوتیژ وەڵامی بەوە دامەوە کە من مافی ئەوەم نییە بەڕای تاکەکەسی خۆم بەرهەمی کێشەی کۆمەڵە ئادەمیزادێکی ئەم سەرزەمینە بشارمەوە لە خەڵکی بەو بیانووەی کە لەبارەی هونەرییەوە ناتەواون، بۆیە ناچارمام بەم جۆرە و بە جودا چاپیان بکەم. دەستم لەسەر دڵمە و بمبەخشن لە ناتەواوی).

# کۆمەڵە چیرۆکی سێیەم

## دڵدارانی شۆڕش

پێشکەشە:- بەو شۆڕشگێڕە نەبەردانەی مرۆڤێتی خۆیان لەناو خوێن و ئاگر و باروت و ئاسنی تواوەدا وون کرد و زەردەخەنەی لێو و دڵیان نەشێواند.

دڵشاد مەریوانی

## دڵدارانی شۆڕش

چیرۆکێکە لە شەش نامەی دڵداریی لاوێکی پێشمەرگەدا، ئەو لاوەی دڵی کردی بە پێشمەرگە

**(١)**

پێشکەشە بۆ هەڵبژاردەکەی دڵم شیرین خانم.

سلاوێك هەڵقولاو لە دڵی دڵدارێکی شەیداوە، نێردراو بە سۆز و شنەی دەمەوبەیاندا، تێکەڵ بە هەنسکی بۆنخۆشی گولالان.

خانمە شیرینەکەم: ماوەیەکی زۆرە پەپوولەی ئاوارەی مەیلی دڵم و گوڵی جوانیتە بەو هیوایەی لە دەرفەتێکدا بچرپێنێ بە گوێتا و بڵێ (خۆشم ئەوێیت).

نازدارەکەم.

لەلایەکەوە قژە رەشەکانت تاریکییە کە خەم و ئازارمی تێدا ون ئەبێ، لەلایەکی ترەوە نیگای چاوە گەشەکانت بەختیاری ژیانم نیشان ئەدەن، بۆیە ناچار لەم شارە

فراوانەدا وێڵم تا بتبینم و لە کاتی دیدەنیتا خەمیشم لە بیر چێتەوە و شادیش بـەدی بکەم.

دڵ فڕێنەکەم: ئەم نامەیە ئەگەرچی یەکەم نامەی دڵمە بـۆ تـۆی نـازدار.. بـەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گیانم، ناخم، ئارەزووم هەمووی بەزۆر ئاشنا ئەزانم لەگەڵتا وەك لە زۆر مێژوەوە گیرۆدەی یەکتر بین، وەك لە زۆر دێرینەوە گیانم لە بەهەشتی پـەیمانی خـۆش ویستنا دەس لەملانی گیانت بێت.

ئەستێرە گەشەکەم- شرین خانم

ئاگادارتم کە خاوەنی چ بیروباوەڕێکی.. منیش هـەر شـەیدای ئـەو بیروبـاوەڕەم.. بۆیە بێ ترس سوێندت ئەدەم بەو بـاوەڕە پـیرۆزە وەڵامـی نامەکـەم نەخەیتـە پشـت گوێ.. باش بزانە مەبەستم لەم پەیوەندییەی نێوانمان تەنها ئەوەیە کە کیژ و کوڕێکی هاورێگای راست مەبەستیانە بۆ گەیشتن بە شادی هەردووکیان لە سنووری خێزانێکی رزگاربوودا، تکایە تۆش چی هەسـت ئەکـەی بـە راسـتی بـۆم بنووسـە، بـا کلپـەی چاوەڕوانی زیاتر ئازارم نەدەن.

خوات لەگەڵ نازەنینەکەم

ئەی پەیکەری خۆشەویستی هۆش و خەیاڵم

ئەوەی خۆشی ئەوێیت لە هەموو ناخییەوە

-بێستوون-

**(٢)**

بۆ ئەو شیرینەی بە وتەی شاراوەی گڕی دڵم بلێسەدارتر ئەکات شیرین خانم.

سڵاوی لەو دڵەوە کە بە چاوی خۆشەویستێکی پەسەندکراو زیاتر توانای نییـە بـە هیچ جۆرێکی تر تێت بڕوانێت، هەزاران سڵاو بۆ تۆی دڵی مـن، خۆشەویسـتی مـن، شیرینی من.

دڵەکەم، نامەکەتم پێگەیشت، بەڵام بێگومان ئەوە بوو کە من چاوەڕێی بووم.. لە سەرەتاوە نوسیبووت (بۆ برای خۆم) وە لـە دێڕێکـی تـردا نووسـیووتە (مـەیلی تـۆ بەرامبەرم شتێکی ئاشکرا بوو لە لام، بە تایبەتی ئـەو جـارە کـە وەکـو لیژنەیـەکی پشکنین هاتیت و ماوەیەك سەرپەرشتی کۆبوونەوەکەمانت کرد زیاتر هەستم کرد بـەو مەیلەت بەڵام من لەو رووەوە لێکم نەئەدایەوە بەڵکە لە روویەکی تـرەوە کـە گوایـە تەقدیری جم و جۆڵی تێکۆشانم ئەکەیت، هەرگیز چاوەڕوان نەبووم لاوێکی نیشـتیمان دۆست و تێکۆشەری وەکو تۆ نامەیەکی دڵداری بنووسێ) گیانەکـەم ئـەوە قسـەکانی خۆتە.. بەڵێ لاوێکی وەکو من نامەی دڵداری بەو جۆرە ئەنووسێ چـونکە تێکۆشـان بۆ نیشتیمان مانای دڵ مراندن نییە، مانای توانەوە نییە لە ئاگر و باروتێکی زۆردا.

تێکۆشانی ئێمە بۆ رزگاری من و تۆ و ئاوەڵەکانمانە.. بۆ رزگاری نەتەوەکەمانـە، ئەگینا من چی لە خاکێکی وشکی رزگارکراو بکەم کە خەڵکەکەی مـردوو بـن، کـە نازدارەکانی بەرد بن، کە تامی سەربەستی لەناو جەماوەرێکی لێبووردە و خـاوەن دڵ و زەردەخەنە نەچێژم؟

شیرینە دڵپاکەکەم نووسـیووتە (مـن تـۆم خـۆش ئـەوێت بـەڵام وەکـو برایـەکی هاوخەباتم) من لەکاتێکدا کە سوپاسی ئەو هەست و مەیلە ناسکەت ئەکەم لەهەمان کاتدا ئەڵێم: بم بەخشە من تۆم وەکو دولبەرێکی نازدارم خـۆش ئـەوێت، هـەروەهاش لەبەرچاوم.. بڕوامەکە هیچ هێزێك بتوانێ ئەو مەیلە پەرستراوە دەربێنێ.. من هەوڵم داوە وەکو خوشکێکی هاوخەبات تۆم خۆشـبوێت بـەڵام سـەرنەکەوتم. ئینجـا نـۆرەی تۆیە، تۆ هەوڵ بدە وەکو دڵدارێکی شەیدات منت خۆش بوێ.. تکایە وزەیەکی خۆت بخەکار (ئەگەر خوارییەکیش لە مندا شك ئەبەیت و ئەبێتە هۆی سـەرنەکەوتنت لـەو کارە ئەوا پێم بڵێ تا خۆم راست کەمەوە، چونکە من ئامادەم بۆ چاك کردنی خۆم بـە تایبەتی کە لە رەزامەندی تۆی شیریندا بێت).

خانمە چاو جوانەکەم، کەمێك بەزەییت ببێ و واقیعی تـر بڕوانـە هەڵوێسـتەکەی من.. هیچ تێدا نییە لاوێکی وەکو من حەز بکات لە کیژێکی نەشمیلەی وەکـو تـۆ..

بازروفی ئێستامان منی خستبێتە سەر ڕێگایەك کە نەرمی و بەزەیی تێدا نەبێت لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجەکانماندا بەڵام ئەوە، ئەوە ناگەیەنێت کە من خاوەن دڵ نیم، خاوەن مەیل و ئارەزوو نیم، خانمەکەم منیش مرۆڤێکم وەك ئەو هەموو خەڵکە و خاوەنی چاکە و خراپەی خۆمم.

گیانە ئازادەکەم.. دەستم بۆ راگرتووی تا دەستت درێژ ئەبێ بۆ لامەوە لەنێوانی هەردوو دەستی گوشراومانا پەیمانی وەفاداری ببەستین بۆ نیشتیمانەکەمان و خۆشمان.. چاوەڕوانی وەڵامم، بەڵکو بتوانیت لەم سەرسامییە رزگارم کەیت و سنوورێك دابنێیت.

فریشتە دڵ نازدارەکەم ئەی تابلۆی شیرین تر بێ ئاوازی بینراو خوات لەگەڵ.. هیوام گەشی و سەرکەوتنتە

- بێستوون -

**(٣)**

ئەی شرینی من.. ناسکۆڵەی دڵنەرم، فریشتە دڵبەرەکەم، شادی دڵ و ناخم، هاندەری گیانم بە بێ ترس بۆ بەدەستهێنانی ژیانی سەربەستی، شیرین گیان.

نازانم چۆن سڵاوی ئەمجارەت بۆ بنووسم.. لە خورپەی دڵمە لە دەنگی بولبولدا.. لە لەرەی چڵی دەم بە گوێدا.. لە پرشنگی گزنگی خۆردا لە هەر شتێکدا کە نموونەی ناسکی و جوانی بێت، هەزارەها سڵاوی تێدایە بۆ تۆی شیرین کامیانت پێشکەش بکەم؟ لە هەموو جیهانی جوانییەوە جوانترین سڵاو بۆ تۆی شیرین و جوان.

ئەو شادییە.. ئەو کامەرانییە، ئەو ئاوازە ناسکە، ئەو وشەی هەنسکە پڕکامە چی بوو کە بە خوێندنەوەی نامەکەت چوونە سنگمەوە و هەموو قورسی و تەمی خەم و بێدەنگی رەشیان لە سنگم دەرپەڕاند و وایان لێکردم لە خۆشیدا خەریك بم باڵ بگرم؟؟

رووناکی دیدەکانم، ببوورە لەوەی کە نازانم چۆن سوپاسی دڵت بکەم. نـازانم چـۆن شادی دڵت بۆ دەربڕم، هەموو شـتێ لەبەرچـاوم سـەما ئـەکا، توانـای داگیرکردنـی هەستی خۆم نییە تا بۆت بەندی نووسین کەم و چاوە نازدارەی گەشەکانت بیخوێنەوە.. پەیکەرە پەرستراوەکەی ژیانی دوارۆژم شیرین گیان، بڕوا بکە لەبەرچاوم پیتەکانی گوڵ ڕەنگەکەشت سەمای ئەکرد، بە دەممەوە خەندان بوو، سەمای بۆ خوای دڵداران ئەکرد، چۆن؟ (تۆ دڵی منت قبوڵکرد کە تۆی خۆش بوێ و لە دڵـی خۆشـت رازی کـە مـنی خۆش بوێ). منیش تەنها هەر ئەوەم ئەوێ شەیدای ئەو هەستەم.. وە داواکاریم تەنها ئەوەیە کە راستگۆ و دڵسۆز بیت لەگەڵم لە هەموو رووداوێکی ژیانت ئاگادارم کەیت و بمکەیتە ئـاوەڵی هـەموو تـەنگ و چـەڵەمەیەکی ژیانـت، شـادی و سـەرکەوتن و تەندروست و باشیت هیوامە..

ئەوەی خۆشەویستیت ئەپەرستێت لە گریان و پێکەنینا

-بێستوون-

**(٤)**

پێشکەشە بە شازادەی باخی دڵم و کەژی باوەڕ و ژیانم شیرین.. خانمە شیرینەکەی دڵم.

سلاوێکی پڕ لە وشەی ئاورنگی سەر پەڕی نەرمی نێرگزەکانی بەهار، گەشەدار بە عەتری مێخەك و ڕێحانە و گوڵەباخەکانی نیشتیمانەکەمان، سـلاویك بـۆ ئـەو دڵـە ناسکەت، بۆ ئەو ناخە پڕ لە نەرمی و بەزەییەت ئینجا ماچێکی شـیرین بـۆ پێلـوی نەخشینی ئەو چاوە جوانانەت، خانمە وردیلەکەم، نەخشینە نەشمیلەکەم.

وا وەرزی بەهار بەرەوە کۆتایی ئەڕوات، نەمانتوانی وەکو دوو دڵداری سەربەسـت بکەوینە باخێکی تەڕ و جـوانی نیشـتیمانەکەمانەوە و چاوشـارکێ لەگـەڵ گوڵاڵـە و نێرگز و گوڵ باخەکانی بکەین و چاوی یەکتری بە نیگاری یەکتر بڕێژین و راز و نیازی دڵمان لەگەڵ نازی نەغمەی دەنگی بولبولەکاندا بۆ یەکتر بکەین.. بەلام من بە هیوای ئەو رۆژە.. لە ئێستاوە دڵ خۆش و کامەرانم.. پشت بە یەزدان لە دوارۆژێکی نزیکـدا

هەموو -خۆزگە- کانی ئێستامان ئەبێ بە ئۆخەی و ئەوسا دەست لە مـل ئەکـەین و بە ماچ قسە لەگەڵ یەکتری ئەکەین.

خۆشەویستم.. بەشکو بتـوانم رۆژی پێـنج شـەممەی داهـاتوو بتبیـنم دوای ئـەوە دیارییەکان بەرە بۆ بەشی خۆتان.

هەمیشە دڵ لە لات. — بێستون-

**(٥)**

شیرین گیان، چاوەکەم، دڵەکەم، رووناکی باوەڕم، تەندروستیم... زۆر باشە.. هیچ خەم مەخۆ لە بەندبوونم تەنها هەر خۆم نیم، ئەو لاوانەی لەگـەڵما گـیراون و پێکـەوە سزا و دیلی ئازاری لێدان ئەچێژین هیچیان لە من کـەمتر نـین، بەڵکـە زۆر لـە مـن نەبەردترن، لەگەڵ ئەوەشدا کە بەندین و ریسواین، بەڵام خۆمان زۆر بە بەرزتر ئەزانین لەوانەی ئێستا دەسەڵاتیان هەیە بەسەرماندا.

شیرینە جوانەکەم هیوای من لەم کاتەدا شادی تۆ و خەم نەخواردنتە. هـەوڵ بـدە نەبەرد بیت چونکە باری ئێستای نەتەوەکەمان وا پێویست ئەکات کە ئافرەتەکانمان لە پیاوەکانمان بەتواناتر و خۆراگرتووتر بن..

هیوامان هەیە بە بەربوونمان، خۆ ئەگەر رێگای ئێستامان بـەرەو مـەرگی بـردین ئەوە بزانە هیچ جێگای ئازار نییە بۆ ئێمە تەنها ئەوە نەبێ ئەمان ویست لـەم مـاوە کەمەی گەیشتوینێ لەوە زیاتر بمانتوانیایە لە کۆڕی خەباتدا بین تا زیاتر سوودبەخشتر بوینایە.. بێگومان من خەمێکی تریشم هەیە ئەوە نییە کە تۆ خۆشەویسـتمی ونـت ئەکەم بەڵکو لەوەی کـە ئەبمـە هـۆی ئـازار بـۆ ژیـانی تـۆ و ئەبمـە یـادێکی رەشـی فرمێسکاوی لە شریتی ژیانتا، بەڵام پشت بە خوا شتی وا روونادات، پێوستە هەموو دەم پێبکەنیت بۆ ژیان، نامەکە وا خەریکە تەواو ئەبێ ناتوانم لـەوە زیـاتر بنووسـم، خۆشت تووشی ئازار مەکە بۆ بینینم چونکە نایەڵن کەس چاوی پێمان بکەوێت.

ئەوەی تۆی لەیادە هەموو دەم. — بێستون-

**(٦)**

شیرین گیان.. شیرینە بێدەنگەکەم، نازدارە نازدارەکەم، چاوە جوانـەکانت بـەدەر نـین لـە نامەی ئەمجارەت بخوێنەوە، لە جێی نامە پڕ لە سۆزەکانی من ئێستاکە بەردی ساردی سـەر گۆڕەکەت لەبەردەمدایە بۆ ئەبێ تۆ بۆ من نەبی؟!

دڵە راکشاوەکەم.. دوێنێ لە بەندینخانە بەربووین.. هاتمە ماڵەوە.. پاش ئەوەی لە لێواری مەرگ گەڕامەوە پەلاماریان دام.. دایکم لەخۆشیدا دەگریا.. پاش کەمێك حەسانەوە.. ریشم تاشی، دایکم کەوتە تەماشاکردنم.. جارجار فرمێسك بە چاوەکانیا ئەهاتە خوارێ.. لـە مـن وایە ئەو فرمێسکانەم هی شادی بەربوونمە، بە دەم پێکەنینەوە ئەم ووت، دایەگیان، بەسە ئیتر، ناخۆشی مەکە ئەوە نییە ساغ و سەلامەت لەبەردەمتام ریشم ئەتاشم و خۆم قۆز ئەکەم پـاش نەختێکی تریش ئەچمە دەرێ بۆ گەڕان، لەمێژەوە سلێمانیم نەدیوە، لێم گەڕا تا قسەکانم تەواو کرد و لە ریش تاشینەکەم بوومەوە، پاشان پرسی (ئەچیت بۆ ماڵی؟) زۆر سەرم سوڕما لەوەی کە بە پەیوەندی نێوانمان ئەزانێ.. زیاتر خستمیە جیهانێکی ترەوە کە بۆی گێڕامەوە، چۆن تۆ هاتویت بۆ لای دڵخۆشیت داوەتەوە و پێت وتووە کە براکەی تۆشیان گرتووە کەس نازانێت چی لێهاتووە.. وردە وردە بۆی گێڕامەوە کە چۆن هەواڵی شەهیدبوونی کاکت زانیـوە.. چـۆن بـە تەنها خۆت و باوکە پیرە هەژارەکەت ماونەتەوە.. وە چۆن لە سەربانی خانووە نزمەکەتانـەوە هاتوونەتە خوارەوە تا دەستدرێژی بکەنە سەرت و تۆش پێشـئەوەی دەسـتیان بتگـاتێ پـاش ئەوەی زانیوتە کەس ناتوانێ بێت بەدەنگتەوە.. خۆتت.. بەڵێ خۆتت کوشت، باوەڕم نـەکرد، وەك شێوە شێتێکم لێهات، باوەڕم بە کۆچ کردنت نەکرد، تا خۆڵی گۆڕەکەت خشا لە دەستم..

خۆشەویستە هەرگیز نەمرەکەم

ڕووڕەشی بەردەمی تۆ و میللەتەکەم بم، ئەگەر تا من ماوم شەڕی رزگاری ماوە لە ڕیـزی پێشەوە نەجەنگێم.. گڕی تۆڵە بووە بە تێزابێك دڵم کون ئەکا.. بە خوێنی دوژمنەکـەم نـەبێ خاو نابێتەوە.. خوات لەگەڵ شیرینەکەم تا ئەمجارە یا گیانم دیتەلات یان لەش و گیانم ئاوەهـا دێتەوە سەر گۆڕەکەت -

گڕی تۆڵەی تۆ لەسەر زەوی-بێستوون- ی خۆشەویست.

## مامۆستا

هاتوچۆکردنی مەلەکانی ئاسمان و خەڵکی و ئوتومبێلەکانی زەوی ئەم شارە بەرەو سستی رۆی.. گلۆپی خانووەکان وورده وورده یەك لەدوای یـەك کوژانـەوه و تـاریکی گرتینییه باوەشی خۆی:

جموجۆڵی شارەکه کەم بووەوە، پەردەیەکی هێمنی کپی به سەر شارا کشـا، شـەو بەرەو درەنگ بوون ئەڕۆی، تەنانەت یاساوڵه دەست بەچـەکەکانی شـەویش وەنـەوزی خەو ئەیبردنەوه و بێزاری تەنگی پیّ هەڵچنی بوون.

دوو کەس لەوانەی شەوکارن و لەسەر پارە و ئاڵـتوون و کەلوپەلی خەڵکی خۆیـان ئەژێنن، بەبیّ خشپە .. بە دزی یاساوڵەکانەوه بـەرەو خانوویـەکی قەشـەنگ خۆیـان ئەکوتا کە بە رۆژ دەست نیشانیان کردبوو بۆ ئەوەی ئەمشـەو بچـنه نـاوی و چـییان دەست کەوت بی پێچنەوە.

خانووەکە چیمەنێکی درێژکۆڵەی هەبوو دوو ریز دارسنۆبەری تێدا بـەرز بـووەوە و پەنجەرەی ژوورەکانی پێشەوەی ئەیان روانییە سەر ئەو چیمەنە.. زۆر سـەریان سـوڕما کە بینیان یەکێك لە ژوورەکان رووناکیـەکی هـێمنی تێدایـە و لاوێکـی چوارشـانەی گەنمڕەنگ، کـەمێك لاواز و باڵابـەرز دانیشـتووە لەبـەر تیشـکی (٣) سـیّ مـۆم دا خەریکی خوێندنەوەی کتێبێکە.. ژوورەکەشی چـەند تابلۆیـەکی بچـووکی تێدایـە و چـەند ریزێـك کتـێبی لـەناو نامەخانەیـەکی بـەدار دروسـتکراو دانـراوە.. دزەکـان تەماشایەکی یەکتریان کرد و وازیـان لـیّ هێنـا، دەسـتیان کـرد بـە تاقیکردنـەوەی ژوورەکانی تری خانووەکە بەڵام زۆر سەریان سوڕما کە ژوورەکان هیچیان تێـدا نـەبوو تەنها ژووری نان دروست کردن نەبیّ، چێشتخانەیەکی بیّ سەرو پیّ بـوو، تـەباخێك و چەند دەورییەکی لیّ دانرابوو لەگـەڵ کـەمێك خـوارادنی سـاوار، لـەنێوانی خۆیانـدا خەریکی باسی ئەم رووداوە سوێرە بوون.. مانای چی؟

ئەی کە ئەم لاوە تەنها خۆیەتی، ئەم خانووە قەشەنگە مانای چی؟

لەپڕ گوێیان لەدەنگی نایەکی زۆر بەسۆز و هێمن بوو وەك ئەو دەنگە پڕ سۆزە دەستی هەبێ و رایان بکێشێ بەرەو لای دەنگەکەوە چوون، بینیان لاوەکە خۆیەتی، تەماشایەکی یەکتریان کرد وەك بڵێن:

ئێمە هاتین بۆ ئەوەی شتێکمان دەستکەوێت، کە هیچیشمان بە هیچ نەکرد بۆیە داخی نەزانینی نهێنی ئەم لاوە بچینە دەرێ.. با بڕۆینە لای بەڵکە نهێنی بزانین و دڵمان بحەسێنێتەوە، هەردووکیان زۆر بە هێمنی چوونە ژووری و بە دەست سڵاویان کرد لە لاوەکە.. بە سەر وەڵامی دانەوە و نایەکەی لە لێوی نەکردەوە، پاش ماوەیەکی تر زۆر بە لاساری وەك لە چایخانە بوویێت و دوو ئاوەڵی هاتبن بۆ لای بەخێرهاتنی کردن پاش ئەوە وەك لەوەوبەر قسەی لەگەڵدا کردبن و ئێستا قسەکەیان بۆ تەواو کات وتی:

هەرگیز دیوی دەرەوەی شت قاڵبێکی رێك نییە بۆ زانینی جەوهەریی تەواوی ناوەرۆك.. خانووە قەشەنگەکەی من سەرنجی ئێوەی راکێشا هاتنە ناوی.. پاش گەڕان ئەوەی لای ئێوە نرخی هەبوو ، پێویستان بوو تیایدا نەبوو.. چونکە ئەوەی ئێوە پێویستتان بوو نەتاندۆزییەوە، ئینجا ئەوەی نرخی پەیدا کرد لاتان پرسیارەکانتان بوو بۆیە هاتن لەگەڵ ئەوەشدا کە هەموو سامانی گیان و ژیان و ناخی من لەو ژوورانەدایە.. لە یەکێك لەو ژوورانەدا گۆڕی دەستگیرانەکەمی تێدایە دەستی لە ملما بوو کاتێك مرد، لە ژوورێکی تردا گۆڕی دایك و باوکمی تێدایە، لە باوەشیاندا بووم کاتێك مردن، لە ژوورەکانی تریشدا گۆڕی بیری چەندەهای وەکو ئێوەی تێدایە.. چەندەهای وەکو ئێوە کە بەدرێژایی چەند ساڵێك شەوان بەپێی خۆیان هاتوون.

لێوی نایەوە بە (نای)یەکەی دەستییەوە و بە هێمنی کەوتە فودانی، وەك ئەو قسانەی رابوردووی وەرگێڕانی ئاوازەی پێشوی بوویێت و ئێستاش ئاوازێکی تر فوودەدات تا پاش ماوەیەکی تر ئەویشیان بۆ وەرگێڕێتە سەر قسە و تێی بگەن.. دوو دزە بەنج بوو بوون کەوتبوونە جیهانێکی سەیرەوە بە تایبەتی خۆراگرتنی لاوەکە و هێمنی و چۆنێتی دەربڕینی قسەکانی کارێکی زۆری کردبوونە سەر.. کپی کردبوون.

له فووكردن وەستا، نایەكەی خستەلاوە كەوتەوە سەر قسەكردن:

براینە.. كە ئێوە خۆتان حەز ناكەن زەرەر بكەن چۆن حەز بە زەرەری خەڵكی دەكەن؟ كە خۆتان حەز نەكەن كەسماڵتان بە خۆڕایی بخوات بۆ ماڵی خەڵكی ئەخۆن.. بۆ ئەی بەن؟

بۆ گیانی بەزەیی و ئاشتی و شادی بۆ گشت ناخەنە دڵتانەوە؟ مرۆڤ بە كاركردن مانای ژیان و حەسانەوە ئەزانێ.. بە هۆی تاڵییەوە ئەزانێ نرخی شیرینی چییە.. كاربكەن، هەوڵبدەن، بە ئیشكردن گاڵتە بە كۆسپی ژیان بكەن- بە ئارەقی ناوچەوانتان دڕكی سەر ڕێگاتان نەرم كەن.

بۆچی؟ بۆ بە درێژایی شەو لە اوەشی تاریكی كۆڵانە تەسك و ساردەكاندا ئەبن و لە باوەشی خێزانەكنتانا نابن كە بەهەشتی كامەرانی و نەرمییە بۆ ئێوە؟

بۆ ئەو گوێیەی بە ترسەوە شلی ئەكەن بۆ دەنگی پۆستاڵی یاساوڵەكانی شەو، شلی ناكەن بۆ دەنگی بەهەشتی ئاوازی گریان و پێكەنینی منالە نەشیملەكانتان؟!

ئیشكردنتان لا شورەیی نەبێ ژیانتان، منالتان، خەڵكی هەمووی ، بە بەرگی قوڕاوی و گەچاوی و كرێكارییەوە بتان بینن گەلێ سەربەرزترە وەك لەوەی بە بەرگی زەلیلی و بەندینخانەوە بتانبینن.

بێجگە لە خۆتان بیرێك لە منالەكانتان بكەنەوە كە لەناو ئاوەڵەكانیاندا هەر كاتێك باسی باوك كرا ئەبێ یان گوێ بگرن، یان شەرمەزار و سەرشۆڕ بن.. با بەرگەكانتان شڕ بێت بەڵام خاوەنی ویژدان و سەربەرزی بن، .. دیوی دەرەوەی ناو كۆمەڵ لای كەم هۆشان نرخی زۆری هەیە.. خانووەكەی منیش دەرەوەی قەشنگە- خۆ دیتان دیوی ناوەوەی چۆنە.. لاوەكە بێدەنگ بوو تەماشای گۆشەیەكی ژوورەكەی ئەكرد كە هیچی لێ هەڵنەواسرابوو- هەردوو دزەكەش بەسستیەكەوە هەڵسان بەسەر ماڵ ئاواییان لێ كرد ئەویش دیسانەوە بە سەر وەلامی دانەوە.

دوو ڕۆژ دوای ئەو كارەساتە بوو.. لاوەكە لەناو بازاڕ ئەگەڕا.. هەردووكیانی دیتەوە خەریكی كاركردن بوون هەر كە ئەمیان دی وتیان: بەیانیت باش، مامۆستا.

ئەویش بە زەردەخەنەیەكی پڕ لە خۆشیەوە وەلامی دانەوە.

# پیرۆت و خەرامان

تەقە و شریخەی فیشەك و زرم و کوتی رمبازێنی لاوەکانی پێش کەژاوەکە تەپــە و زیقەی دەهۆڵ و زوورنا و بەستەی گۆرانیبێژە دەنگ خۆشــەکە جیهــانێکی تایبــەتیان دروســت کردبــوو، بەهەشــتێکی پــڕ لــە ئاهــەنگیان پێکهێنــابوو.. خــەرامان لــەناو کەژاوەکەیدا پاڵی دابۆوە و گەشــی و روومەتــەکانی و نــازی رەوتــی ولاخەکــەی کــە جارجار سەری هەڵئەدا بۆ دواوە  و یاری بە یاڵە خاوەکەی ئەکرد و حیلەیەکی شــادی ئەی حیلان دیمەنێکی جــوانتر و ناســکتریان دابــوو بــە کــەژاوەی بــووك، کەژاوەکــەی خەرامان کە لە ڕێگای دا بوو بەرەو ئەو ئاواییەی پیرۆتی دستگیرانی لێیە.. ئەو شاخ و دۆڵ و شـــیوانە دەنگیـــان ئەدایـــەوە و ئـــاوازی ئـــەم بەزمـــەیان وەك ســـەمفۆنی هونەرمەندێکی دڵ گەشی ئەخستە بەر پەرەی گوێ.

خەرامان، جار جار تەماشای لای چەپی رێگاکەی ئەکرد کە ریزە شاخێکی تــاش تاشی بەرز بوو، جارجارێکی تریش ئەی روانییە لای راستی رێگاکەیان کە دۆڵ و شیو و هەزار بە هەزارێکی قووڵ بوو لە زۆر شوێندا جۆگەی کانی بچووك بچووك رێچکەی ئەکرد بەرەو خوارەوە..

تاوە تاوێکیش کزەبایەك فووی ئەکرد لە دەم و چاو و گــەردنی وەك وردە ئــارەقی شێوە ئاورنگی ئەو سەرەتای هاوینە لە کولم و گەردنی خــەرامان هەڵمــژێ و فێنکــی بکاتەوە.

لە چاوە گەشەکانیا یادی شیرینی چوار ساڵ دڵــداری خــۆی ئەنوانــد. بــیری لــەوە ئەکردەوە کە پیرۆتی دەزگیرانداری لە دێکەی خۆیانــەوە دوو ســەعات زیــاتر بــە پــێ ئەهات تا لەناو چنارەکانی دوور لــە ئــاوایی یــەکتری ببیــنن و ســەری لــە نەشــئەی لەسەرکۆشی نەرم و پڕ لە بەزەیی ئەمدا پشوو پــێ بــدات.. وا ئێســتا بــە ئاشــکرا، لەبەرچاوی هەموو خــەڵکی بــووکێکی رازاوەیــە و بــەرەو لای پیرۆتــی خۆشەویســتی

ئەڕوات.. ئـەو ئاواتـەی دێتـەدی کـە چـوار سـاڵ زیـاتر خـەوی پێـوە ئـەدی و بـۆ ئەستێرەکانی ئەگێڕایەوە و هەڕەشەی لێ ئەکردن کە بۆ کەسی نەگێڕنەوە.

لەپڕ وەك کارەساتێکی زۆر گـرنگ رووی دابـێ، دەهـۆڵ کـوت دەسـتی وەسـتا، زووڕناژەن فووی نەما، خزم و کەسی خەرامان پەنجەیان لەسەر پەلەپیتکەکانیان وشـك بوو پێیان  لە ئاوەزەنگیان سست بوو ، گۆرانیبێژ وشەکانی سـەر لێـوی کوژانـەوە.. وەك تەلیسمێ هەموویانی گرتبـێ تەنانەت وڵاخەکانیش لە ناز کـەوتن و سەرسـامی پەلاماری دان.

سوارێك لە ڕێگای پێچ پێچی شاخەکەی بەردەمیان بە پرتاو بەرەو روویان غـاری ئەدا و بە دەستیش نیشانەی ئەکردن کە بووەسـتن، زۆر کـەمی بـرد گەیشـتە لایـان، وڵاخەکەی گرتەوە بە لوول دانێکـی شـارەزایانە -بـایز- ی پـورزای پـیرۆت بـوو بـە شلەژاویەکەوە لە وڵاخەکەی دابەزی —لە سوارانی کەژاوەکەشەوە یەکێك دابەزیـە لای لەوە ئەچوو ئاوەڵزاوای پیرۆت بێت و سەردەستەی کەژاوەکەش بێت. هەرکە دابەزی بە پرسی بایزەوە- بایز وەك منداڵێکی بێ دەستەڵات بە گریانـەوە خـۆی فڕێدایـە سـەر سنگی و یەکتریان ماچ کرد، بەدەم هەنسکەوە وتی: وریا گیان.. چیمان لێ ئەکـەی- پیرۆتی پوورم..

سوارە دابەزیوەکەش کە بە وریا- ناوبرا بە پەشۆکاویەوە وتی: قسە بکە ناشێ..

پێش ئەوەی قسەکان تەواو بکات، دیسانەوە بایز بـەدەم قـوڵپی گریانـەوە وتـی: لەگەڵمانا هەڵ ئەپەڕی.. لەپڕ دەستی شل بوو.. کـەوت.. چـارێکمان بکـە.. ئێسـتا لەوێ شینە و قوڕپێوان.. ئێوەش بەم شێوەیە بهاتنایە هەموو شێت ئەبوون وام بە اش زانی- فریاتان کەوم.. چیم لێئەکەی، وریا گیان؟!

هەموو پڕ بوون.. تاس ئەیبردنەوە وەکو نەزانن چۆن بتەقنەوە لەڕووی ئەم کۆسـتە کەوتووەدا تا هەر لەو ساتەدا لەپڕ لە هاوار و لە زریکەیەك ئاگادار بوون. کە روانیان خەرمانە.. لەو هەزار بەهەزاری دۆڵ و شیوە قووڵانەدا تەپ و تل ئەداتە خوارێ.

# فیشەکێك

شەوی تاریك لەشی هەردوکیانی پێچابوو لەخۆیەوە.. بای فێنك نم نم بارانی ئەو شەوی بەهارەی ئەدایە روومەتیانا.. مانگی چواردە جار- جار کە لە ژێر پەڵە هەورەکانەوە خۆی ئەنواند، تیشکی نەخشینی لە نێوان گەڵای دارگوێز و چنار و میوەکانەوە ئەنار‌دە سەر سەوزەگیای بە نمەباران تەڕبوو.. باوەشیان کردبوو بە یەکدا وەك ئەو هەموو جوانی و ناسکی ئەو دیمەنانە - بەس نەزانن بۆ شادیان و بە ماچی گەرم سۆزێکی تر بدەن بە شەوگاری شیرینی بەهار.

- نێرگز.. نێرگز (بەدەم هەنسکی مەنگ و نەرمی ماچەکانیەوە ئەی چرپاند بە گوێیدا).

- فەرەیدون- دڵەکەم.

- ناترسیت؟

- تا بە تەنیشتەوە بم.. بڕواناکەم مانای ترس بزانم..

- ئێستاکە ئامادەی بڕۆین؟ چونکە درەنگ نەکەوین باشە.

- راست ئەکەی.. تا ئاغامان لە راکردنەکەمانی نەزانیوە.

- بەیانی کە- کەس نەبوو چای دیوەخان لێنێ، کە کەسیش نەبوو لە خزمەتی ئاغاژنیا بێت.. ئینجا بە هەردووکمان ئەزانن.

- بڕوا ناکەم تا بەیانی ئەوەندە نەڕۆین کە ئاغا دەستی بمانگاتێ.

- تا بەیانی لە سنووری دەسەڵاتی ئەو دەردەچین.

- ئێستاکە کە بێجگە لە دلێری ئاوەڵت کەسی تر بەم پیلانی راکردنەمان نازانێت؟

- نەء .. هەر دلێرە.

- ناترسی بە ئاغا بڵێ؟

- دڵە شیرینەکەم.. با بەدەم رێگاوە قسەکانمان تەواو کەین.

- باشە.. (پێکەوە کەوتنە ڕێگا، بۆ دەرچوون لە سنووری ئاغایان).

- فەرەیدون گیان.. تۆ بڵێی دلێر بە ئاغا نەڵێت؟!

- باوەڕم زۆر پێی هەیە و یەکتریشمان خۆشئەوێت و هەر ئەویش بوو ئەم پلانەی ڕاکردنەی دانا لەپێناوی بە یەکتری گەیشتنمان..

- بەیانی.. کە ئاوایی، بە ڕاکردنەکەیان زانین.. ئەڵێن چی؟

- خەڵکی ئاواییەکە وەکو من و تۆ چەوساوە و هەژارن، بڕواناکەم قسەی خراپمان لەدڵەوە پێ بڵێن.

- ئاخر ئەو چەوساوانە بە نەریتی کۆن و چەوساندنەوە گیرن و دڵپاکن بەرامبەر دوژمنمان، زۆر ڕێی تێئەچێ بڵێن، دوو نۆکەری ئاغا حەزیان لەیەکتر کرد و ئاغا گوێی لێ نەگرتن، ئەوانیش قسەی ئاغاکەیان شکاند و ڕایان کرد بەرەو شاری بێ شەرمی و ئابڕووتکاندن.

فەرەیدون هەڵوێستەیەکی بۆ کرد و هەردوو باڵی نێرگزی خۆشەویستی گوشی بە سنگییەوە، بەدەم ماچ کردنی ناوچەوان و برۆکانییەوە وتی:

- هەرچییێك ئەڵێن، با بیڵێن.. گرنگ خۆمانین.

- فەرەیدون گیان.. ئەی تۆ ئەڵێیت چی؟

- من ئەڵێم:- دوو گوڵی تەڕ و دڵپاك، یەکتریان ئەپەرست بەڵام لەژێر سێبەری توتڕکێکی ژاراوی و ناپەسەندا بوون.. باڵیان بۆ یەك چنی و ئەو یاسایەیان شکاند کە گوڵ ناتوانێ بڕوێ و دایان لە شەقەی باڵ، بۆ شاری دڵدارانی یاخی بوو لە زۆری تووتڕك و خاشاك.

- فەرەیدون. دڵە خۆشەویستەکەم.. لە قسە شیرینەکنتا جیهانێکی تر ئەبینم، لەو جیهانە خۆشەدا دڕك کۆڵە و گوڵ باڵی هەیە و لەگەڵ پەپوولەدا پێکەوە ئەفڕن.

(پاش چەند ساتێکی کەم کەوتنەوە ڕێگا، زۆری نەبرد نێرگز پرسی:)

- بیری کێ ئەکەیت لەو ئاواییە؟

- تۆ پێم بڵێ: بیری کێ ئەکەیت؟

- من بیری ئاسۆی کوڕی ئاغاکە ئەکەم، لەگەڵ ئەوەشدا کە کوڕی ئەو گورگەیە و هێشتا ناخیشی دەرنەکەوتووە و چونکە زۆر منالـە، بـەڵام لـە بـاوکی ناچـێت و زۆر دڵنەرم و ئێسك سووکە.

چەند منی خۆش ئەویست.. ئەی تۆ؟

- من بیری دلێری ئاوەڵم.. ئینجا هەموو ئەو خەڵکە کلۆڵەی کە خۆیان بوونەتـە هۆی کلۆڵی و کەم دەرامـەتی خۆیـان لـەپڕ لـەم کاتانـەدا... دەنگـی تەپـەی پێـی راکردنێك و غەڵبە و هاوارێکی دوور لە جەنگەڵەکەی پڕ کرد..

نێرگز خۆی گوشی بە شانی فەرەیدونەوە وتی:

- راکە.. نابێ خۆمان بدەین بە دەستەوە.. راکە ئەمانکوژن.

- ناشێ دلێر.. شتی وای کردبێ.

- ئاگادار بە.. راکە توخوا، ئەتکوژن.

پێکەوە دەستیان بە راکردن کرد.. راکردنی ترس.. هەرچی شتێك بوایـە قاچـیان فڕێ ئەدایە سەری..

نمەی باران بۆنی مێخەك و سملّی سەر گەردنی تەڕی دائەگرتە زەوی.. تەڵاشەدار و توێژی بەردی تیژ و کەوتوو و بنە داری بـڕاوە لـە قاچـی سـپی و ناسـك تێـر خـوێن ئەبوو.. بەڵام دەنگە کە خێرا.. خێرا نزیك ئـەبووەوە، دەریـش کـەوت دەنگـی پێـی سوارە نەك پیاو، وە دەنگی هاوارەکەش دەنگی دلێرە.. بەڵام تێی نەگەیشتن، هێشـتا وا نزیك نەبووەوە کە بە باشی ببیسترێ ئەڵێ چی؟

هەرچەندە پێویستیان بەوە نەبوو کـە بـزانن ئـەڵێ چـی لەبەرئـەوەی تـەنها ئـەو ئاگاداری پیلانەکەیان بوو.

کە دەنگەکە نزیکتر بووەوە (بگەڕێنەوە ئاغا نـەما.. ئاغـا مـرد، بگەڕێنـەوە.. فەرەیدون لەهەرکوێیەکی دەنگ بکە ئاغا نەما).

فەرەیدون وەستا نێرگز بە گریان و لالانەوە.. تکای لـێ ئـەکرد کـە رابکـات تـا نەیکوژن.. بەڵام فەرەیدوون وەك بەرد چەقیبوو بەدەم دان جیڕکردنەوە وتی:

ئەگەر ئاوەڵی بە ڕواڵەت خۆشەویستیە منی بۆ مردن ویستبێ و من تا ئێستا پێی خەڵەتابم، بۆ مردن باشم.. ئەمیش دەستی کرد بە بانگ کردن، دلێر دۆزییەوە، لەسەر وڵاخەکە دابەزی پەلاماری فەرەیدونی دا و دەستی کرد بە ماچکردنی بە شادییەکی زۆرەوە، تێی گەیاند کە ئاسۆی کوڕی ئاغا لەکاتێکدا ئاغا دەمانچەکەی پاك کردۆتەوە وڕکی گرتووە لە دەمانچەکە و باوکی نەیزانیوە کە فیشەکێکی تێداماوە.. بەرەو رووی باوکی گرتوویەتی و پەنجەی توند کردووە و باوکی کوشتووە.

# گەوهەری کچێنی

بە زمانێکی شیرین و بە شێوەیەکی زۆر بەتام پێی وتم: (ئەتکەم بە شاژن.. وات لێ ئەکەم هەست بەوە بکەی لە بەهەشتایت.. خزمەتی باخ و گوڵ و سەوزی باخچەکەمان لە ژێر سەرپەرشتی باخەوانی تایبەتی بەرگ سەوزدا ئەبێ لە کۆشکەکەتدا، ئافرەتێکی تایبەتی هونەرمەند تەنها ئەرکی رازاندنەوەی ژوور و هۆڵی پێ سپێردراوە، ئافرەتێکی قسەشیرینی نوکتەزان تەنها کاری دڵخۆش کردنتە و بەرگەکانت رێك و پێك ئەکات و خشڵت بۆ ئەڕازێنێتەوە.. یەکێکی تر خواردن و میوەی خۆش ئامادەکردنی لە ئەستۆدایە، جگە لە تەلاری نەخشین و بەرگی ئاوریشم و خشڵی دەگمەن هەڵکەوت و هێنانەدی هەموو خواست و ئاواتێکت.. خۆم و سامانم لە ژێر دەستتاین..) بچێتەوە کە زیاد لە ٤ ساڵ خۆشەویستی یەکتری بووین.. هەستم بە جۆرە سۆزێك ئەکرد بۆ بەرزیم .. بۆ شاژنیم بۆ ئەوەی ببمە خانمێکی وەها هەموو ئافرەتێك بە بەغیلیەوە تێم بڕوانێت، باسم بکەن، پێشکەوتووتربم لە هەموو شتێکدا لەوانەی دەوروبەر و پشتم لەناو ئافرەتانی کۆمەڵەکەمدا تەنها من شاژن و شاشۆخی هەموویان بم.. خەوێکی چەند خۆش بوو.. لەزۆر مێژەوە چاوەڕوانی هاتنەدی بووم.. بەبێ ئەوەی بەخۆم بزانم کە وازهێنان لەو لاوەی خۆشی ئەوێم تاوانە یا هیچ نەبێت گوناهە وازم لێهێنا.. لێی دوورکەوتمەوە.. بەخۆم ئەووت، ئەو چاوەڕوانە تا توانای دەست کەوێت بمخوازێت.. ئێستا کەسێکی بەناوبانگ و خاوەن دەسەڵات و زۆر دەوڵەمەند ئامادەیە لە خەو زیاتریشم بۆ بهێنێتە دی ئەی گوایە ئیتر چیم دەوێ.. شووم پێکرد، باخەوانی بەرگ سەوز، خشڵ و حەریر و ئاوریشم و کارەکەری قسە شیرین و چێشتی دەم بە پێکەنین و ماڵ رازێنەرەوەی هونەرمەند و خزمەتچیی گوێڕایەڵ..

ئەوانە هەمووی راست بوو.. بەڵێ راستی کرد هەموو ئەو خەوە خۆشانەمی هێنایەدی.. چوومە تەلاری دیمەنی نەخشینەوە. هەرچی یەکی ووت هەمووی تەواو

بوو. ئەو ئێوارەیەی کە بردمییە کۆشکەکەی و بەناو هەموو بەشەکانیا گەڕانـدمی و ئەو بەهەشتەی شارەزا کردم هەرچییەکی ووتی راست بوو. بەڵام ئەوکاتەی کە هێشتا شەو نەهاتبوو.. ئەوکاتەی کە هێشتا گەوهەری کچێنیم لای خۆم بوو، وەهێشـتا لـە تاریکی شەودا گەوهەرەکەی خەمم وون نەکردبوو.

ژیام لەو خەوە خۆشەدا.. شەوێك ژیام بەیانی کە رۆژ هەڵهات پێم زانی کـە چـیم لێ ونبووە.. کەسێکی تر بووم.. کچە خەوخۆشـەکەی دوێـنێ ئێـوارە و ئـەم شـەوی رابردو نەبووم، خێرا لە ژوورەکـەم هاتمـە دەرێ وەك بـۆ شـتێکی وون بـوو بگـەڕێم.. سەرداری مێردم دیار نەبوو، گوێم لێبوو دوو کارەکەر لە نێـوان خۆیانـدا گفتوگۆیـان بوو.

- چۆن خانمی تازەمان بەجێ هێشت؟

- ئەی پیاو مانای چی؟ تۆ هێشتا شارەزا نەبووی لە ئاغام، پیـاوی تـەواو پێـی عەیبە لەدیار ژن بمێنێتەوە.

- بۆ؟ خۆ هەموو ژنـێ یـەك ژن نییـە کـە خۆشـی ویسـت و کـردی بـە خـانمی کۆشکەکەی ئیتر شەرم لەرێدایە گەر لەلای بمێنێتەوە؟

-نەء.. تۆ نازانیت هەڵسوکەوتی ئاغایانە شارەزا نـەبووی.. ژنـی ئاغـا بـە رۆژ تەنها خاتوون و خانمی ئیشکەرەکانی دەوروپشتێتی ئەگینا لەبەرچـاوی ئاغـا لەگـەڵ ئێمەدا هێندەی جیاوازی نییە.. بەس تەنها بە شەو خانمی ئاغایە و لەگەڵیا ئەنوێت..

ئەو دوو کارەکـەرە.. وەك دوو کلـۆڵ ئەهاتنـە پێشچـاوم کـە لـە داخـی دڵیـان رازی دەروونیان بۆ یـەك هـەڵ ئەڕێـژن.. جـوانی و گـورج و گـۆڵی یەکـەی دوێـنێ ئێوارەیـان نەمابوو.. توانای زیاتر گوێ راگرتنیشم نـەمابوو. لـە قسـە هـیچ و پووچـەکانیان هاتمـە خواری بۆ باخەکە.. کابرای باخەوانم دی ئەت ووت هینەکەی دوێنێ ئێـوارە نییـە، پشـت کۆماوە و رووچرچ و لۆچ، خزمەتچییەکی شەل و چەوساوە بەرەو رووم هات، بە دەنگێکـی پڕ لە ترس و لەرزەوە وتی : خانم لـەودیوی دەرەوەی کۆشـك زۆر مەمێنـەرەوە کەسـێکی بێگانە ئەت بینێت و دوایی ئاغا ئێمە ئازار ئەدات و دڵی لە تۆش ئەیەشێت.

وەك ئەفسانەیەكی كۆن و سەیر ببیستم وابوو، بە سەرسوڕمانێكی شێوە وون بوونەوە، گەڕامەوە ناو هۆڵەكە و.. بیری قسەكانی خۆشەویستەكەم كەوتەوە كە وتی: لە كۆمەڵەكەی ئێمەدا سەرەڕای چەوسێنەری بێگانە، چەوسێنەری ناوخۆش هێشتا دەوری گرانی خۆی ئەبینێ.. نرخی مرۆڤ نییە بێ سامان و ناو، ئەڕۆم لەگەڵ هەموو خوێن گەرمە شۆڕشگێڕەكاندا ئەژیم و ئەجەنگم لە پێناوی سەربەستی ژیانی بە مانا ژیان.. لە پێناو بەرزكردنەوەی نرخی مرۆڤ و مرۆڤایەتی.. لە پێناوی ئەوەدا نەبینە پارچە جل و شتی دانراوی بێ گیان لەم نیشتیمانەدا.. لەپێناوی زیاد كردنی تێگەیشتن تا نەفامێكی وەكو تۆ هەست بەوە بكات كە گیانی لەوە بەنرخترە بیگۆڕێتەوە بە جل و خشڵ و تەلاری رووكەش. لە پێناوی ئەوەدا كە خەڵكی بزانن تامی كامەرانی تەواو چییە؟

ئەو قسانە و زۆر قسەی تری كە بە تووڕەییەوە و هەڵچوو بەرووما پێی وتم لەگوێما ئەزرنگایەوە..

لەم كاتەدا حەزم ئەكرد بیگێڕمەوە بچمەوە لای.. واز لە مێردەكەم بهێنم و چی داومەتێ بیدەمەوە و چیم داوەتێ بم داتەوە بەڵام كارلەكار ترازا بوو.. هیچ شتێكم پێ نەكرا.. تەماشایەكی قەنەفەیەكی ناو هۆڵەكەم كرد و روانیمە خۆم هیچ جیاوازیەكی ئەوتۆم نەدی، تازە منیش بووبوومە پارچەیەك نەخش بۆ رازاندنەوەی كۆشكەكە.. گەوهەری سەربەستیشم دوێنێ شەو وونكرد.

دوێنێ شەو گەوهەرێكم كوێرانە بەخشی كە وەرگرتنەوەی شتێكی هەرگیز نەبووە.

لە كۆمەڵەی منیشدا ئەو گەوهەرە مانای هەموو نرخێكە لای خەڵكی.. مانای هەموو شتێكە.. چەندە كۆمەڵێكی كەساسە ئەم كۆمەڵە.

كە ئەستووری ئەقڵی قاییمی بەقەدەر پەردەی ئەو گەوهەرەیە.

# کلۆری دارێك

- تاوانبارن.. له قسەی خواکانمان دەرچوون.
- نەمانیان پێویستە با ببنە پەند.
- بیانکوژن.. بیانکەنە قوربانیی.
- نەمان بۆ پیاو و ئافرەتی بێ وێڵ.
- بەرەو کلۆری دارەکە بیانبەن، مردن بۆ هەردووکیان.
- کوشتن بۆ یاخی بووەکانی یاسای پیرۆزی خواکان، خەڵکی ئەو شارە بچووکە دوایان کەوتبوون بە قیژە و هاوار داوای نەمانیان ئەکردن.. لاوێکی بەندەی بەتوانا و کەڵەگەت و تێکسمڕاو و کیژێکی جوان و سیما شیرین و چاو و برۆ رەش.. هەردووکیان کەوتوونە بەر پلاری ئەو خەڵکەی دەور و پشتیان.. بازووە ئەستوور و بەهێزەکانی لاوەکە لەم کاتانەدا کە فرمانی مەرگ لە کۆمەڵەوە دەرچووبوو بۆ خۆیی و دەزگیرانەکەی یان ژنە نهێنییەکەی هیچ دادێکیان نەئەدا تەنها ئەوە بوو روو و سەری ژنە خۆشەویستەکەی پێ حەشار دابوو لە پلار و بەردی تیژی ئەو هەموو خەڵکە هەڵچووە، قەراغی تیری بەرد پشت و گۆشتی لەشیانی هەموو ئەقڵیشان و خوێن بە قوڵپی خەست خەستەوە لێوەی ئەهاتنە خوارێ ..بەندە نزیکەکانی خواکانی ئەو سەردەمە بە بەرگی شۆڕەوە بەڕێ کەوتبوون بەرەو کلۆری دارەکە.. دارە مەزنەکەی کە خوای بەخشین و گوناهشۆر رواندوویەتی و لە زۆر مێژەوە کردوویەتی بە گۆڕی ئەوانەی تاوان ئەکەن تا بە مردنیان لەو دارە مەزنەدا گوناهەکانیان بشۆردرێت. گەیشتنە بەر دارە مەزنەکە، هەموو کەوتنە کڕنووش و وێردی تایبەتی خوێندن.. زۆری نەبرد یەکێك لە بەندە تایبەتیەکانی دارە مەزنەکە فەرمانی دایە ژن و مێردە یاخی بووەکە لە فەرمانی خواکان کە بچنە ناو کلۆری دارەکەوە لەو درزە تایبەتییەی تیایدا بوو، لاوەکە چاوێکی پێداخشاندن .. دەستێکی برد بۆ ئەڵقەکەی گوێچکەی لەپڕ رای کێشا و نەرمی گوێی خۆی پێوە هەڵقڵیشان و فڕێیدایە ناو کۆمەڵە خەڵکەکە و پاشان ژنەکەی

هەڵسانە سەر پێ و پێکەوە چوونە ناو کلۆری دارەکەوە بەبێ ئـەوەی هیچـیان دەنگیـان لێوە بێت.

خەڵکەکە هەموو کش و مات بووبوون هاوار و دەنگی جارانیان نـەما، بـەڵام زۆر کەمی برد کە بەندەی دارە مەزنەکە کەوتە داخستنی درزی کلۆری دارەکە لەسەریان.. دوای بزواندنی ئەو، ئەوانی تریش چوونەوە دۆخـی جـاران و کەوتنـە یاریـدەدانی بـۆ داخستنی کلۆرەکە و وێردی تایبەتی خوێندن.

دوو لەشی چنراو بە پلاری کوێرانەی کۆمەڵ لە کلۆری دارە مەزنەکە دا بەیەکەوە گوشران بەو تۆزە گیانەی تیایاندا مابوو بـەدەم ئـازاری لـەش و ووردە ووردە تـەنگ بوونی هەناسەیان کەوتنە قسە لەگەڵ یەك.

- بۆ ئەبێ دوو دڵی لاو لە جەرگی دارێکی پیردا بمرن؟

- چونکە کڕنووشمان نـەبرد بـۆ خـوا پـیرە کۆنـەکانمان، چـونکە بـە یاسـای دارە پەڕپوتەکە نەچووین بەڕێوە.

- وا.. هەناسەم توند بوو، لەشم ئازاری هەیە..

- ئازار تاسەر نییە، خۆرابگرە.. دڵـی خـۆت بـەوە خـۆش بکـە کـە بـووین بـە ئێسکیش، ئێسکەکانمان لەیەك شوێن لەسەر یەك کۆمەڵ ئەبن و تێکەڵ ئەبن.

- ئەمرین.. لە ژیان دوور ئەکەوینەوە.

- بەڵکە ئەژین.. ئەچینەوە ژیان و شنەی کزەبا ماچ کەین بە خـوێن و گۆشـتمان لقی دارەکە لە بەهاردا ئەکەوێتەوە گەڵاکردن.. گوڵەکانی ئاڵ ئەبن وەکـو خوێنمـان، گەڵاکانی گەورە و بچووك ئەبن وەکو گەورە و بچووکی زامەکانمان.

- جارێکی تر ئەژین، شەماڵ ژیانمان رووناك و فێنك ئەکاتەوە.

- بێگومان بە جارێکی تر ئەژێینەوە، ژیـانێکی سەربەسـت بۆمـان ئەکەوێتـەوە خەندە، رۆژ چاوەکانمان ماچ ئەکات، ئارەقی لەشمان تێکەڵ بە شەپۆلی کزەبـای بـەیان ئەبێ ختووکەی پەڕوپۆی نەرمی پاساری و بولبولەکان ئەدەین.. ئەوانەی چرۆی نوێن، ئەوانەی کڕنووش.. نابەن.. بۆ.. خـوا پـیرە پـەرپوت و کۆنـەکان.. ئەوانـەی.. دارە پیرەکان.. دارە ژەنگاویە بێ گەڵا.. کان، ناپەرستن، نامرن، نـامرن.. ئـەژین.. ئـە.. ئەژ.. ین.. ئەژ..... .

## مەکینە
## (نامەی خۆکوژیَ)

لەناخەوە پێکەنینم ئەهات، هەرکاتێك باسی دڵداری و خۆشەویستیان بکردابوایە.

خۆشەویستی چی؟ دڵداری چی؟ حەز.. ئاخر.. حەزلێکردن چییە؟

هێزە، هەستە، توانایە، وزەیە، بڕوایە، ئەبیَ شتێك بیَ وا.. ئەگینا ئەم خەڵکە بۆ ئەخاتە گێژاو و جەنجاڵی و سەرلێشێوانەوە؟

ئەم غەڵبە غەڵبە چییە؟

***

ساڵ وەکو رۆژان ئەرۆیشت، قوتابخانەی ئامادەییم تەواو کرد، بەرگەی هەموو کوێرەوەری یەکم گرت، بەبیَ دایك بەبیَ باوك، بەبیَ خوشك و برا، بە باوەڕنامەی ئامادەییەوە بوومە فەرمانبەری میری، وورده وورده گریَ کوێرەکانی ژیانم کردەوە، بەڵام.. بەڵام ئەو شتەی خەڵکی ناویان نابوو خۆشەویستی وەکو تەلیسمیَ وەك خۆی مایەوە.

ئاوەڵەکانم گاڵتەیان پێئەکردم.. ئەیان وت: تۆ نەخۆشی نەفسیت هەیە.. دڵت نییە.. عەمەلیاتی بەزەییان کردویت بە منالی، ئەزانی بیَ هەستی. تەنیا وەڵامێکم بۆیان بیَ دەنگی بوو.. تەنانەت شکم لە راستی هەستی خۆشم ئەکرد، شکم لە ڕاستی هەموو قسەکانیان ئەکرد.

بە منالی کاتیَ فڕێیان دابووم و میری خستبوومیە هەتیوخانە، گوایە لە پیَ پلیکە ئاسنینەکانی هەتیووخانەکەوە کەوتبووم، شیشیَ چووبوو بەسەرمدا زۆر جار پەنجەم ئەخستە شوێن چاڵەکەی لەژێر قژمەوە بەخۆم ئەووت.

ئەڵێن مێشك گرێگرێیە، هەر گرێیەی کارێکی هەیە رەنگە بەو شیشەی چووە بە سەرمدا ئەو گرێیەی کاری خۆشەویستی دەبینیَ لەکار کەوتبیَ .. ئەگینا بۆ ئەم هەموو خەڵکە باسی خۆشەویستی و جۆری دڵداری و فڕکان فڕکانی خۆیان ئەکەن کەچی من هەست ناکەم بەوەی وابم .. هیچ.. یان من نەخۆشم و شێت یان ئەم هەموو خەڵکە درۆ ئەکەن و شتیَ نییە بە ناوی

خۆشەویستی بێت بەڵکو ئەویش وەك زۆر شتی تریان خەیاڵێکی پووچە و خۆیـان لـە هـیچ دروستیان کردووە.

شەوێك لە ژوورەکەمدا دانیشتبووم لەناو ئەو کۆمەڵە کتێبەی کڕیبووم کتێبێکم هەڵبـژارد بۆ خوێندنەوە.. لە یەکێك لە لاپەڕەکانیا بینیم نوسراوە (ئافرەت نیوەی کۆمەڵە) منیش هیچ کاتێك وەکو ئەو شەوە کامڵ نەبووم، کە ئەوەم خوێندەوە بە قسەیەکی قۆڕ هاتە پێش چاوم.. زیاتر برسی بووم بۆ خوێندنەوەی تا گەلۆری نووسەرەکەم زیاتر بۆ دەرکەوێت..

کەچی کاتێك لە خوێندنەوەی بوومەوە و چەند رۆژێ لە خەیاڵیدا ژیام.. هەستم کرد دەبێت ژن بێنم.. کتێبەکە باسی خۆشەویستی و دڵداری نەئەکرد.. نەخێر.. بۆیێ واکاری لێ کردم.. چوومە ئەو بڕوایەی کە:

(ئافرەت مەکینەیەکی خـواردن ئامـادەکردن و قـاپ و بـەرگ شـتنەوە و پێویسـتە دژی مردنیش وەکو مەکینەی چەکێك بەکار بێنرێت تا زاوزێی مرۆڤایەتی نەوەستێ. مادام مـردن هەیە، کەی مردن نەما ئافرەتیش نامێنێ، ئافرەت و مردن بۆ یەکن) ئەگەرچـی جـاری واش هەبوو ئەمپرسی: باشە بۆ زاوزێی مرۆڤیش نەوەستێ؟ مرۆڤ ئیشی چـییە لەسـەر زەوی؟ بـۆ هەبێ؟ چی ئەگۆڕێ؟

بەڵام ئەوکتێبە و هەندێ بیری خۆم پرسیارەکانیان بۆ ماوەیەك بەنج کرد.

حەزم ئەکرد شتێك بگۆڕم، ژوورەکەم لە ماڵەوە ژوورەکەم لە دایەرە، ڕێگای هات و چـۆم، تەنیا ژوورەکەی ماڵەوەم بە هی خۆم ئەزانی ویستم لەوێ شتێ بگۆڕم.. با مەکینەیـەکی بـۆ بکرم.. ژنێك بهێنم.

بێوەژنێك-٢- ساڵ بوو مێردەکەی مردبوو ئەویش وەکو من تەمەنی (٣٥)ساڵێك ئـەبوو، داوام کرد و هێنام .. مناڵێکیشی هەبوو دوای مردنی مێردەکەی بووبووی ئەویشی هێنا و.. ژوورەکەم جەنجاڵ بوو مناڵەکە هەر لە بووکەشووشە ئەچوو حەزئەکەم تەماشای کەم، تەماشای کەم تا بزانم چی ئەکات چی ناکات تا بەهۆی ئەوەوە بزانم خۆم بە مناڵی چۆن بووم.

مەکینەکەم کڕی.. بەرگەکانم خاوێنتر و خواردنەکانم پوختتر و ژوورەکـەم پڕتربـوو.. لۆمەی زۆری خەڵکیشم لەسەر نەما.. کە ئەمەیان لە هەموویان ناخۆشتر بـوو.. ئـەیان وت ئاسوودە و کامەران ئەبیت.

بەڵام من هەر خۆم بووم تەنیا شتێ کە گۆڕدرا:

جاران قسەم نەئەکرد و کاری خۆم دەکرد لە ماڵا بەڵام دوایی قسەم ئەکرد و کارم نەئەکرد، چونکە ژنەکەم بۆی جێبەجێ ئەکرد، دڵی رائەگرتم بە حیسابی خۆی.

دیار بوو من وەکو خەڵکی نەبووم.. دیار بوو زۆر جیاوازبووم چونکە ژنەکەم پێش من مێردی هەبوو بوو ئەو وەکو من نەبوو بوو لەتەکیا.. بۆیێ جۆرێکی سەیر سەرنجی ئەدامێ، بووبووم بە تەلیسمێ لێی تێم نەئەگەیشت.. هەستم کرد وورده وورده لاواز ئەبێت ئەی ووت (نەخۆشم) پێم ئەووت: مەکینەی ئاسن ئەوەی خراپە ئەبێ بیبەی بۆلای فیتەر و وەستا بەلام مەکینەی گۆشت خۆی ئەچێت.. بچۆ.. نەخۆشی.. بچۆ..

یەکێك لە بەیانییەکان خەواڵوو بووم هەڵسام بچم بۆ چاوشتن لە هەنگاوی یەکەما جیقەکەی مناڵەکە و نەرمییەك کەوتە ژێرپێم، کە لێفەکەم هەڵدایەوە بینیم مناڵەکەم پان کردۆتەوە و مردووە، چونکە بەدەم خەوەوە خزابووە خوارووی لێفەکە، چاوم خەواڵووبوو ویستم بە دایکی بڵێم بۆ ئاگای لە بووکەشووشەکەی نەبووە روانیم وەڵامم نەداتەوە.. بۆم روون بوەوە کە شەوێ مردووە و ئاگای لە مناڵەکەی نەماوە و خزاوەتە خوارووی لێفەکە و من پێم پیا ناوە کەمێك بیرم کردەوە.

مرۆڤ چییە؟ بۆ ئەژی؟ بۆ زاوزێی مرۆڤایەتی نەوەستێ؟ ئەم هەموو ئەرك و ئازار و جەنجاڵی هەیت و هووتە بەس لە پێناوی درێژەپێدانی ئەو زاوزێیە بۆ؟؟

منیش وتم خۆم ئەکوژم با لە خۆمەوە دەست پێبکەم، بەڵام با ئەم چەند دێڕە بنووسم و باسی تیا بکەم نەوەکو خەڵکی بە هەڵەدا بچن و وابزانن دڵم ئێشاوە بۆ مەکینە و بووکەشووشەکەی.. یان شتی تر.. ئێستاش نازانم ئایا خەڵکی وەکو منە یا من جیام لەم هەموو خەڵکە وانووسیم و خۆم ئەکوژم دوا بەدوایا.. با خەڵکیش چۆنی شی ئەکەنەوە بیکەنەوە.

نیسانی/ ١٩٦٥

تەواو بوو لە (١٩٧٣/٨/٢٠) دا

# کۆمەڵە چیرۆکی چوارەم

## یەکەم هەنگاو

چەند نموونەیەك لە پەخشانی هونەریی کوردی و ٦ کورتە چیرۆك

**خوێندەواری خۆشەویست:**

ئەم نووسراوە یەکەم هەنگاومە لە نووسینی پەخشانی هونەریی کوردی و چەند نموونەیەکە لەوجۆرە ئەدەبە، ماوەیەکی زۆریش تێپەڕیوە بەسەر نووسینیاندا، بەڵام حەزم نەکرد بە هیچ جۆرێك دەستکارییان بکەم تا ئاوێنەی باوەڕی ئەو ساڵانەم بن.

**دڵشاد مەریوانی**

# ئەی جوان

ئەی کچۆڵەی جوان.. ئەی پەیکەری نموونەی نازداری، چاوگەشی لەش ڕێك..
لەگەڵ تۆمە.. بانگ و ئاوازی دڵم بۆ تۆیە.. تۆ هەیت بۆیە شادم بەم ژیانە.
ڕەوتی وردی ڕێگات نەغمەیەکی بەسۆزی دڵدارییە.
تroووسکەی چاوە ڕەشەکانت تیشکێکی سپی ڕووناکە بۆ تاریکی ڕێگەی ژیانم.
ورشەی بەرگی ئاڵو واڵات زەنگێکی هێمنی نەرمە بۆ کاروانی خۆشەویستیم بەرەو ئاوات.

خەندەی لێوە ئاڵە نەخشینەکانت گزنگی خۆری شادییە لە ئاسۆی کامەرانی دوارۆژما.

چرپەی شیرین و بەتامی ئەو دەمە ناسکەت ئاوازێکە دڵ ئەخاتە سەما.. گیان ئەخاتە تەمومژی پەمەیی خەیاڵ و تەزووی شادی ئەخاتە ناخ.

ئەی جوان.. ئەی ئەستێرە ورشەدارەکەی ئاسمانی خۆشەویستیم، سەرت سوڕ نەمێنێ و لۆمەشم مەکە.. گوێ لە ڕازی دڵم بگرە.. خۆشم ئەوێیت.

ڕوو گرژ مەکە.. زەردەخەنە ئەفسووناوێکەت ون مەکە.. تووشی خەمم مەکە چونکە لە خەمی خۆشەویستان لە یەکتری ستەمترینە لە جیهانا.

ئەی جوانی نازدار.. خوشکە جوانەکەی ڤینۆس..
لەنجەی جارانت تێك مەدە.. بلەنجێ، جوانتر لە جاران..

چونکە خۆشەویستی تێکدانی ژیان نییە.. خۆشەویستی بەتامکردن و شیرین کردن و ڕازاندنەوەی ژیانە.

وەرە لامەوە.. وەرە نزیکمەوە.. بە بزەی لێو.. خەندەی ڕووی گەش.. لەنجەی شیرین و ڕێکی پڕ ناز.. چپەی بەتام و ئاوازی کامەرانی..

تریفەی چاوی گەش.. پرشەی بەرگی ڕازاوە.. لەرەی سنگی بەرز.. بەوانە هەموویەوە.. وەرە بەرەو ڕووم.. ئەی هەڵبژاردەکەی باخی جوانیم.. ئەی بێوێنەکەی

کچۆڵەی خەیاڵی ئارەزووم.. هەردوو باڵم بۆ کردوویتەوە وەرە بەرەو رووم لەسەر سنگم.. لەباوەشی نەرمی بەزەییما تاوێك پشوو بدە، با تێر بتگوشم.. هەموو ئاخ و داخم لە سنگ دەرچێت و پشوویەك بدەم و بڵێم: (ئۆخەی)..

پاشان.. ئەی شۆخی جوان.. پێڵاوەکانت فڕێ بدە.. دەست بخەرە دەستم.. ئەکەوینە گەشت.. با شەونمی سەر گوڵ و گیا و وێنجەکان قاچە کافوورییەکانت گوڵاوی بکەن.. با کزەبای ئەم باخە رەنگینانە یاریی بە بەرگە کوردییە تەنکەکانت بکەن.. با بۆنی رێحانە و نێرگسی بەهار لە لۆچی بەرگ و لە نێوان داوەکانی پرچەکانتا خۆ حەشار بدەن..

گوێ شل بکە بۆ گۆرانی باڵندە دەنگ خۆشەکان و خرمە و هاڕەی کانیاوە ساردەکان.

با بچینە سەر ئەو کانییە.. لەسەر وردە مرواری چەوە جوانەکانی بوەستین.. بە قۆڵی نەرم و نۆڵی سپیت بەندم کە.. بە پەنجەی تینووم تاڵی پرچە ژاکاوەکانت رێك بخەمەوە و کەمەری ئاسکیت بگرم.. تەنها ساتێك لە نیگای چاوەکانت بۆ شادی ژیانم بگەڕێم..

ئینجا -ئەی جوان- نوقم بین لە ماچێکی قوڵی خۆشەویستیدا.. لە ماچێکدا کە سەرتوێژی بە تامی شادی ژیانی لەوەدوامان بێ..

ئەی جوان.. شیرینە نەخشینەکەم.. نازدارەکەی خەیاڵم.. ئەی شۆخ هانایەك.. لەو خەوە خەبەرم مەکەرەوە ئەی نازدار.. ژیانم فیدات بێ.

١٩٦٤

# من کوێرم

من کوێرم.. وەکو ئەڵێن من کوێرم.. بەڵام ئەوەش بڵێن کە زۆرلێکراوم.. ئەوەش بڵێن کە بەشخوراوم.. قەیناکات.. من کوێرم.. چاوم پەردەی رەشی پێوەیە بەڵام ئەوە بزانن ئەوە ئەبینم کە ئێوەی خاوەن بینایی نایبینن..

من بەرچاوم تاریکە.. بەڵام هەست بەو رووناکییە ئەکەم کە ئێوەی خاوەن چاو و هەست، درکی پێناکەن.

من خەمگینم.. تەنانەت شێوەی ژیانی ئێوەش خەمبارم ئەکات.. بەڵام ئێوە.. زۆر کامەرانن لە ڕابواردنی رۆژگارانی ژیانتان.

خۆشیی ئێوە و خەمی من پێکەوە هەڵناکەن.. ئەزانن بۆ؟ بێگومان نازانن، بەڵام منیش ناتوانم پێتان بڵێم.

من هەموو هۆشێکم لای خۆمە کە ئامۆژگاری ئەکەم.. ئەگەرچی ئێستا گوێگرەکانم بێهۆشن، بەڵام سەرخۆشی چەندە بەتین بێت هەر لائەچێ و وریابوونەوەی لەدوایە.

***

ئێوە.. ئەی نەفامە رووتەکان.. قاقای پێکەنینتان.. پێکەنینی بێ ئەقڵی.. خەریکە کەڕم ئەکات.. وەك ئاگری نەفامیتان کوێری کردم. بەڵام رۆژێك دەبێت وا نەمێنن هەڕەشەم لێمەکەن..من لە هەڕەشەتان ناترسم.. چونکە هەموو بزورگی تواناتان ئەوەندەیە کە بگاتە لەشم.. رەنگە خوێنم بڕێژن و بەوە تاوانێکی لە ڕاستی راکردنی تر بۆ خۆتان بنووسن لە مێژوودا.. بەڵام رۆشنایی گیانم.. رووناکی بیرم.. لەوە بەرزتر و پیرۆزترە کە بەتوانای ئێوە بکوژێتەوە.. بەڵکە فووی بێهۆشی لە ئاگر.. زیاتر ئەو ئاگرە گەش ئەکاتەوە و پەرەی پێ ئەدات.

چارەتان نییە.. رۆژێك هەردێت.. بەڵکە پێویستە رۆژێ بێت کە باوەڕ بکەن من راستم وت و ئێوە کوێر بوون.

١٩٦٤

# شەو

شەوەزەنگە و تاریکە..

لەجیاتی گۆرانی مەل و پاسارییەکان سۆزی گریانم دێتە گوێ، لەجیاتی جریوەی ئەستێرە گەشەکان نالّە و ئاخ و هاوارم دێتە گوێ، نەك ئاوازی ژیان، بەلّکە گرمەی مەرگ رامئەپەڕێنیٚ.. ژیانم هەمووی شەوە، نەگبەتییە، نەهامەتییە، مردنە.. مردن.

زەوی شاری تاریکستانی ژیانم بە پیٚ ئەکێلّم و نابینام: تا لەشم نەچێت بە دڕکی ژاراویدا خەبەرم نابێتەوە لە خەیالاّتی نەگبەتیم. ئەو ترووسکەیەی کە لە خۆمدا شکی ئەبینم.. کەمە.. بەشی رووناك کردنەوەی رێگایەکی کۆی دوور و درێژ ناکات.. بۆیە جارجاریٚ ئەلەرزم.. ناچارم پێی پەتیم بدەم بە دڕکی تیژی رێگادا ئاخ بۆ چەند کەسانێکی وەکو خۆم یارمەتیم بدەن.

وەك نابینایەکی بیٚ چاوساغ بە ناو داروبەرد و دۆزەخی چاوەڕواننەکراوی ئەم ژیانەدا رێگام گرتۆتەبەر و ئەڕۆم بەرەو ئەو شوێنەی شادی دلّی لێیە.

قاچەکانم خوێنی لیٚ ئەتکێن.. لەشم سووتاوی جیٚ داخە.. ئاخ بۆ چەند کەسانێکی لەخۆم ژیرتر کە ببنە مەلّحەمی برینم.

بەلّیٚ گیانەکەم، ژیانمان دۆزەخێکی دنیاییە.. ئەوانەی ژیرن هەست بە داخی ئەکەن..

ئاخ بۆ مۆمێك، بۆ گڕێك، جەرگی ئەم شەوە هەلّدڕیٚ. داد بۆ هێزێکی راستی قامچی سەرپشت بپچڕێنیٚ.

هاوار بۆ چەند کەسێکی وەکو خۆم بۆ بڕینی ئەم رێگا سەختە بیٚ ئامانە.

١٩٦٤

# وتی

پێموت: بڕوانە چەند هەژار و دەستکورتن.. بەرگیان لەبەردا نییە.
وتی: سامانەکەیان لای خۆمە.
وتم: لە دڕاوی بەرگە شڕەکانیانەوە.. جێگا قامچی خوێناوی دیارە، چەند زەبوونن.
وتی: جێگای قامچی دیوەخانەکەمە.
وتم: بە دەستی خۆت لێتدان و ئازارت دان؟!
وتی: نا.. من هیچ تاوانبار نیم..
قامچییەکە لە پێستی باپیرانیان دروستکراوە
باوکانیشیان چنیوویانە
براکانیشیان وەشاندوویانە
تەنها فرمانی قسەکردن هی من بووە.

١٩٦٤

# چۆن بێدەنگ بم؟

مەبەستی لە خۆشەویستی لەگەڵما خۆنواندن بوو لای ئاوەڵەکانی.. نامە نەخشینەکانی ئەبرد نیشانی ئاوەڵەکانی ئەدا: کە چۆن جوانیی ئەو کاری کردۆتە پیاوان، پێکەنینی بە فرمێسکەکانی چاوم ئەهات.. گاڵتەی بە سۆزی دەروونم ئەکرد.. بەدزی منەوە جۆرێکی تر بوو.

ئەو دەستە خستییە دەستی منەوە بۆ پەیمان بەستن، هەر بەو دەستە خۆشەویستیمی خنکان.

ئەو خامەیەی نامەی دلداری پڕ لە قسەی شیرینی پێ ئەنووسی هەر بەو خامەیە ژەهری خستە گیانمەوە، ئەو چاوانەی بەرانبەر من فریشتەی مەنگ بوون، لە دیار نەبوونما شەیتانی تیژ بوون.

ئیتر چۆن بێدەنگ بم؟ چۆن ئارامم ئارامی بمێنێ؟!!

١٩٦٤

## دوا دیمەن

دواجار کە بینیم بەرەبەیان بوو.. کارژۆڵەکانی دابووە پێش خۆی بۆ لەوەڕ.. بە ساکارییەکی زۆر دڵگیرەوە چاوەکانی رشتبوو.. پرچەکانی هۆنی بووەوە.. مێخەکبەندەکەی خستبووە نێوانی مەمکە ساواکانی.. تابلۆیەکی ساکاری سروشتیی ئەنواند. دواجار کە من دیم وەها بوو بۆیە نەمویست بچمە سەر لاشەکەی کە کوڕی کوێخا کوشتبووی، پاش ئەوەی لە لەوەڕگا ویستبووی دەستدرێژی بکاتە سەری، بەڵام خۆی نەدابوو بەدەستەوە تا وای بەسەرهات.

دوا دیمەن با دیمەنی خۆی و کارژۆڵەکانی بێت لە خەیاڵما نەك دیمەنی ئینجیلێکی بەر خەنجەر دراو.

١٩٦٤

## یەکەم نامە

پێشکەشە بەو تاکە خونچەیەی کە هەڵبژاردەی دڵمە لە باخی ژیان و ئێشکی ئەگرم تا لە نۆرەی گەشانەوەیدا یەکەم هەنسکی هەڵمژم و بچێتە ئینجانەی تەمەنمەوە.

بەو بتە ناسك و جوانە پەرستراوە کە شادیمی لەلا شك ئەبەم.

سلاوێك..

لە پەڕی گولاڵە ناسکتر، لە گزنگی خۆر جوانتر، لە هەنسکی رەشەریحانە بۆن خۆشتر.

دڵەکەم..

بۆ یەکەمجار تیشکی چاوە گەشەکانت دڵ و دەروونی رووناك کردمەوە، بەلام رۆشنییەکی وەها خۆشم نەزانم راستە یان تەمومژی خەوێکی روناکە؟!..

زەردەخەنەی سیحراوی لێوە ئاڵەکانت خستمییە جیهانێکی سەیرەوە..جیهانی شادییە یان خەم؟ خۆشم نازانم چونکە من غەریبم تیایدا و یەکەمجارە هەستی پێ ئەکەم.

نازدارە شیرینەکەم..

ماوەیەکی زۆرە ئەو هەستەی ناوی ئەبەن بە خۆشەویستی  ناوی ئەبەن بە دڵ پەرستی، ناوی ئەبەن بە-مەیلی دڵداری هاتۆتە ناخم و چەسپاوی بیر و هۆشمە.

بەلام کە داخی دووری، پەست بوو.. کە فرمێسکی تەنهایی و سەرسامی شەوگاری بیرکردنەوە وشك بووەوە.. ئینجا نۆرەی فرمێسکی خامەیە با بڕژێتە سەر کاغەزی بێ گیان و بیخاتە خرۆش.

نازدارەکەم..

ئا لەم کاتانەدا.. بەخیلییەکی زۆر بەم نامەیە ئەبەم کە وەکو کۆترێکی سپی خاڵ خالاوی دەنووك ئاڵ لەسەر پەنجە جوانەکانت ئەنیشنەوە چونکە دڵی من، گیانی من

هێشتا خاوەنی ئەو بەهرەیە نین کە پەنجەکانت بیانگرێتە باوەش و تیشکی چاوە جوانەکانت بخشێنرێ پیایاندا، بەڵام نامەکەم وا خوا ئەو بەهرەیەی دایێ.

خۆزگە.. سەد خۆزگە وشەیەك بوومایە لەم نامەیە.. فریشتەکەم، ئەستێرە گەشەکەم.

راستە کە ئەمە یەکەم نامەیە بینووسم و بۆت بنێرم، بەڵام وەکو هەستت کردووە، هەموو ساتی بینینێکت نامەیەکی راز و نیازی خۆشەویستیم لەچاودا بووە و پێشکەشتم کردووە بە تەماشاکردنێکی گەرم.

ئەوەی بۆم نووسیویت زۆر لەوە کەمترە کە دڵی من هەستی پێ ئەکات.. رازی خۆشەویستی سرك و سەرکێش و شەرمنە چی لێ بکەم هەر ئەوەندەم پێ گیرا کە لەم نامەیەدا بەندی وشە و رستەم کرد وا ئەیبینی..

دە تۆش بەو پەنجە ناسکانەت چەند دێڕێکم بۆ بنووسە تا وەڵامێکی ئەو هەستەی من بێت.. با ئیتر بەس بێت سووتاندنم لە ئاگری چاوەڕوانیدا..

سوێندت ئەدەم بەو چاوە جوانانەت بەزووترین کات وەڵامم بدەرەوە.. تکایە ئەی نازدار ئاگادارم کە لە هەستت.

شادی و کامەرانیت داوای راستی دڵمە لە ژیان، دوای ئەو چاوەکەم، نامەکەم چاوەڕێی جوابی نامەکەم ئەکەم.

١٩٦٤

# نامەیەکی پاش مەرگ بۆ دایکێك

دایە گیان.. مەگری.. هەڵبەت ژیانم لە ژێر بەندەیی تۆدا ئەوەندەم بۆ نووسرابوو لە لاپەڕەی ژیان، من مردم، خزم و کەسوکار و خەڵکی شارەکەم منیان لەبیرچووەوە تەنها تۆ نەبێت. شەو و رۆژ لە یەکتری بێزار ئەبن و ئەگۆڕێنەوە بەڵام فرمێسك و چاوی تۆ هەرگیز لە یەکتری بێزار نابن.

دایە گیان- هەموو بەرگەکانمت هەڵگرتووە بۆنیان ئەکەیت، بە فرمێسك ئەیانشۆیت، بەسە دایە گیان، تۆ فرمێسك بۆ من ئەڕێژی ئەی کێ فرمێسك بۆ تۆ بڕێژێ؟!

باوکە کەساسەکەم ئاگری جەنگ قووتی دا.. ئاوەڵەکانم منیان لەبیر چووەوە.. تەنانەت خۆشەویستەکەم پاش مردنم بە چەند مانگێك شووی کردووە.. کێ.. کێ؟ بزانم کێ هەیە بۆ تۆ بگری؟

دایە گیان.. بەسە مەگری..

ژیانی مرۆڤ جامێکە کونی تیایە- ئەو مرۆڤە پێی خۆش بێ یان ناخۆش بێ- ئاوی تەمەن لەو جامە بەردەوامە لە ڕژاندنا.. تۆ بۆ هەموویت ب ناخۆشی و نەهامەتی گرتووە؟ بۆ لەگەڵ هەر دڵۆپەی تەمەنت، لەگەڵ دڵۆپەیەکی-ئاوی تەمەنی ڕەشی رژاوا- فرمێسکێکی سوورت رژاند؟ بۆ بەردەوامی لەسەر ئازارت؟

دایە گیان مەگری.. ئەزانم حەز ئەکەیت بێیتە لام.. پەلە مەکە هەموو ئەبێت بێنە ئێرە.. بەو چاوە گریاناویانەی تۆش سوێند ئەخۆم.. ئەو ترووسکەیەی لێرە هەیە زۆر رووناکترە لەو ترووسکەیەی ژیانی ئێمە لە دنیادا.

ئەو تاشە بەردانەی کە لەسەر سنگم دایان ناوە گەلێ نەرمترن لە دڵی ئەو رۆژگارەی دژی ئێمە بوو لە جیهاندا.

مەگری، کە هیچ نەبێ لەبەر دڵی من مەگری دایە گیان.. چونکە وەك پێم وتیت ئێرە ئەو جیهانە رەش و تاریکە نییە وەك زۆربەی خەڵکی ناوی ئەبەن و تێی گەیشتوون.

١٩٦٤

## من ئەژیم؟

میوانخانەیەکی تەنگ و چڵکن و تاریك.. دوور لە بەزەیی هەموو مرۆڤێك.. دوور لە خۆشەویستی هەموو کەسێك، پەنجەرەکانی تەڵخ و ناشرین، وام لێئەکەن کە ژیان و هەرچی تێیدا ئەژی ناشرین و پیس بێتە بەرچاوم.

زەوی چڵکن و پیس.. دیواری ناقۆڵا و رەش، وام لێئەکەن کە دەروونی هەموو کەسێك بەو چەشنە ببینم.

پێخەفەکەم جۆرە بۆنێکی قێزلێهاتووی لێدێت.. ئەوانەی کە لەگەڵمان لە ژوورەکەدا بە دۆستیان نازانم قسەکانیان وەکو شیش ئەچێت بە گوێمدا، بێزم لە خۆم دێتەوە بۆیە لەوانیش. ئەوانیش وەکو من کوڵکن و چڵکن و هەژار و پیس و چەوساوەن. ئەوەتا.. ئاوێنە تەڵخەکانیش وا دەرم ئەخەن وەك دڕندەیەك، وەك شتێکی پیس.

بەیانی ئەچم بۆ ئیش، ئێوارە کە هاتمەوە ئەوەندەم پێیە کە تەنها بەشی ئەم ژیانەی ئێستام بکات-ئەم ژیانە!!

پێکەنینم دێت.. جا توخوا ئەمە ژیانە.. کە من نەتوانم.. توانام نەبێت.. کەمێك بحەوێمەوە-کەمێك هەناسەی سەربەست بدەم- جارێ خۆم بگۆڕم؟ من ئەژیم..؟ سەیرە.. زۆر سەیرە..هەر زۆریش جێی قەشمەرییە کە من و ئەوانەی وەك منن بڵێن: ئەژین.

١٩٦٤

## خەو

شوانەکە.. ماڵاتەکانی ئەکردەوە بە ئاواییدا.. باعە باعی مەڕ و گاڕاندنی بزنە نەسرەوتەکان ئاواییەکەیان پڕکرد، ئێوارەیەکی کەمێك درەنگ بوو.. ئەو نازدارەی گفتوگۆم لەگەڵ ئەکرد.. بەهۆی دۆ خواردنەوەوە و هاتوچۆیەوە بۆ ئەو شوێنەی کە منی لێبووم، ئەم ئێوارەیە لە کانیەکەوە سەرکەوت گۆزە پڕ لە ئاوەکەی لەسەر شان راگرتبوو، دەستی ئەولای خستبووە سەر کەمەری باریکی، بە بۆنی مێخەك و هاڕەی نەرمی هەیاسەکەی لێم نزیك بوەوە. مەمکە سرك و توندەکانی لەژێر سوخمە گرێ دراوەکەیەوە، وەکو دوو بێچووە کەروێشکی سپی و خرپن جار جار گازی نەرم و نیانیان لە کراسەکەی ئەگرت.. کاتێ گەیشتە لامەوە.. بەنازێکەوە لەنجاو گۆزەکەی سەرشانی راست کردەوە.. لەگەڵ لەنجەکەیان لایەکی برۆی داگرت جوانترین دیمەنی ئافرەتی نواند لەبەرچاوم.

دەنگە دەنگی هاتنەوەی ماڵاتەکەم بەهەل زانی وتم:

ئێوارەت باش.. کچۆڵە کوردەی نازدار.

بەساکارییەوە وتی: ئێوارەی خۆت باش.. کوڕە شاری چاوڕەش.

وتم: تاکەی نیازت نییە لە تەنهاییەکەم بپرسیتەوە؟

وتی: بنوو، با کە خەوتی بیری تەنهاییت نەمێنێ..

وتم: ئەی ئەگەر جوانی و نازداریی شۆخە کوردێك، کچۆڵە کوردێکی وەکو تۆ نەیهێشت بنووم؟ چی لێ بکەم؟؟

خێرا وتی: بچۆرە خەوی.

وەڵامەکەی زۆر سەیر و ساکار هاتە بەرچاوم.. زانی کە تێی نەگەیشتووم.. بۆیە زەردەخەنەیەك گرتی بەدەم خۆ ئامادەکردنەوە بۆ رۆیشتن و بە زەردەخەنەیەك بە ئەقڵی ساکارم وتی:

شەوان لەسەربانەکەی سەروو جێگاکەی تۆوە بە تەنها ئەنووم، ئەگەر راست ئەکەیت و بەڕاستی منت ئەوێت کە شەو درەنگ بوو وەرە خەوم. ئەمەندەی وت و رۆیشت.

١٩٦٤

# جاران

جاران گوڵێكی نەخشین و ساكاری سەرچڵ بوو، دوێنێ بینیم ل دیوەخانی خاوەن دەسەڵاتدا بە لووتبەرزی..

جاران شوێنی ناو گەڵای تەڕ و سەوز بوو.. دوێنێ بینیم لەناو ئینجانەیەكی نەخشێنراودا بە مرواری.

جاران شنە و كزەبای شەماڵ ختووكەی نهێنی پەڕەكانیان ئەدا، دوێنێ كە من بینیم بۆنی مریشكی سوورەوەكراو و ویسكی مەستیان كردبوو.

جاران پەپوولەیەكی لاوازی بێ سامان شەیدای بوو.. گۆرانی دڵداری ئەچرپان بە گوێیدا، دوێنێ دەمێكی زلی بۆنی عارەق لێهاتوو، گۆرانی خاوی بۆ ئەووت و لووتێكی هەڵئاوساو بۆنی ئەكرد.

ئەوانەی كە وتم هەمووی —جاران-و دوێنێ- بوون بەڵام- ئەمڕۆ- بینیم ژاكاو و زەردهەڵاتوو... هەر خۆشم بەیانی ئەیبینم فڕێدرێ و بكەوێتە شوێنێكەوە كە شایانی خاشاكیش نەبێ نەك گوڵ.

١٩٦٤

# مراخانی

ئەوەی سەرنجی راکێشام پینەکانی مراخانییەکەی بوو، یەکێك لە پارچە پینەکانی قوماشێکی ژنانە بوو وەك چیرۆکی کەساسیی ژنەکەیم بۆ بگێڕێتەوە. هەندێکی تر لە پینەکان هینی بەرگی منالآنەی هەمەجۆر بوون وەك کوێرەوەری کچ و کوڕەکانیم بۆ باس بکات. سەرەڕای ئەمانەش تۆپەڵ تۆپەڵ.. ئارەقی کلۆڵی و رەنجدانی بێ هوودەی بە سپێتی پێوە بوو.. وەك جێ دڵۆپە بەدەم سەرنج دانەوە لێی نزیك بوومەوە گوێم لێبوو لەبەر خۆیەوە ئەیوت: خۆمم پێ بەخێو ناکرێ، منالّەکانم زیاد ئەکات. وا لە برسا ئەمرین ئیشم لێ ئەشارێتەوە، دڵی زۆردار رەقە منیش زەبوون ئەکا، ئاخر کە ئەمە حالّەکەتە.. بۆچی هێناتم.. بۆ؟

بەدەما هات وتم: خالّە کێ؟

بەبێ ئەوەی تەماشام کات.. هەر بەدەم رۆشتنەوە (خوا).

١٩٦٤

## ئەی دڵ

ئەی دڵە شەیداکەی من

ئەی دڵەی شێتی بێ گوێ

چەند جار ئامۆژگاریم کردیت، کە زەردەخەنەی لێوی ئاڵی جوانان هەڵت نەفریوێنن، چونکە هەر ئەو لێوانانەن کە بە خوێنی زامەکانت ئەنەخشن. پێم وتیت کە ورشەی بەرگی نەخشین و زرنگەی بازنی مەچەکی نەرم و لەنجەی رەوتی رۆشتنی شیرینیان لە خشتەت نەبەن چونکە هەر ئەوانەن کە نەخۆشی سەرجێگای ئازارت ئەکەن.

چەند جار هاوارم بۆ کردیت کە ئێشکی هیچ خونچەیەك نەگریت چونکە گەشاندنەوەیان بۆ چاوە شەو بێدارەکانی تۆ نابێت و لە ژەهری هەڵخەڵەتاندن بەولاوە هیچ بۆن و گوڵاوێکت بۆ ناپرژێنن.

ئەی دڵەی دێوانەی من..

چەندەها شەو دادم بۆ هێنایت و بە ناچاری دانیشتم لەبەر ئارەزووی تۆ تاریکیم بەخێو کرد بەو هیوایەی کە رووناکی لێ دروست بێت، کەچی بێ سوود بوو.

ئاگادار بە ئەی دڵ.. پەپوولەی نەخشینی لاوازی مەیلت ئاوارەی هیچ لایەك مەکە.. تیشکی چاوی نازداران جۆرێکە لە ئاگری مۆمی پەروانە سووتێنەر، با باڵە نەخشینەکانی هەڵنەپڕووزێن.

ئەی دڵەی بێ ئارامی من.. ئەی جوان پەرستی بێ چاو.. ئەی دێوانەی مۆسیقای نازی بێ گوێ.. بۆ؟ بۆ وەها ئازارم ئەدەیت؟ بەڵام.. ئەی دڵ.. نەکەی زوویر بیت.. نەکەیت زوویر بیت لە قسەکانم.. چونکە ئاگر لە پشکۆی ساردەوە دەرناچێت..

مەڕۆ ئەی دڵ.. تۆ دڵی منی.. ساتێ بێ تۆ هەڵناکەم.. ئاخ ئەی لاساری خۆشەویست.. ئەی دڵ.. تۆ دڵی منی.

١٩٦٤

# دڵۆپە

وژەی رەشەبا و گێژەڵووکە وەك جۆلانە بنمیچی ژوورەکەی ئەجووڵان وەك بیەوێت بە زیندوویی گۆڕم بکات.

باران و تەرزە لە کونی پەنجەرە بچووکەکەوە زمانی خۆیان نیشان ئەدام وەك بیانەوێ بمترسێنن.

شریخە و چەخماخەی ئەو شەوە بە ئاشکرا ئەینالاَن و هەڕەشەی ئەکرد کە لە ژوورە پەرپووتەکەم نەچمەدەرێ.. چراکەشم وەك بەختی من رەش بووبوو.. ترووسکەیەکی کز لەبەر بێ نەوتی لە درزی جێ پڵیتەکەوە خۆی دزیبووەوە.. زۆری نەبرد دڵۆپە پەیدا بوو، وەك تەنیایی منیان پێناخۆش بێت و هاتن بۆ ئاوەڵیم.

قاپی مس، فافۆن، چینی، تەپڵەکی جگەرە.. هیچ نەما نەیخەمە ژێر ئەو دڵۆپانەوە کە بەبێ سلاَو-و شەوباش خۆیان کرد بە ژووردا. زۆری نەبرد کە هێمن بوومەوە و باش گوێم شل کرد بۆ دەنگی دڵۆپەکان کە ئەکەوتنە خوارێ بۆ ناو قاپە هەمەجۆرەکانی ژێریان..

دەنگی قاپی قووڵ جۆرێك بوو هینی قاپی پەل جۆرێکی تر.. دەنگی دڵۆپە لەسەر مس و چینی و فافۆن هەر جۆرەی چەشنێك ئەهاتە گوێ.. دەنگەکان بەگوێرەی زۆریی هاتنەخوارەوەیان یان کەمی ئەگۆڕا. جۆرە ئاوازێکیان رێکخستبوو لە پارچە مۆسیقای پەنجەی لاوازی هەژارێکی ئەکرد لەسەر پیانۆیەك لە برسا خۆی ژیرکات.

جێگاکەم لە ترسی دڵۆپە خستە سووچێکی ژوورەکەوە بە گرمۆڵەیی خۆشم دانیشتم گوێم گرت لە سەمفۆنیای دڵۆپە... لەگەڵ هاتنی بەیاندا باران خۆشی کردەوە.. دڵۆپە خۆشەویستەکان بەجێیان هێشتم کە رۆژ هەڵهات هەروەکو جاران تیشکی خۆی خستە سەر زەوی.. تەنانەت لە پەنجەرەی ژوورەکەشمەوە سەری لێدام.

وەك نە شەوگاری زستان داخی خۆی بە من رشتبێت و نە منیش ئێشکی ئاهەنگی دڵۆپەم گرتبێت.

نە ژوورەکەشم سەری کون کونی تەرزە و دڵۆپە بووبێت. براله.. کێ ئاگادارە لە شەوگاری کێ؟!!

١٩٦٥

## شەرم مەکە

ئەی منالّی رووپاکی بێگەرد.. ئەی قژ تەمەن هەشت-نۆ سالاّن.. ئەزانم ئەمڕۆ یەکەم رۆژە تیایدا دەستت کردووە بە پاکەت و شقارتە فرۆشتن، هێشتا رانەهاتووی شەرم ئەکەیت توند هاوار بکەیت وا ئەزانی شەرمە کارێکی وەها کردن، وا ئەزانی هەموو خەڵکی تەماشای تۆ ئەکەن.

ئەی منالّی جگەرەفرۆش، شەرم مەکە-کەس بێ خەم نییە.. خەڵکی لەبەر ئازاری خۆیان نایانپەرژێتە سەر شەرمی تۆ.. نایانپەرژێتە سەر رەخنەگرتن لە تۆ -هاوار بکە- ژیان هاوارکردنە.. تەقەلایە، جەنگینە.. تێکۆشانە.

بچکۆلە خوێن گەرمە شەرمنەکەم..

شەرم مەکە.. هاوارکە.. بانگ کە.. بنەڕێنە.. چاوەکانت بکەرەوە ژیان هەڵپەیە.. پەلاماردانە.. شەرم مەکە.. چونکە مردن شەرمی نەکرد کاتێ باوکتی کوشت و تۆی هەتیوو کرد..

شەرم مەکە.. چونکە نەخۆشی شەرمی نەکرد کاتێ کە تەنها دایکە-نانکەرەکەت مابوو بە ساغی هێشتا هەر پەلاماری دا. شەرم مەکە.. چونکە برسێتی و سەرما و گەرما و ئازار و نەهامەتی هیچیان شەرم لە تۆ ناکەن.. هیچیان بارت سووك ناکەن.. بەڵکە بێشەرمانە بە کۆمەڵ پەلامارت ئەدەن.

ئەی چاوگەشی منالّ.. ئەی تازە پاڵەوانی بچکۆلەی رێی ژیان..

هاوار بکە: ئەوە پاکەت، ئەوە شقارتە

ئەگەر هاوار نەکەیت.. ژیانی رەش هاوار ئەکات:

ئەوە دەرد.. ئەوە برسێتی.. ئەوە نەخۆشی

ئەوە مەرگ.. ئەوە مردنی بێ کفن.

کوڕە شیرینەکەم.. دڵەکەم.. ئەی منالّی ئێسك سووك.. ئەگەر هاواری پاکەت و شقارتە نەکەیت، ژیان هاواری تێری زۆرە.

# نازدارێك و شەو

له باخه بچووکەکەی ماڵی خۆیانا بەرگێکی سپی تەنکی لەبەرکردبوو.. هاتوچۆی ئەکرد.. بە نەرمییەوە پێی ئەنا بە چیمەنەکەدا وەك بەزەیی پیایا بێتەوە، مانگ ئەیڕوانییە رووی ناسك و لەشولاری ژێر بەرگی تەنکی سپی.. وەك بەراوردی جوانی خۆیی و ئەو بکات و ئەو بە جوانتر بزانێ لە شەرما ئەچووە ژێر پەڵە هەورەکان وەك سەرپۆشی شەرم بدات بەڕوویدا کە زانی بەوە چاری نییە و ئەستێرە بزێوەکانیش روویان لەو وەرچەرخاندووە و بە چاوە برسییەکانیان تەماشای ئەو نازدارە ئەکەن و وەك لاوە چەقاوەسووەکان کە رۆژ ئاخی بۆ هەڵئەکێشن..

ئەو نازدارە وەك شاژنێکی خاوەن دەسەڵات گاڵتەی بە هەموو سروشت ئەکرد نە گوێی ئەدایە بە حاڵەتی مانگ، نە توانجی پڕ جریوەی ئەستێرەکان، نە کزەبای بزێو..

شەوگار زمانی نهێنی ئەهێنا بە لەشولاری ناسکیا وەك تینووی جوانی بێت.. مانگ ئەوەندەی تر شێت بوو خێرا خێرا ئەچووە پاڵ پەڵە هەورە تەڵخەکانەوە، لەو دیوەوە ئەکەوتە ئارایشتکردنی خۆی پاشان ئەهاتەوە دەرێ، بەڵام ئارایشتی مانگ لە پشت ئاوێنەی پەڵە هەورەکانەوە هیچ دادێکی نەدا.

بە تەنها نازداری شاژنی شەوی جوان.. شازادەی شەوگار بوو.. ئا لەم کاتانەدا تەماشایەکی ئاسمانم کرد.. وەك لۆمەی کردگار بکەم.. چۆن ئەو هەموو ناسکییە لە کۆتاییدا خاری زەوی پێخەفی نووستنی کۆتایی ئەبێت؟

فەلسەفەی مردن چییە؟

١٩٦٥

# یەکەم ئێوارەی پیاوەتی

لەپاش هیلاکییەکی زۆر گەڕایەوە ماڵێ، ئێوارە بوو.. بەڵام ئێوارەیەك زۆر جیاواز لە ئێوارەکانی تر.. یەکەم ئێوارە بوو تیایدا لە کارکردن بگەڕێتەوە.. جاران باوکی هەبوو بەڵام مرد.. پێویستی خێزانەکەیان وابوو کە کار بکات، ئەگەرچی تەمەنی ١١ ساڵان ئەبوو بەڵام پێویست بوو بچێتە مەیدانی ئیشەوە.. بوو بە شاگرد، وا ئەم ئێوارەیە.. یەکەم ئێوارەی ئیشکردنێتی، لای ئەو شتێکی ساکار بوو کە ئیش بکات و ئێوارە بگەڕێتەوە.. بەڵام ئەم ئێوارەیە هەستی کرد کە لە ئێوارەکانی تر ناچێت، دایکی بە زەردەخەنەیەکی بەخێرهاتنەوە.. هات بەپیرییەوە.. ئاگری مقەڵیەکەی بۆ خۆش کرد و خستییە لایەوە تا سەرمای نەبێت.. جیهان ئەوەندەش سارد نییە، بەڵام ئەم ئێوارەیە لە ئێوارەکانی تر ناچێت.. هەستیکرد کە جێگای هیوای دایکێتی.. خاوەنی ٤ پەنجایی ڕۆژانەیە.. کە دای بەدایکی بووە هۆی کامەرانییەکی زۆر بۆ دڵی دایکی.. بۆیە بۆ یەکەمجار لە ژیانیا هەستی بە کامەرانییەکی راستی ئەکرد بووە میوانی دڵی بچکۆلەی..

بۆ یەکەمجار.. ئەم ئێوارەیە هەستی کرد بووە بە پیاو، بووە بە خاوەنی بەرهەم.. بووە بە جێی هیوای دایکی و دڵخۆشکەری دڵی دایکی..

لە ناخییەوە وتی: ئەم ئێوارەیە بووم بە پیاو.

١٩٦٤

# ماتەمی شارێکی خنجیلە

شارێکی خنجیلە بوو.. کۆشکی قەشەنگ خانووی لە قاقای پێکەنین و شەقامی پڕ لە جموجۆڵی خوێن گەرمان و تێکۆشەرانی ژیان.. ئاسمانی دەم بە خەندە بوو.. بەڵام ئێستاکە.. پاش ئەوەی کە روویدا و پاش ئەوەی کە فڕۆکەی جەنگ پەلەوەری ئاسمانی تەرە کرد و خەندەی قوببەی ئاسمانی کوژانەوە.. پاش ئەوانە-خامۆش و بێدەنگ- پڕ لە کۆست و نەهامەتی- دانیشتووانی راکردووی کێو و دەشت..

لە گۆشەیەکی ئەم شارە وێران کراوەدا کچێکی تەمەن ١٩ساڵانی سەروچاو شکاو.. جەستە زامدار.. هێندە توانای تیا مابوو لەسەر دەم کەمێك خۆی کێش کرد تا لەژێر دارێکی خانووە رووخاوەکەیانەوە بێتە دەرێ.. هەر بە دوو مەتر لەولایەوە لاشەی لاوێکی ٢٥ ساڵان بێ گیان کەوتبوو.. کیژەکە چاوەکانی لێڵ بووبوون، بە ئاستەم لاشەی دەستگیرانەکەی ئەدی.. ئەو لاوەی کە بەر لە چەند شەوێك مارەی کرد و پێش هاتنی فڕۆکەکان و شاڵاوی هێرشبەرە چەکدارەکان بە چەند ساتێك هاتبووە دیدەنی. کەمێك لە لاشەی لاوەکە نزیك بووەوە، دەستێکی کەمخوێنی لەرزۆکی برد بۆ رووی لاوەکە.. هەستی کرد کە تەنها لاشەیەکی بێگیانە.. زیاتر فرمێسکی چاوە سوورەکانی قوڵپی دا تێکەڵ بە خوێن و خۆڵی روومەتە ژاکاوەکانی بوون..

خۆی زیاتر خشان تا بەتەواوی سنگی لە سنگی لاشەی لاوەکە نزیك بووەوە ئەو کەمە توانایەی هەیبوو لەوەدا بەکاری هێنا کە سەری خۆی بەرزکاتەوە تا چاوی لە چاوی لاوە کوژراوەکە بێت، هەستی کرد پێلووی چاوی دەستگیرانە خۆشەویستەکەی ئەجووڵێنەوە، بەڵام زۆر بە نەرمی.. لە خۆشی ئەو trووسکە هیوایە ویستی ماچی بکات بەڵام هێندە سەری خۆی پێ راگیرا تا دەمی گەیشتە ئاستی ملی لاوەکە و لێوی نا بە ملیەوە و ماچی کرد.. لەپڕ هەستی کرد کە ساردیی لاشەکە زیاتر گەرم ئەبێت وەك خوێنی نوێی تێدا ژیابێتەوە..

بەڵام لەڕاستیدا لاشە کەمخوێنەکەی خۆی بوو بەرەو ساردبوونەوە ئەڕۆیشت.. تا گیانی ئەویش لاشەی زامداری بەجێهێشت و لەگەڵ لاوەکەدا یەکسان بوون..

هەر لە گۆشەیەکی تری ئەم شارە کاول بووەدا.. لاشەی دایکێکی کوژراو لەژێر سێبەری دیوارێکی نیوە رووخاودا راکشابوو.. منالێکی بچکۆلەی تازە زمانگرتوو قاچێکی نەرمۆڵەی کەوتبووە ژێر کۆڵەکەیەکی رووخاوەوە رێگای هەموو جووڵانەوەیەکی گرتبوو ئەیویست بەرەو لای دایکی بڕوا، بەڵام توانای دەربازبوونی نەبوو.. بەدەم گریانەوە گریانێکی فریشتەییەوە ئەینالاَن (دایکە.. دایکە گیان.. لەشم ئازاری هەیە.. قاچم بەرەڵا کە) بەڵام هاواری بێسوود بوو دایکی لاشەیەکی بێ گیان: چی بکات؟ ناچار بەسۆزتر ئەیوت: (دایکە گیان.. وەرە بەلامەوە..بۆ.. خەبەرت نابێتەوە) وەك دڵی نیوە دیوارەکەی: کە سێبەری کردبوو بۆ لاشەی دایکی نەرم بووبێت لەو سۆز و ناڵە و گریانە، وەك ئەو نیوە دیوارە بێگیانەش توانای زیاتر بیستنی ئەو هاوارەی نەبێت.. رووخاو منالەکەی بۆ هەمیشە بێدەنگ کرد. گیانی ئەو ساوایەش چووە پاڵ ئەو گیانانەی کە بەرهەمی شەڕ و کوشتار و جەنگن.. کە لە ئەنجامی تاوانی مرۆڤا ئەچنە قوبەی ئاسمان وەك بچرپێنن بەگوێی رۆژدا و بڵێن:

(خۆزگە تیشکی رووناکت نەئەناردە سەر ئەوانەی کە نرخی ژیان و مرۆڤ نازانن).

١٩٦٥

# خەڵکی وتیان

خۆشەویستیی بۆ منداڵێك كە بانگی بكات (بابە) كارێكی وایكرد ژیانی هێمن و لەسەرخۆی لێكرد بە دۆزەخێكی مەلوولی و بێ وزەیی.. ژنە بەوەفاكەی تەڵاق دا، تەنها لەبەرئەوەی كە منداڵی نابێت.. داوی ئەو كیژە سەركێشەی بە پەنجە باریكەكانی یاری بە ئەقڵی ئەكرد، لەگەڵ ویستنی منداڵێك بوونە دوو هۆی چڕوپڕ لە خەیاڵیا بۆ وازهێنانی لە ژنەكەی و هێنانی ئەو كیژە سەرپێچ و روو پڕ سیحرەی ئاڵوگۆڕی یاری كردنە.. وا ماوەیەكی زۆری نەبرد ئاگری شك و دوودڵی كارێكی وای كردۆتە سەر ژیانی رۆژانەشی كە بە ئارەق و مەیەكی زۆر نەبووایە ئارام نەئەبوو.. زۆرجار لە ماڵ نییە.. ئەچێتە دەرێ بەبێ بیروڕای كەس.. كاتی ئیشكردنی ئەم لە كارگە.. ئەڵێن.. زۆریش ئەڵێن كە دۆستی كۆنی هەبووە پێش شووكردنی بەم. خەڵكی ئەڵێن.. هەمووی هەر (خەڵكی) .. ئەم ئێوارەیە هاتەوە لە ماڵ نەبوو.. سواری ئوتومبیلەكەی بوو پاش ئەوەی چەند پەرداخێك مەیی بەخێرایی خواردەوە.. چاوەكانی سوور بوون.. دەستی بەتەواوی سووكانەكەی بۆ نەئەگیرا لەپڕێكا بینی بەسەر شۆستەی شەقامێكدا لەگەڵ پیاوێكی كەمێك گۆشتنی باڵا كورتا شانبەشانی یەكتر ئەڕۆن.. چاوەكانی ئاگرێكی وەهای تێچوو كە هەردووكیانی پێ بسووتێنێ. ویستی لەژێر دەستیا دەرنەچن.. ویستی بە زووترین كات بگاتە سەریان.. بە هەموو رك و كینەیەكی دڵ مەستییەوە پێی توند كرد لە جێ پێی بەنزینەكە.. حەزی ئەكرد خوێنی خۆی بخاتە سەر بەنزینەكە بەو مەرجەی زووتر بگاتە سەریان.. ئاگای لە ژیان و خەڵكی نەمابوو.. بەرەو رووی قەراغ شەقامەكە بە خێراییەكی شێتانە هات.. وەكو بەتەمای راوەستان نەبێت.. ئەوەندە ئاگای لە ژیان بوو كە هەردووكیانی بە دیوارەكەوە شێلا و خرچەی سووكانەكەی هەست كرد كاتێك كە چووە سنگییەوە.. ئا لەم كاتانەدا خەڵكی وتیان:

(سەرخۆشێ ژن و مێردێكی بە ئوتومبیلەكەی كوشت و خۆیشی مرد).

١٩٦٥

# خوای دڵداران

لەپڕێکا ژوورەکەم بە جۆرێك رووناك بووەوە لەوە ئەچوو نەك تیشکی رۆژ، بەڵکە رۆژ خۆی هاتبێتە ژوورەکەمەوە.. سەرم هەڵبڕی شتێك لە شێوەی ئافرەتێکدا وەستابوو تەنها بە وشەی جوان ناوی جوانی ناوترێت لەگەڵ ئەوەشدا کە لەشی لاواز بوو، بەڵام لاوازییەکەی بە جۆرێك بوو جوانتری ئەنواند.. بەرگێکی وەك شیفۆنی سپی تەنکی لەبەردا بوو، بەڵام لەو دیویەوە لەشی دیار نەبوو، لە قووڵاییەکی زۆر مەنگ زیاتر هیچی تر بەدی نەئەکرا.. حەپەسام.. بە سەرسوڕمانێکەوە تەماشای ئەو دیمەنە سەیرەم ئەکرد.. دەستی هێنا بۆ لای قەرەوێڵەکەم، بە دەست پیانانێکی زۆر سووك ئاسنی قەرەوێڵەکەمی خوار کردەوە.. زۆرتر سەرسام بووم کە ئەو لەشە لاواز و جوانی و ناسکییە خاوەنی ئەو توانا ترسناکە بێت لەسەر ئاوازێکی ئەفسووناوی کە لە ئاوازی سەر زەوی نەئەچوو وتی: (بپرسە)

هەناسەم سوار بوو بەترسێکەوە وتم: (چی؟!) لە وەڵامدا زەردەخەنەیەك گرتی و وتی: (سەبارەت بە دڵداری) بەبێ ئەوەی بزانم چی ئەڵێم وتم: (فریشتە جوانەکەم.. باسێك.. مانایەك.. ئەفسانەیەکی دڵداری).

وتی: (ئەوانەی دڵدارن.. کە دیوارەکانی ژیانیان بەئازار و ژان بەرز ئەکەنەوە لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەتوانن خەیمەی شادی هەڵبدەن.. کە لە قووڵایی شەودا قسە لەگەڵ تارمایی و خەیاڵی خۆشەویستانیانا ئەکەن لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەتوانن لەگەڵ خۆشەویستانیانا بنوون.. ئەوانەی کە چیان دەسەڵات بێت لە ڕێگای کوشتنی ئارەزوویاندا بیکەن بەبێ دەست پاراستن.. من نایانناسم و دڵداری راست نین)..

کە رستەی دوایی وت.. بەسەیرێکەوە وتم: تۆ نایانناسی؟!! بۆ تۆ کێیت؟

دوو دڵۆپ فرمێسکی بێڕەنگ لە چاوەکانییەوە هاتنە دەرێ دوابەدوایدا وتی: (من خوای دڵداریم)

کە وایوت راپەڕیم.. کڕنووشێکم بردە بەرپێی.. بەڵام کە سەرم هەڵبڕی لەوێ نەمابوو.. دوو دەنك مرواری نەبێ کە دوو دڵۆپە فرمێسکەکەی بوون لەوە ئەچوون خەست بووبنەوە.. لەخۆشیا هەڵمگرتنەوە و نام بە سنگمەوە.. لەپڕ هەستم بە توانایەکی زۆر کرد چووە دڵمەوە و مووروووەکانیشم لەدەستا نەمابوو.. وەك بەتواوەیی چووبنە دڵمەوە لەسەر سنگم.. رووم کردە رووناکیی پەنجەرەکەم شێوە کڕنووشێکم بۆ تیشکی ئەو رووناکییە برد و وتم:

بەندەتم ئەی خوای دڵداری.

١٩٦٥

# هەر ئەویشە

وتی: ئەرێ ئەوە نەبوو.. کە خۆشی ئەویستی؟
وتم: بەڵێ.. هەر ئەویشە کە نایەوێم..
*خۆ ئەو بوو قەڵەمی دڵداری دایە دەستت!
-هەر خۆیشی بوو کە لێی سەندمەوە.
*ئەو بوو ئەیوت: (دڵم لە تۆ زیاتر کەسی ناوێت)
-هەر ئەویشە ئێستا بە کەسێکی تر وا ئەڵێت.

بەڵێ.. چاوەکەم ئەوانەی تۆ وتت هەمووی ئەو بوو.. هەر ئەویشە ئێستاکە لە یادی خۆی دەریکردووم و یەخەی لاوێکی تری گرتووە.. وەك شادمانی خۆی لەوەدا شك بەرێت هەر رۆژەی لە باوەشی یەکێکدا بێت.

ئێستاکە لاوێکی تر فێری خۆشەویستی و چۆنیەتی ئەقڵ گۆڕینەوە ئەکات وەك سەربەرزی خۆی لەوەدا ببینێ، هەر رۆژەی مامۆستای لاوێك بێت.

ئێستاکە فرمێسك بۆ نەفامێکی تر ئەرێژێ و بەو فرمێسکە بێ مانایانە گیان و پەسندی کەسێکی تر ئەکڕێت وەك لای ئەو ژیان شانۆیەك بێ هەر رۆژەی لەسەر چەشنە ئاوازێك و بەرانبەر بە جۆرە تەماشاکەرێ خۆی بنوێنێ کە هیچ لە مانای شانۆگەریی نازانێ.

ئا.. ئا هەر خۆیەتی، تەنها تەماشای جوانی رووکەشی مەکە، زەردەخەنە منالآنەکەی هەڵت نەخەڵەتێنێ ئەوانە هیچی هیچ نین تەماشای راستیی ناوەوەی بکە ئەوساکە ئەزانیت، چ ئەفسانەبازێك و چ مامۆستایەکە لە هەڵخەڵەتاندنا.

ئەوەش بزانە، پاش چەند ساڵێکی تر خۆی بە خۆی ئەزانێت کە تەنها خۆی هەڵخەڵەوتاوترین کەسە.. پاش چەند ساڵێکی تر.. با کەژاوەی ژیانی کاتی خۆی بەجێی بهێڵێ ئەوسا فرمێسکی راستی لە چاویا ئەبینێت.

١٩٦٥

# جەژن

لێفەکەی راکێشا بەسەر خۆیا.. چاوەکانی داخست.. حەزی ئەکرد بە چاوترووکاندنێك رۆژ بێتەوە. ببێ بە بەیانی جەژن.. هەڵسێت و بەرگە پاك و جوانەکانی جەژنی لەبەرکات.. ئەو بەرگانەی کە تەنها جەژنان لەبەری ئەکات و خۆی پێوە ئەلەنجێنێ، بە حەزی ئەو بوایە جەژن هەرگیز نەرۆیشتایە تا دایکی لەبەری دانەکەنێتەوە و نەیخاتە ناو بوخچە سوورەکەوە، هەرجارەی دیمەنێکی نازداری بەیانی دێتە سەر شانۆی خەیاڵی لەگەڵ باوکیا ئەڕوات بۆ گەڕان.. نوقڵ و شیرینی خۆشی ئەدەنێ، پارەی وردە.. جەژنانەکانی ئای لەو خۆشییە.. جارجار لێفەکەی لەسەر چاوی خۆی لائەبرد تەماشایەکی پەنجەرەکەی ئەکرد بەشکو رۆژ هەڵهاتبێت.. ئاگای لە خۆی نەما، بەیانی بوو کە دایکی خەبەری کردەوە و خێرا هەڵسا.. پەلاماری بۆری ئاوەکەی دا.. لەکاتی دەموچاو شتنا بۆنی خۆشی چێشت قەیسییەکە بەدەوری لووتیا ئەخولایەوە، دەموچاوی شت.. وشکی کردنەوە و بە کامەرانییەکی زۆرەوە هاتە لای دایك و باوکی جەژنە پیرۆزەی لێکردن.. دانیشت بۆ خواردنی نانی بەیانی نەرمە گۆشتی سوورەوەکراو، برنج، چێشتی قەیسی.. لە خۆشیی نانەکە بیری جەژنی لە خەیاڵ لاچوو، هەموو گیان و هەستی لە پاروەکەی دەستیا بوو..

ئای.. بوخچە سوور وەرە پێشێ.. دایکی بەرگەکانی لەبەرکرد و رایکرد وەك دەرگاکەیان لەوکاتەدا پژمیبێت و ئەم لە دەمیا بووبێت بەدەم کردنەوەی دەرگاکەوە بۆ سەری کۆڵانەکەیان بە ڕێکەوت و تەماشایەکی خێرای ئەمسەر و ئەوسەری کۆڵانەکەی کرد. کەمێکی پێچوو باوکیشی هاتەدەرێ پێشنیوەڕۆ کە هاتەوە لەگەڵ باوکیا گیرفانی هەردووکیان ئاوسا بوو.. دەستەکانی خستبووە گیرفانەکانی شەرواڵەکەیەوە، بە پەنجە بچووکەکانی یاریی بە نوقڵ و چوکلێتەکانی گیرفانی ئەکرد.. هاتنە ژوورێ، دایکی هات بەپیریانەوە.. گیرفانەکانیان بەتاڵ کردە ناو قوتووی نوقڵەکانی ماڵی خۆیان کە سێ چوار دەنکی تێدابوو هەر دەنکەی جۆرێکیش بوو..

پاشان دانیشت کۆمەڵێ پارەی وردەی لە گیرفانی دەرهێنا و کەوتە یاری کردن پێیان.

١٩٦٥

## ئاسمان.. هەتاو

که هاتمە ئەم جیهانە و چاوەکانم کردەوە، هەستم بە تاریکییەکی زۆر کرد. من فێری رووناکی بووبووم.. فێری باڵ راوەشاندن بووبووم بەڕووتی ئەگەڕام، ئەلەنجام، کەچی لێرە خێرا کۆتی زەرد و سووریان کردە بەرم.. بەندیان کردم.. رێگای سەربەستییان لێگرتم.

هێشتا فێری زمانی ئەم جیهانە نەبووبووم بۆیە کە بە زمانەکەی جیهانی خۆم، کە لێوەی هاتبووم هاوارم کرد: (بەرەڵام کەن.. رووناکیم ئەوێ.. هەتاوم ئەوێ.. سەربەستیم ئەوێ.. ئەم کۆتانەی لەبەرمایە لایبەرن.. فڕێی بەن. نامەوێت) بەڵام چونکە لە زمانەکەم تێنەئەگەیشتن زمانەکەی پێشووشیان لەبیرچۆتەوە بۆیە وتیان: (برسییەتی داوای شیر ئەکات) وردە وردە لەناویانا زمانەکەم گۆڕا گەورە بووم، بەڵام بەبێ شادی.. دوور لە سەربەستی.

ویستم وێنەیەکی ژیانم بگرم، شادی لێ بتکێ.. سەربەستی تێدا دیار بێت.. رووناك بێت.. بەڵام سەرنەکەوتم چونکە لە تاریکیی شەوەزەنگا.. جوانیی گوڵ و تەڕیی گەڵا و فێنکی شەماڵ و ورشەی بەرگی شەونماوی گوڵاڵە هەمووی هەر رەش دیار دەبێت.. تەقیم.. هاوارم کرد: ئاسمان هەتاوم ئەوێ.. گەردوون رووناکیم ئەوێ.. هەتاو.. هەتاو..

لەپڕ دەنگێك هاتە ناخمەوە..چرپانی وتی:

(چرای ئازادیی لە کاسەی سەر دروست ئەکرێت، لە مێشکی قوربانییەکانی رێگای رووناکی دروست ئەکرێت، سووتەمەنییەکەی ئەبێ دەماری پڕ لە خوێنی جموجۆڵی بێت.. نەوتەکەی ئەبێ ئارەقی ناوچەوانی لاو و پیر و ئافرەتان بێت).

خێرا راپەڕیم بانگم کرد:

(خەڵکینە راپەڕن.. قوربانی بدەن لە پێناوی رووناکیدا)

کەچی پێکەنین و بە گاڵتە پێکردنێکەوە وتیان:

(چەندە لاوێکی هەژارە.. بەم سەرەتای تەمەنەیەوە تێکچووە.. شێت بووە.).

لەسەر چۆك کەوتن و دەستیان هەڵبڕی بەرەو ئاسمان و کەوتنە لالانەوە.. چوومە بەردەمیان وتم:

(هەوڵێ بدەن.. لالانەوە پیشەی بێدەسەلاتانە.. ئاسمان هیچ دادێکتان ناگەیەنێتە شوێنی ئارەزوو) ئەمجارە پەلاماریان دام و وتیان: (بیگرن، بەندی کەن، کافر بووە). وتم: (چۆن بەندیم ئەکەن کە ئێوە خۆتان لە کاسەی مێشکی تەنگتانا بەندن، گیرۆدەن).

هەریەکەیان وەکو مریشکی سەربڕراو لە ئاستی خۆیانەوە دەستیان کرد بە باڵ راوەشاندن و قەڵەمبازدان و وتیان: (کوا بەندین؟ ئەوە نییە هەموو سەربەستین). خەمبارییەکی زۆر دڵمی گرت و بە نەرمییەوە وتم: (چەندە بێ هۆشن! چەندە لە شادی ژیانی راستی دوورن! چەندە کەساسن). ئەمجارەیان هەریەکەیان لە ئاستی خۆیەوە دەمی داپچڕی و دانەکانی دەرخست، وتیان: (ئەوە نییە شاد و دەم بە خەندەین..)

کە دیمن بەوجۆرەش لە مانای شادی گەیشتوون.. خۆم کەمێك دوورخستەوە، چونکە نەمتوانی لەپڕێکا کاریان تێبکەم، بڕیارم دا ورد ورد لەگەڵیانا خەریك بم بەتایبەتی پاش ئەوەی کە زانیم باوەڕیان بەوە هەیە کە (هەرگیز لەناو کۆمەڵێکدا کەسێك یان چەند کەسێکی کەم راست نین ئەگەر لەگەڵ هەموو رەفتاری کۆمەڵەکەیانا نەڕۆن و پێڕەوی نەکەن).

١٩٦٥

# مێشك و دڵ

پیرێژنێکی پەککەوتە بوو، دەمارە پیرەڵۆکەکانی دەست و پلی لە پێستەکەیەوە بەرز بووبوونەوە وەك کۆمەڵێ رەگی مۆر لە گڵێکی ژەنگیا. سپێنە و گلێنەی چاوەکانی شێوە تێکەڵێك بوبوون بە وردی نەبوایە لێك جیا نەئەکرانەوە.. سەری لەگەڵ کۆمانەوەی پشتیا نزیك لە ئەژنۆ لەرزۆکەکانی بووبووەوە، وەك لە ئەژنۆکانی بپرسێ بۆچ ئەلەرزن؟

منالێك ٧-٨ ساڵان بووبووە چاوساغی، بەرگێکی شڕۆڵی لەبەردا بوو.. پەلی پیرێژنەکەی گرتبوو .. بێ بەزەیی رای ئەکێشا بەدوای خۆید او خێرا خێراش جنێوی پێئەدا.

لەم دیمەنە دڵم زۆر پەست بوو.. وتم: چیتە؟ ئەی دڵ رات چییە بەرامبەر ئەم رووداوە؟

وتی: پیرێژنێکی وا بەستەزمان، پەککەوتە و زەلیل ئەوەندە بار و خەم و ناسۆری ژیانی لەسەر پشتە لووتی خەریکە لە زەوی توند بێت.. کەی ئەمە راستە ئەو هەتیوە لاسارە، بەو دڵڕەقی و دەم پیسییەوە ئازاری بدات.. هەڵسە شلکوتی عومری بکە، وەهای تەمبێ بکە لەمەولا نەرم بێت لەگەڵی..

لەم کاتانەدا کە دڵم ئەم قسانەی ئەکرد مێشکم دەستی کرد بە پێکەنین وتم: دیارە تۆ رایەکی ترت هەیە بزانم تۆ ئەڵێی چی؟

وتی: سەیرم لەو قسانەی دڵ دێت، ئەم پیرێژنە ئاخر شەڕە ئەڵێی گرێیەکی ناقۆڵایە لەناو ئەم کۆمەڵەدا..هەرچی کەڵك و سوود هەیە نییەتی بۆ خۆی و بۆ کۆمەڵەکەشی.. مانەوەی لە کۆمەڵدا مانای ئەوەیە خواردنی ئەندامێکی بە کەلك و خوێنگەرمی ئەم کۆمەڵە ئەخوات.. سەرەڕای ئەوە ئەو منالە تازە چرۆیە.. کێ ئەڵێ ئەگەر نەبەسترێ بەو پیرێژنەوە و چاوساغیی نەکات نابێتە ئەندامێکی زۆر بەسوود بۆ ئەم کۆمەڵە؟ بۆ ژیانی گەرم و تازە هەڵچووی خۆی لە دەستە پیرەڵۆکەکانی ئەو پیرێژنەدا بکوژێ؟

منیش لەنێوان دڵ و مێشکما سەرسام مام، نەمئەزانی بە قسەی کامیان بکەم، چونکە هەردووکیانم خۆشویست.

١٩٦٥

# له ڕۆژێکی

بارانێکی زۆر ئەباری.. رەهێڵە بێ بەزەییانە یاری بە فرمێسکی ئاسمان ئەکرد.. بارانی ئاسمانی رووگرژ، زەوی رەشی ئەشتەوە، تیشکی باریووی چاوەکانی منیش رووسپی و نازداری ئەوی ئەشتەوە بە ناسکی، بە نەرمی، بە بەزەییەکی زۆرەوە.. پاش ئەوەی هەڵسام هاتمە دەرێ بە بێ باکانە بە ژێر بارانەکەدا رۆیشتم.. بەرگەکانم تەڕ بوون، بەڵام کزەی ساردی نەیتوانی ئەو گەرمییەی ناخم دەستکاری کات..

پێکی ژیانی ئەو رۆژەشم خواردەوە.. شەو داهات.. سروەی نووستن لەسەر پێڵووەکانم کەوتە هاتوچۆ.. تا هیلاك بوو هێندەی رابواردنی شۆخێکی جوانی نەبرد رۆژم لێ بووەوە.. ئەو شارەی کە دوێنێ بەرامبەر شادیی من ئاسمانەکەی گریا، ئەمڕۆ دەستی کردبوو بە پێکەنین، تیشکی ئەمڕۆی گەرم بوو هەموو شتێکی گۆڕابوو..

نەمزانی مەبەستی سروشت چی بوو، لە ڕۆژێکی باراناوی ئاسمان رووگرژیدا منی خستە دیداری ئەو نازدارە.. کەچی لە ڕۆژێکدا کە من لێی دووربووم ئاسمانی پڕبوو لە زەردەخەنە و ناخی گەرم بوو.. لەوە ئەچوو کە پێم بڵێ:

شادی و ناشادی تۆ کە مرۆڤێکی پەیوەندیی بە چۆنییەتی روو و ناخی منەوە نییە کە سروشتم.

١٩٦٥

# ژیان چییە؟

ژیان عەترە لە نێوانی ئەگریجەی نازدارانا
فرمێسکە، پرشنگە، ترووسکەیە لە چاوی گەشی جوانانا
قاقای پێکەنینە لە گەرووی ناسکی دەنگا
خەمە، سەرسامییە، شادیە لە ناخی دڵ پاکانا
ئەشکەنجەیە، نەهامەتییە لە دڵی بێکەسانا
برسێتییە، نەخۆشییە، دەردە، دیلییە لە ڕیزی چەوساوەکانی ڕێگای مان و نەمانا
ژیان پشووە لای هیلاك

سێبەرە لای ئارەق ڕێژ، خەیاڵە لای ئەدیب، بلیمەتییە لای زانا، دەرمانە لای نەخۆش، بارانە لای جووتیار، هەتاوە لای سەیرانکەر، هیوایە لە دڵی لاوا، تەمەنە لە خەیاڵی پیرا، جوانییە لە دەروونی کیژا، پارەیە لە گیرفانی پارەپەرستا.

ژیان.. دوو دڵۆپ فرمێسك و پرشەیەکی خەندەیە کە پێکەوە ئەچنە سەر رووی ناسکی جوانیێ.

١٩٦٥

# مۆتەکە–ی خەوێك

لە جیهانی خەو و بێئاگاییدا بووم.. هەموو پێوەندییەکم بەم جیهانەی ئێستامانەوە پچڕا بوو.. بەبیٚ ئەوەی بزانم زیندەوەرێکی قەبە و زل سواری سەرم بوو.. ددانەکانی تیژ و درێژ و خوار و خێچ، گڕێکی شین لە نێوانیانەوە ئەهاتە دەریٚ.. بە هەردوو پێوە لەسەر سنگم راوەستا بوو لەوە ئەچوو هەتا ئەژنۆی لە پەراسووەکانما نوقم بێت و ئاسانییش هاتوچۆم لەسەر بکات.

ویستم دەم بکەمەوە و هاوار بکەم تا بکەونە فریام بەڵام نە دەمم کرایەوە.. نە دەنگیشم دەرهات، ویستم پەلەقاژێیەك بکەم، راکەم، بەڵام تەنانەت توانای بزواندنی پەنجەیەکیشم نەبوو، لەپڕ دەستی دایە پەلم بەرانبەر کێویٚکی پان و تەختی زل رایگرتم لە تەختەی ئامادەکراو ئەچوو کە وێنەکێشێك دایناب‌یٚ بۆ وێنەکێشان لەسەری.. دەستی دایە پارچە کێویٚکی تر کە ئەمەیان لە تەختەی بۆیاخ گرتنەوە ئەچوو کە وێنەکێشەکان ئەیگرن بە دەستیانەوە.

بە دەنگێکی گڕی قەبە قیڕانی بەسەرما وتی: نەجووڵێیتەوە.. چاو نەترووکێنی.. من زەمانەم بڕوانە.. وا وێنەیەکی ژیان دروست ئەکەم.. فڵچەیەکی خستبووە نێوانی نینۆکە درێژەکانییەوە، داری فڵچەکە کە ئێسکی قۆڵی مرۆڤ بوو، مووەکانیشی پرچی ئافرەت بوو، بەدەستەکەی تری پارچە کێوەکەی گرتبوو کە بۆیاخە گیراوەکانی لەسەر دانابوو..

لەسەر ئەو پارچە کێوەی کە وەکو تەختەی بۆیاخ گرتنەوە گرتبووی بە دەستییەوە چاوێك هەبوو فرمێسکێکی زۆری لیٚ ئەڕژا و دڵێکی لەسەر بوو خوێنێکی گەشی لیٚ ئەڕژا، ئەویش بە فڵچەی دەستی خێرا خێرا خوێن و فرمێسکەکەی تێکەڵاو ئەکرد و لەسەر کێوە پانەکەی بەردەمی وێنەی پیٚ ئەکێشا.

ئەو وێنانەی کە دروستی کرد زۆر بوون، بەڵام ئەوەی لە یادما مابێتەوە: هاژەی با.. خشەی گەڵا.. چ لەکاتی سەوزیدا چ لەکاتی خەزاندا..

سروەی گوڵ و خورپەی دڵ چ بە شادی و چ بە ناشادی، ورشەی ئاورنگ و لەرزەی سنگی نازداران.

بەرزی کەژ و رووناکی رۆژ، خەندەی لێو و لەنجەی باڵا، چاوی پڕ ئەفسانە و تریفەی مانگ. لەپڕێکا وێنەکەی گۆڕیبوو بە:

مشتێ زووخاو، جامێ خوێن، تۆزێ خەم، کڵۆیەك کڵپەی گڕ و تاریکی تاریکستان و چڕی دارستان و کڵۆیەك ژەهر. ئاوڕێکی دایەوە بۆ لام نەڕانی:

منم زەمانەی هونەرمەند.. بە خوێنی دڵ و فرمێسکی چاوی دیلەکانم، بە ئێسك و پرچی دڵسۆزەکانم لەسەر کەژی ژیان وێنەی ژیان خۆی ئەکێشم.. قسەکەی تەواو نەکردبوو کە خەبەرم بووەوە لەو مۆتەکە ترسناکەی سواری سنگم بووبوو.

١٩٦٥

# دوو تابلۆی شەو

**(١)**

ئەو ئەستێرانەی کە بە درێژایی شەو کۆڕی ئاهەنگیان گرتبوو لە هۆڵی فراوانی ئاسمانی سامالا.. ئەیانجریوان، گۆرانیان بۆ یەك ئەوت، سەمایان ئەکرد.. لە جامی مانگی زیوینا.. سەرابی تیشکی ئێشکیان ئەخواردەوە.. پێش هاتنی بەیان.. هەموو سەرخۆش بوون، کەوتنە گڕوگاڵ، پێش هەڵهاتنی ڕۆژ بە تاوێك چاویان داخست و خەویان لێکەوت.

**(٢)**

کوڕ و کچ ئالابوونە یەك، ئەستێرەکانی ئاسمان بوون..وەك کۆمەڵێ خوشك و برا لە دەشتایی ئاسمانا بە درێژایی شەو خەریکی یاری کردن و چاوشارکێ و یەکتر راونان بوون، مانگی دایکیشیان نەرم نەرم لەناویانا هاتوچۆی ئەکرد نەك تووشی شتێك بن یان ئازاری یەکتری بەن، بەڵام بەرەبەیان هەر کە لەگەڵ ڕۆژی باوکیان دامێنی دەرکەوت لە کۆلانی ئاسۆوە، خێرا کوڕوکاڵی لاساری ئەستێرەکان لە ترسی ڕۆژی باوکیان رایانکرد و لەژێر لێفەی ئاسمانی پیرۆزەییا خۆیان شاردەوە و پاش تاوێك خەویان لێکەوت.

١٩٦٩

# سایکۆلۆجی

حەز ئەکەم بگریم، گریانێکی بەکوڵ، فرمێسکەکانم رووم بشوا شتێك لە ناخمایە.. ناخم ئەخوا.. حەز ئەکەم دەری بێنم.. لە ناخما دەری بێنم بیخۆم.. بە دان ئەنجن ئەنجنی کەم.. لەتوپەتی کەم.. چۆن گورگ.. چۆن پڵنگ چنگ گیر ئەکەنە گۆشت.. چۆن لەتوپەتی ئەکەن.. چۆن ئەیهاڕن، وا بیهاڕم.

حەز ئەکەم لە هەموو ناخمەوە هاوار بکەم، بقیژێنم.. قیژەیەك زیاد لە توانای گەرووم.. بەم مانگی شوباتە ئەمەویٚ خۆم رووت کەمەوە باز بدەم.. سەری خۆم بدەم بە دیوارێکا.. پارچە شووشەیەك لەسەرما بشکێنم.. سەرم قاش کات، خوێنی گەرم بەڕووما بێتە خوارەوە.. هەموو گیانم سوور بکات.. پارچە بەردیٚ، داریٚ شیشێك، چەقۆیەك بکەم بە سکی خۆما، ئاگرێك بەربدەمە لەشی خۆم گڕ و کڵپەم لیٚ ببێتەوە کەس نەوێریٚ توخنم کەویٚ، کەس نەوێریٚ نزیکم بێتەوە، ئاھ چەند خۆشە هەموو عالەم لە دوورەوە تەماشام کات و کەس توانای نەبیٚ نزیکم کەوێت.

نا، خۆزگە دنیا هەموو دنیا ئەهاتە نزیکمەوە.. ئەهاتن ئەچوونە دڵمەوە.. ئەزانم لە خۆم دڵنیام کە لە دڵما جێگای هەموو جیهان ئەبێتەوە.. با بێنە دڵمەوە بزانن من چیم؟ چیم ئەویٚ؟ چۆنم و وێڵی چیم؟ بۆچی ئەگەڕێم؟ هاوارە خەڵکە... وەرن تێم بگەن.. فرمێسکەکانم بخوێننەوە، پەنجەکانم کە وەکو (دە) خەنجەر ئەچەقن بە قژما و لەیەك ئەئاڵێن ئەو پەنجانە چییان ئەویٚ؟ بۆ وائەکەن؟

خەڵکە ئێوە تێم بگەیەنن.. من چیم؟ بۆ بۆخۆم ئەگەڕێم؟ چۆن خۆمم لیٚ ون بوو؟ خوا.. ئاسمان..دار.. خوێنی دەمارەکانی لەشم، مێشکی کاسم، دڵی لەتوپەتم.. هەمووتان.. نا دە یەکێکتان قسە بکەن.. من چیم؟ با هەموو پشکۆی دنیا بچێتە دڵمەوە، دەبا هەموو سەهۆڵی دنیا بچێتە دڵمەوە.. نازانم چی چی؟ ئەم خەڵکە چین؟ بۆ بە دەنگی بەرز قسە ئەکەن.. وا گوێم تەقی، سوژنی دنیا، شیشی سوورەوەبووی جیهان چوو بە گوێما.. ئەی هاوار بێدەنگ بن.. رقم لە هەمووتانە، کە نیفاق ئەکەن،

کە دووڕوون، کە ڕاستی نالێن.. ئاخ هەمووتانم خۆش ئەوێ کە هیچ نین.. ڕقیشم لێتانە کە هیچ نین، کە زۆر بێدەسەڵاتن.. کە-نازانم چین.. بە چی بێدەنگ ئەبن؟ خوا.. خوا، ئاسمان من چیم و ئەم خەڵکە چییە..؟ چییان ئەوێ و چیم ئەوێ؟ ئاخ سەرم قورسە توانای ڕاگرتنیم نییە.. بۆ سەرم دوورترە لە لەشم؟ بۆ بەیەکەوە نەبن؟ بۆ من ئەبێ ئەم سەرە قورسەم لەسەر لەش؟ بۆ؟؟

بۆ ئاسمان و زەوی ئەوەندە دوورن لەیەك؟ بۆ ئەم ڕۆژگارە ئەڕوات و ناوەستێ؟ بۆ نووستن هەبێ.. بۆ بەبێ نووستن نەتوانین بژین؟ بۆ بمرین؟ ئەی بۆ بە ئازار بمرین؟

با دەستم ئەوەندە درێژ بوایە ئەستێرەکانم داگرتایە.. ماچم بکردنایە، با بتوێمەوە لە تیشکیانا.. با بتوێنەوە لە چاوما.. با بیانخۆم.. با وەکو گوڵ بیانکەم بە چەپك پێشکەشیان کەم، بەڵام بە کێ؟ ئەی بۆ حەز ئەکەم هەرچی شتی جوان هەیە هی من بوایە و بمبەخشیایە بە خەڵکی؟.. هەموو خەڵکەکانی جیهان دڵشاد بوونایە بە مەرجێ من هۆی دڵشادییان بوومایە. حەز ئەکەم هەموو جیهان کامەران بێ بە هۆی منەوە کامەران بێ. من شێتم؟ ئا .. شێتم حەزیش ئەکەم کە وا شێتم.. زۆر خۆم خۆش دەوێ کە دژی هەموو نەریتێکی ئەم جیهانەم.. هەموو بەندێك بە دەستم بشکێنم هێزێکی بێ کۆتایی بوومایە دنیام بسووتانایە و بشکانایە، ئەوا خوێنم کوڵا.. خوێنم نەما.. دەمارەکانم وشك بوو، لێوم قڵیشا.. خنکام.. تێمبگەن.. شێت بووم.

١٩٦٩

# ژیاننامەی نووسەر

* دڵشاد محەمەد ئەمین فەتاح/ مەریوانی لە سلێمانی لە ١٩٤٧/٣/٢٨ لە دایکبووە.

* خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی بەشی وێژەیی هەر لە سلێمانی تەواو کردووە.

* بۆ تەواوکردنی خوێندنی زانستگا چووەتە شاری بەغدا بەشی زمان و ئەدەبی کوردی لە زانستگای بەغدا، کۆلێژی زمان و ئادابی تەواو کردووە و ساڵی ١٩٧٢ (بەکالۆریۆس، لیسانس)ی تیادا وەرگرتووە.

* ئەندامی:

کۆمەڵی رۆشنبیری کورد، یەکێتی نووسەرانی کورد، نەقابەی رۆژنامەگەرانی عیراق ئەندامی هاوبەش بووە.

* بەرهەمە ئەدەبی و رۆشنبیرییەکانی لە ڕۆژنامەکانی: ژین، هاوکاری، کاری میللی، بیری نوێ، دەنگ و باس.. هتد، بڵاوکردۆتەوە. هەروەها لە گۆڤارەکانی: بەیان، رۆشنبیری نوێ، رۆژی کوردستان، دەنگی کرێکار، تریفە.. هتد، بڵاوکردووەتەوە.

* گەلێك وتاری رەخنەی ئەدەبی لەسەر نووسەران و شاعیران و رۆشنبیرانی کورد نووسیوە لەوانە: ئیبراهیم ئەحمەد، د. مارف خەزنەدار، محەمەد مەولوود مەم، د.ئەمین موتابچی، هێمنی شاعیر، د. عەبدولڕەحمانی قاسملۆ، شێرکۆ بێکەس، د.کاوس قەفتان، کەریمی حوسامی، حەمەساڵح دیلان، شوکور مستەفا، رەووف بێگەرد، رفیق سابیر، رەووف حەسەن، حسێن عارف، لەتیف هەڵمەت،.. هتد.

* پتر لە ١٧حەڤدە شانۆنامە-نمایشنامە-ی نووسیوە و وەریگێڕاوە و ئامادەی کردووە، لەوانە: نازدار و شوان، پەروانە، خۆرکە، چاوی ڤێتنام، پراوەی ژنهێنان، بووکە خان، مانگیش ئاوابوو.. هتد.

* چەندین موحازەرە، کۆڕی ئەدەبی و رۆشنبیری، کۆڕی رەخنەسازی بەدرێژایی ١٢ دوازدە ساڵ دەربارەی: شیعر، رەخنە، ئافرەتان، چیرۆك، ئەدەبی فۆلکۆری کوردی.. هتد، لە شارەکانی: سلێمانی، هەولێر، دهۆك، بەغدا ..هتد، پێشکەش کردووە.

* بەناوی هەمەجۆرەوە چەندین بەرهەمی ئەدەبی و رۆشنبیری و سیاسی لە رۆژنامە و بڵاوکراوە و گۆڤار و نەوارە نهێنییەکاندا بڵاوکردۆتەوە، وەکو نووسەری کوردستان، گزنگ.. هتد

* لە هاوینی ١٩٦٢ تا پاییزی ١٩٦٦ لەگەڵ دەستەی لاوانی هۆشیاری ئەو کاتەدا، دامەزرێنەری (کۆمەڵەی بوژاندنەوەی سامانی نەتەوایەتی کورد) بوو، کە کۆمەڵێکی ئەدەبی و هونەری بوو، باوەڕیان بە خەباتی ژێرزەمینیی ئەدیبان و هونەرمەندانی خێرخواز و پێشکەوتووی کوردبوو، تا بەرهەمی ئەدەبی و هونەری بەرەنگاری، بەشێوەی بڵاوکراوە و نامیلکەی دەستاودەست کردوو بەناو جەماوەردا بڵاوبکەنەوە، لەو لاوانەی ئەو سەردەمە: فەرەیدوون قادر، عەلی توانا، دارا شێخ نوری شێخ ساڵح، عەبدورەزاق پشدەری، ئەکرەم قەرەداغی، عومەر ساڵح، جەلال محەمەد، جەلال مەهدی، محەمەد ئەکرەم کەریم، عەبدوڵڵا عەباس، عومەر چاوشین.. هتد.

* شیعری بەرەنگاری گەلێك لە شاعیرانی عەرەب و ئەوروپایی لە عەرەبییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی لەوانە: موزەفەر نەواب، مەحموود دەرویش، سەمیح القاسم، پاپلۆ نێرۆدا، پۆل ئێلوار، فابتزارۆف، مایکۆفسکی، یەسەنین، کاڤاڤی.. هتد.

* لە ژیانی ئاشکرای ئەدەبیدا ئەم کتێبانەی لە چاپداوە:

١- فرمێسك و زەردەخەنە- شیعر .١٩٦٨

٢- یەکەم هەنگاو- پەخشان .١٩٧٣

٣- دڵدارانی شۆڕش- چیرۆك .١٩٧٣

٤- پێشوازی خاوەن شکۆ- رەخنە .١٩٧٣

٥- بن بە تیشك- شیعر .١٩٧٦

٦- بە پەنجەکانم دەتبینم- چیرۆك .١٩٧٧

٧- دێریاسین- چیرۆك .١٩٧٨

٨- سەمفۆنیای وەنەوشە- شیعر ١٩٨٠.

* لەدوو شانۆنامەدا وەك ئەکتەر بەشداری کردووە:

لانەوازان ١٩٧٣، پردی وڵات ١٩٧٤.

* لە فیلمێکی سینەماییی ١٢خولەکیدا وەك ئەکتەر بەشداری کردووە، فیلمی (ژیانی شوان، ١٩٧٢) بەرهەمی زانستگای سلێمانی.

* لە کاتی قوتابێتیدا لە زانستگای بەغدا ١٩٦٩-١٩٧٢ دامەزرێنەر و سەرۆکی تیپی شاڵاوی کەرکوکی هونەری بوو کە لە سەردەمی خۆیدا ڕۆڵێکی گرنگی دیاری بینی لە ناوەندی زانستگای بەغدا و موستەنسەرییەدا.

* لە ١٩٨٩/٢/١٢دا لە سلێمانی دەستگیر کراوە.

لە ١٩٨٩/٣/١٣دا لە ئەمنە سوورەکە شەهیدکراوە.

لەدوای راپەڕینەوە ئەم کتێبانەی بۆ چاپکراوە:

* پەلکە زێڕینەش نامۆ مەکەن-شیعر- پرۆژەی پاراستنی دەستنووسەکان/ سلێمانی

* یاداشتەکانی هاوڕێکەم-ڕۆمان- پرۆژەی پاراستنی دەستنووسەکان/ سلێمانی

* کۆبەرهەمی شیعریی - دەزگای ئاراس/ هەولێر.